ڕووداو
RÛDAW
ژمارە (536) دووشەممە 2018/12/31 – 10ی بەفرانبار 2718 (750) دینار

# ژنکوژێک تەنیا بە پێنج ساڵ بەندکردن سزا دەدرێ

**ڕووداو– هەولێر**

ژنێکی دانیشتووی هەولێر بەناوی تریفە سەردار، لەلایەن هاوژینەکەیەوە بە "ئەنقەست" دەکوژرێ، بەڵام لە دادگا بەپێی ماددەی کوشتنی "بە هەڵە" بە پێنج ساڵ بەندکردن سزادەدرێ.



فاخیر ئیسماعیل کە پارێزەری کەسوکاری تریفەیە، دەڵێت: "بەڵگە و راپۆرتی دادپزیشکی دەیسەلمێنن کە تریفە لەلایەن (س.ح)ی هاوژینی کوژراوە، دەبوو بەگوێرەی مادەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی سزا بدرێ، بەڵام لە دوایین دانیشتنی دادگا، دادوەر ماددەکەی گۆڕی بۆ 411 و گوتی: بەڵگەکان بەس نین، هیچ شایەتێک نییە.. لە هیچ قانوونێکدا نەبووە پیاوێک بە بەرچاوی منداڵەکانیەوە ژنەکەی بکوژێ و تەنیا پێنج ساڵ بەند بکرێ".

بەڵام سامی ڕۆژبەیانی، پارێزەری (س.ح) رەتیکردەوە تریفە کوژرابێ و دەڵێت خۆی کوشتووە. سامی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ماددەیەی کە ئەو پیاوەی پێ سزادراوە هیچ پەیوەندی بە کەیسەکەوە نییە، تەنیا لەبەر ئەو هۆکارە دادوەر بە مادەی 411 سزای دا، چونکە چەکەکەی لەنێو ئۆتۆمبێلەکە بووە. دادوەر ئەو بڕیارەی بۆیە داوە تاوەکو هاوسەنگی لەنێوان هەردوولا رابگرێ، ئەگەرنا دەبوو ئەو پیاوە ئازاد بکرێ".

12 »




دانیمارک ژنە شەڕڤانێکی کورد سزا دەدات
4

مامۆستا جەعفەر
(دیداری تەمەن)
بایەخی مێژوویی خۆی لەدەستدا
14

گرووپی قەیران:
تەعریبێکی نوێ لە کەرکووک دەستپێکردووە
6



ئابووری
8

باران ناهێڵێت جووتیاران زەوییەکانیان بکێڵن



ڕاپۆرت
4

شیعەکان دەگەڕێنەوە شنگال

ئەدەب
4

ئازاد سوبحی شاعیرێک لە شارێکی دژە ئەفلاتونیدا



کۆمەڵایەتی
13

لە سویسرا گەڕاوەتەوە و لە هەولێر کەوتووەتە سەر جادە



## هەردووکیان داوای جێگری سەرۆکی حکومەت دەکەن

# یەکێتی 35% و گۆڕان 12%ی پۆستەکانی حکومەتیان دەوێت

**ڕووداو – سلێمانی**

بزووتنەوەی گۆڕان، سەرقاڵی رووپێویی پۆستەکانی هەرێمی کوردستانە و دەیەوێ لە گەڕی نوێی دانوستاندنەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئەگەری بڕیاردان لەسەر بەشداریی لە حکومەت، بچێتە نێو وردەکاریی دابەشکردنی پۆستەکانەوە. یەکێتیش گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی پارتی 50 بە 50 پۆستەکانی لەگەڵ بەش ناکات.

هێمن شێخانی، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ بزووتنەوەکەیان بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە پۆستەکان و وردەکارییەکانی تەنیا بۆ ئەوە دەکات، لە ئەگەری بەشداریی لە حکومەت بەرکەوتەی هەڵبژاردنی خۆی داوا بکات نەک وەک لایەنی دیکە زیاد لە پێویست داوا بکات: "ئێمە 12 کورسیمان هەیە و 12%ی پۆستەکانی هەرێمی کوردستان بەرکەوتەی هەڵبژاردنی ئێمەیە لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەت". هەروەها ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی ئەو بزووتنەوەیە گوتی "12%ی پۆستەکان و جێگری سەرۆکی حکومەتمان داوا کردووە، لە چوارچێوەی ئەوەشدا وەزارەتی پێشمەرگە و سێ وەزارەتی خزمەتگوزاریمان بەردەکەوێ".



سەبارەت بە دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەت، ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە ئاگاداری وردەکاریی دانوستاندنەکانی حیزبەکەیەتی لەگەڵ پارتی، بە (ڕووداو)ی گوت: "لە دوایین دانیشتندا پارتی و یەکێتی نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، بەڵام لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا پەیوەندی تەلەفۆنی بەردەوام هەیە لە نێوانیاندا و ئەو شتانەی ناکۆکی هەبوو لەسەریان، لە ڕێگای تەلەفۆنەوە تاوتوێی دەکەن".

بەرپرسانی یەکێتی لە لێدوانەکانیان جەخت لەسەر هاوبەشی ڕاستەقینە لە حکومەت دەکەنەوە، ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە کە داوای فیفتی بە فیفتی لە پارتی بکەن. بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی رەتیدەکاتەوە "هاوبەشی ڕاستەقینە" کە حیزبەکەی داوای دەکات، مەبەست لێی 50 بە 50 بێت "ئێمە بە پارتیمان گوتووە پەنجا بە پەنجامان ناوێ. قۆناغەکە سەختە و دەزانین کە دەبێ رازی بین بەوەی پەنجا بە پەنجای بەرپرسیارێتییەکەش لە ئەستۆ بگرین، ئێمە 21 کورسیمان هەیە و واقیعێکی جوگرافیاش هەیە کە حوکمی تێدا دەکەین، هەردوو دۆخەکە لەیەک دەدەین و دەکاتە 35%ی پۆستەکان و ئەوەمان بەسە". ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی گوتیشی "سەد لە سەد کاک قوباد دەبێتە جێگری سەرۆکی حکومەت".

3

# ژنێکی کورد لە سوێد دەکوژرێ

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

ژنێکی کوردی دانیشتووی سوێد دەدرێتە بەر چەقۆ و بریندار دەکرێ، تا دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیانی دەردەچێ. پۆلیسی شاری یۆتۆبۆری دەڵێت گومانلێکراوەکە ناسیاوی قوربانییەکە بووە.

هەفتەی ڕابردوو، ژنێکی تەمەن 37 ساڵ بەناوی (پەیمان. ئا) کە کوردی باشووری کوردستانە و ساڵانێکە لە سوێد دەژی، لەلایەن هاوژینی پێشوویەوە بە چەقۆ کوژرا. بەگوێرەی ڕاپۆرتی پۆلیس، هەفتەی ڕابردوو لە گەڕەکی Mölnlycke لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری یۆتۆبۆری، ژنێکی نزیک 40 ساڵان، بە نیوە مردوویی دۆزراوەتەوە و تا گەیەندراوەتە نەخۆشخانە، گیانی دەرچووە، گومانلێکراوی سەرەکیی ڕووداوەکەش کەسی ناسراوی قوربانییەکە بووە. تۆمی نیومان، بەرپرسی میدیایی پۆلیسی یۆتۆبۆری ڕایگەیاند: "ژنەکە لە نزیک ماڵەکەی خۆی و لەکاتی هاتنە دەرەوەی بۆ سەر کار، لەلایەن کەسێک بە چەقۆ هێرشی کراوەتە سەر". نیومان ڕاشیگەیاند کە گومانلێکراوی سەرەکیی تاوانەکە پیاوێکی نزیک 50 ساڵانە و دەستگیرکراوە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) ئەو ژنە خەڵکی باشووری کوردستانە و زیاتر لە 20 ساڵە لە سوێد دەژی. پەیمان، زیاتر لە 7 ساڵە بە فەرمی لە هاوسەرەکەی جیابووەتەوە و خاوەنی دوو منداڵ بوون.

کەسێکی نزیک لە هەردووکیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پەیمان و هاوژینی پێشووی، هیچ کێشەیەکی زەق لە نێوانیاندا نەمابوو". بەڵام وەک دەڵێت: "بەهۆی ئەوەی کەسێکی سوێدی لە ژیانی پەیماندا هەبووە، هاوژینەکەی پێشووی هەڕەشەی لێکردووە". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: "(ر.د) هاوژینی پێشووی پەیمان، هەر بە هیوای ئەوە بووە ڕۆژێک لە ڕۆژان بچێتەوە لای پەیمان، ئەمەش زیاتر جوڵاندوویەتی بۆ تاوانێکی لەو شێوەیە".



2

# 45 هەزار گەشتیار شەوی سەری ساڵ لە دهۆک دەبن

**ڕووداو– دهۆک**

بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری دهۆک ئاماری ئەو گەشتیارانەی ئاشکراکرد بۆ سەری ساڵ لە شاری دهۆک دەبن و دەڵێت پێشبینی دەکەین 45 هەزار گەشتیار بۆ شەوی سەری ساڵ ڕوویان لە دهۆک بکەن.

عوبەیدوڵڵا داود، بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزاری دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دهۆک بە شارێکی گەشتیاری ناسراوە، ئامانجی ئێمەش رازیکردنی گەشتیارانە، بۆیە بڕیارمان دا ئاهەنگێکی کراوە لە پارکی نەورۆز لە سەنتەری شاری دهۆک ڕێکبخەین. ئاهەنگەکەش بەبێ بەرامبەرە".

بەپێی پلانی دەستەی گەشتوگوزار ئەوان لە هەموو بۆنەیەکدا پێنج ڕۆژ پێش بۆنەکە و پێنج ڕۆژ دوای بۆنەکە، واتە 10 ڕۆژ ئاماری گەشتیاران وەردەگرن. لە 25ی مانگیشەوە دەستیان کردووە بە وەرگرتنی ئاماری هاتنی گەشتیاران و تاوەکو 5ی کانوونی دووەمی 2019 ئاماری گەشتیاران وەردەگرن.

عوبەیدوڵڵا داود دەڵێت: "بەپێی ئەو ئامارەی لە بازگەکان وەرمانگرتووە، لە ماوەی سێ ڕۆژدا 10 هەزار گەشتیار لە پارێزگاکانی عێراق و دەرەوە گەیشتوونەتە شاری دهۆک، ڕۆژانەش نزیکەی 4000 گەشتیار ڕوویان لە دهۆک کردووە و پێشبینی دەکەین 45 هەزار گەشتیار بۆ سەری ساڵ ڕوو لە دهۆک بکەن".

جگە لەو ئاهەنگە جەماوەرییەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری دهۆکەوە ڕێکخراوە، چەندین ئاهەنگی تایبەت و خێزانیش بەڕێوەدەچن. بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری دهۆک دەڵێت: "بەپێی زانیارییەکانمان لە 35 شوێن، لەوانەش هوتێل و کافتریاکانی سەنتەری شاری دهۆک بەبۆنەی سەری ساڵەوە ئاهەنگ دەگێڕن". بەپێی زانیارییەکانی گەشتوگوزار 200 گۆرانیبێژ بەشداری لەو ئاهەنگانە دەکەن کە 100یان بیانین.

2

## 80 کۆمپانیای عێراقی گەشتیار دەهێننە هەرێمی کوردستان

**رووداو- هەولێر**

بۆ سەری ساڵی تازە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە زیاتر لە 80 کۆمپانیا گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان دەهێنن. جیاواز لە ساڵانی رابردووش بۆ ئەمساڵ گەشتیاری ئێرانی بە گرووپ دێنە کوردستان. مەولەوی جەبار، سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، لە رۆژانی پێش سەری ساڵدا هاتنی گەشتیاری عێراقی بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەردەوامە. گوتیشی: "بۆ ئەم سەری ساڵە لە شارەکانی عێراقەوە زیاتر لە 80 کۆمپانیا گەشتیاری، گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان دەهێنن، جگە لەوەش گەشتیارێکی زۆر بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان هاتوونەتە کوردستان".



راپۆرتە هەواڵ
رووداو
ژمارە (536) - دووشەممە 2018/12/31

### حەوت ساڵ بوو لەیەک جیابووبوونەوە

# ژنێکی کورد لە سوێد لەلایەن مێردی پێشوویەوە دەکوژرێ



پەیمان لەگەڵ دوو منداڵەکەی

**رووداو – ستۆکهۆڵم**

ژنێکی کوردی دانیشتووی سوێد لەلایەن مێردی پێشوویەوە دەدرێتە بەر چەقۆ و بریندار دەکرێ، تا دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیانی دەردەچێ، بکوژ دوای رووداوەکە خۆی رادەستی پۆلیس کردووە، پۆلیس دەڵێت گومانلێکراوەکە ناسیاوی قوربانییەکە بووە.

هەفتەی رابردوو، ژنێکی تەمەن 37 ساڵ بەناوی (پەیمان. ئا) کە کوردی باشووری کوردستانە و ساڵانێکە لە سوێد دەژی، لەلایەن هاوژینی پێشوویەوە بە چەقۆ کوژرا.

ئەگەرچی لە هیچ ناوەندێکی فەرمی و میدیایی ئەو وڵاتە باس لە رەچەڵەکی ئەو ژنە نەکرا، بەڵام لە نێو رەوەندی کوردی دەنگی داوەتەوە و چالاکڤانانی سوێدیش بە کوشتن بە پاساوی شەرەفی دەبەستنەوە.

وەک لە راپۆرتی پۆلیسیشدا هاتووە، هەفتەی رابردوو لە گەڕەکی Mölnlycke لە باشووری رۆژهەڵاتی شاری یۆتۆبۆری، ژنێکی نزیک 40 ساڵان، (بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس) بە نیوە مردوویی دۆزراوەتەوە و تا گەیەندراوەتە نەخۆشخانە، گیانی دەرچووە، گومانلێکراوی سەرەکیی رووداوەکەش کەسی ناسراوی قوربانییەکە بووە.

لە رۆژی رووداوەکەدا پۆلیس لە نزیک شوێنی رووداوەکە دوو گومانلێکراوی دەستگیرکردبوو، ئێوارەی هەمان رۆژیش بکوژی ژنەکەی دەستگیر کرد.

تۆمی نیومان، بەرپرسی میدیایی پۆلیسی یۆتۆبۆری رایگەیاند "ژنەکە لە نزیک ماڵەکەی خۆی و لەکاتی هاتنە دەرەوەی بۆ سەر کار، لەلایەن کەسێک بە چەقۆ هێرشی کراوەتە سەر و هەوڵەکانی پۆلیس بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە بەردەوامە". نیومان راشیگەیاند کە گومانلێکراوی سەرەکیی تاوانەکە پیاوێکی نزیک 50 ساڵانە و دەستگیرکراوە. بەڵام پۆلیس هیچی لەبارەی ناو و رەچەڵەکی قوربانییەکە و تۆمەتبارەکە بڵاونەکردووەتەوە، بەبیانووی ئەوەی رووداوەکە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە.

بەڵام بەپێی سەرچاوە تایبەتەکانی رووداو، ئەو ژنە خەڵکی باشووری کوردستانە و زیاتر لە 20 ساڵە لە سوێد دەژی. پەیمان، زیاتر لە 7 ساڵە بە فەرمی لە هاوسەرەکەی جیابووەتەوە و خاوەنی دوو منداڵ بوون. کەسێکی نزیک لە هەردووکیان بە (رووداو)ی راگەیاند: "پەیمان و هاوژینی پێشووی، هیچ کێشەیەکی زەق لە نێوانیاندا نەمابوو". بەڵام وەک دەڵێت: "بەهۆی ئەوەی کەسێکی سوێدی لە ژیانی پەیماندا هەبووە، هاوژینەکەی پێشووی هەڕەشەی لێکردووە". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: "(ر.د) هاوژینی پێشووی پەیمان، هەر بە هیوای ئەوە بووە رۆژێک لە رۆژان بچێتەوە لای پەیمان، ئەمەش زیاتر جوڵاندوویەتی بۆ تاوانێکی لەو شێوەیە".

پەیمان دوای جیابوونەوەی لە (ر.د) هۆشداری پێدابوو کە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵی نەماوە و توخنی نەکەوێ، بەڵام (ر) پلانێکی درێژخایەنی بۆ داناوە و لە رێگەی پەیداکردنی کار لە نزیک ئەو شوێنەی پەیمان لێی ژیاوە، چاودێریی کردووە و دواجار توانیویەتی شوێنەکەی بدۆزێتەوە.

هەر بەپێی سەرچاوە تایبەتەکەی (رووداو)، دوای تاوانەکە (ر) خۆی تەسلیم کردووە و تاوانەکەشی بە چەقۆ کردووە نەک دەمانچە، وەک لە بەشێک لە میدیاکاندا بڵاوکراوەتەوە.

ئانا سڤانسۆن، چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ بە (رووداو)ی گوت: "کوشتن بە پاساوی پاراستنی نامووس تا ئێستا لە سوێد هەیە و زۆربەی رووداوەکانیش پەیوەندی بەو کەسانەوە هەیە کە لە دەرەوەی سوێدەوە هاتوون".

گوتیشی: "رووداوی کوشتنی ئەو ژنە سەد لەسەد پەیوەندی بە کولتووری نامووسپەرستییەوە هەیە".

پێشتر میدیا و چالاکڤانانی سوێد ئەو تاوانانەیان زۆر زەق دەکردەوە کە لەلایەن پەنابەرانی ئەو وڵاتەوە دەکران، بەڵام ئێستا خۆیان لە ئاشکراکردنی ناو و رەچەڵەکی تاوانباران دەپارێزن.

هانا ئەنوەر، چالاکڤانێکی کوردی سوێد، دەڵێت: "تا ئێستا میدیاکانی سوێد رێزیان لە مافی کەسی و پاشخانی کۆمەڵایەتی قوربانی و تاوانبارەکە گرتووە کە باس لە رەچەڵەک و خێزانی ناکەن، بەڵام ئەم رووداوانە بۆخۆی کاریگەرییان لەسەر سومعەی کورد و رەوەندی کوردی لە سوێد و ئەورووپا هەیە و جێگەی داخە".

گوتیشی: "چ لەلایەن سوێدییەکان، چ بەشێک لەو رێکخراوانەی حەزیان بە کورد نییە، کار لەسەر ئەوە دەکرێت، هاوشێوەی پێلا و فادیمە و قوربانییەکانی دیکە، لەژێر ناوی کولتووری نامووسپەرستی لە کۆمەڵگەی کوردی بدەن".

وێڕای بەرزبوونەوەی رووداوەکانی کوشتنی ژنان بە پاساوی شەرەف لە سوێد و ئەورووپا، بەڵام لەماوەی سێ ساڵی رابردوو دا کەمترینی ئەو تاوانانە لەناو رەوەندی کوردی تۆمار کراوە.

### 100 گۆرانیبێژی بیانی ئاهەنگ دەگێڕن

# 45 هەزار گەشتیار شەوی سەری ساڵ لە دهۆک دەبن

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

گەشتیاران پۆل پۆل روو لە دهۆک دەکەن، هەر لە ئێستاوە لە مۆتێل و هوتێلەکان شوێن بۆ خۆیان دەگرن. لە زۆر شوێنی دهۆک ئاهەنگ ساز دەکرێ، یەکێکیان ئاهەنگێکی جەماوەرییە و بێ بەرامبەرە. نزیکەی 200 گۆرانیبێژ لەو ئاهەنگانە گۆرانی دەڵێن کە 100 هونەرمەندیان بیانین.

جیاواز لە ساڵانی رابردوو، ئامادەکارییەکی زۆر بۆ ئاهەنگەکانی سەری ساڵ لە دهۆک کراوە. لە 35 شوێن ئاهەنگی تایبەت، خێزانی و جەماوەری دەکرێن. لەوانەش ئاهەنگێکی جەماوەری بەبێ بەرامبەر لە پارکی نەورۆز لە سەنتەری شاری دهۆک.

عوبەیدوڵڵا داود، بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزاری دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند: "دهۆک بە شارێکی گەشتیاری ناسراوە، بۆیە لە زۆربەی بۆنەکاندا خەڵکێکی زۆر رووی تێدەکەن، ئامانجی ئێمەش رازیکردنی گەشتیارانە، بۆیە بڕیارمان دا ئاهەنگێکی کراوە لە پارکی نەورۆز لە سەنتەری شاری دهۆک رێکبخەین. ئاهەنگەکەش بەبێ بەرامبەرە و هەموو کەس دەتوانێ بەشداری تێدا بکات".

بە گوتەی عوبەیدوڵڵا، لەو شەوە ئاهەنگە جەماوەرییەدا شەش هونەرمەند بەشداری دەکەن، لەوانەش عەبدولقەهار زاخۆیی کە هونەرمەندێکی ناسراوی کوردستانە. هەروەها خانمە گۆرانیبێژێکی لوبنانیش بەشداری لە ئاهەنگەکەدا دەکات.

عوبەیدوڵڵا ئاماژەی بەوەدا کە ئامادەکارییەکی تەواویان کردووە بۆ پێشوازی لەو گەشتیارانەی بەنیازن شەوی سەری ساڵ لە دهۆک بمێننەوە. 10 تیمیان رێکخستووە کە لە بازگەکان پێشوازی لە میوانەکان دەکەن و رێنمایی بەسەر گەشتیاراندا دابەش دەکەن.

بەپێی پلانی دەستەی گەشتوگوزار ئەوان لە هەموو بۆنەیەکدا پێنج رۆژ پێش بۆنەکە و پێنج رۆژ دوای بۆنەکە، واتە 10 رۆژ ئاماری گەشتیاران وەردەگرن. لە 25ی مانگیشەوە دەستیان کردووە بە وەرگرتنی ئاماری هاتنی گەشتیاران و تاوەکو 5ی کانوونی دووەمی 2019 ئاماری گەشتیاران وەردەگرن.

عوبەیدوڵڵا داود دەڵێت: "بەپێی ئەو ئامارەی لە بازگەکان وەرمانگرتووە، لە ماوەی سێ رۆژدا 10 هەزار گەشتیار لە پارێزگاکانی عێراق و دەرەوە گەیشتوونەتە شاری دهۆک، پێشبینی دەکەین ژمارەی گەشتیاران لەشەوی سەری ساڵدا بگاتە 45 هەزار گەشتیار".

**خاوەنی هۆڵێک**

**نرخی بلیتی ئاهەنگی هۆڵەکان گەیشتووەتە 100 دۆلار**

جگە لەو ئاهەنگە جەماوەرییەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری دهۆکەوە رێکخراوە، چەندین ئاهەنگی تایبەت و خێزانیش بەڕێوەدەچن کە بەشێکیان تایبەت بە کریستیانەکانی سنووری پارێزگای دهۆکن.

بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری دهۆک دەڵێت: "بەپێی زانیارییەکانمان لە 35 شوێن، لەوانەش هوتێل و کافتریاکانی سەنتەری شاری دهۆک بەبۆنەی سەری ساڵەوە ئاهەنگ دەگێڕن، چوار لەوانە تایبەت دەبن بە کریستیانەکانی شاری دهۆک. هەروەها لە ئاکرێ و زاخۆ و ئامێدی و شوێنەکانی دیکەش ئاهەنگی تایبەت دەکرێن".

بەپێی زانیارییەکانی گەشتوگوزار 200 گۆرانیبێژ بەشداری لەو ئاهەنگانە دەکەن کە 100یان بیانین. لە هونەرمەندە دیارەکانی دهۆک، عەبدولقەهار زاخۆیی لە دهۆک ئاهەنگ دەگێڕێ، بڵند ئیبراهیم لە ئەورووپا و هەڤاڵ ئیبراهیمیش لە هەولێر.

خاوەن هۆڵ و هوتێلەکان دەڵێن ئەمساڵ گەشتیارێکی زۆر روویان لە دهۆک کردووە و هەر لە ئێستاوە شوێنیان بۆ خۆیان دابین کردووە.

سیهاد زاویتەیی، خاوەنی هۆڵی رۆز لە شاری دهۆک، بۆ شەوی سەری ساڵ ئاهەنگێکی خێزانی لە هۆڵەکەی رێکخستووە. سیهاد بە (رووداو)ی گوت "ئەمساڵ بازاڕی هۆڵەکان بۆ شەوی سەری ساڵ زۆر گەرمە، لە زۆربەی هۆڵەکان ئاهەنگ هەیە، هۆڵەکەی ئێمەش ئاهەنگی هەیە، نرخی هەر مێزێک 50 هەزار دەبێ. هەر لە ئێستاوە نیوەی مێزەکان فرۆشراون". سەبارەت بە میوانەکانیش گوتی "زۆربەی میوانەکانمان خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستانن و میوانی بیانیشی تێدان".

نرخی بەشداری لە ئاهەنگەکان بە گوێرەی ئەستێرەی هوتێل و هۆڵەکان، هەروەها ئەو هونەرمەندانەی بەشداری لە ئاهەنگەکان دەکەن، لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە. سیهاد دەڵێت: "لە هەندێک هۆڵی دهۆک بەهای بلیت بۆ یەک کەس گەیشتووەتە 100 دۆلار".

بەڵام سەندیکای هونەرمەندانی دهۆک دژی هێنانی گۆرانیبێژی بیانییە بۆ ئاهەنگەکانی سەری ساڵ. ئەڤین حوسێن بەرپرسی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان- لقی دهۆک بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە لەگەڵ هێنانی هونەرمەندانی بیانی نین بۆ ئاهەنگەکانی سەری ساڵ، رێنمایی تایبەت بە خۆمان هەیە بۆ هێنانی هونەرمەندی بیانی بۆ ئاهەنگەکان. ئەو کافێ و هۆڵ و هوتێلانەی هونەرمەندی بیانی دێنن، دەبێ باج بدەنە سەندیکا، ئەمە لە هەموو وڵاتان وایە، تەنیا لە کوردستان نەبێ".

### سەدان جار شوێنەکەی داخراوە

# وەزارەتی تەندروستی دەرەقەتی شێخ حوسێن نایەت

**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

پیاوێک لە چەمچەماڵ کە خۆی وەک چارەسەرکارێکی گیایی دەناسێنێ، چەندین رێگەی جیاواز بەکاردەهێنێ بۆ چارەسەری نەخۆشی، بەڵام وەزارەتی تەندروستی پێیوایە ئەو کارانەی ئەو هیچ بنەمایەکی زانستییان نییە و ئەرکی وەزارەتی ناوخۆ و قایمقامیەتی چەمچەماڵە رووبەڕووی ببنەوە.

حوسێن مستەفا محەممەد، تەمەنی 50 ساڵە و بە شێخ حوسێن ناوبانگی دەرکردووە. ئەو دەڵێت 21 ساڵە نەخۆش لەڕێگەی دەرمانی گیایی و شێوازی جیاواز چارەسەر دەکات، ئەو بە (رووداو)ی گوت: "لە ساڵی 1997ـەوە ئەو کارەکە دەکەم و لە ساڵی 2005ـەوە سەنتەری دەرمانی گیاییم لە چەمچەماڵ داناوە، بڕوانامەی کۆمەڵەی رووەکناسانی کوردستان، وەزارەتی تەندروستیی عێراق. ئەکادیمیای میسر و ئێرانیشم هەیە".

ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە یەک خولەکەدا چارەسەری نەخۆشیی شەقیقە دەکات و دەڵێت: "بۆ چارەسەری ئەو کەسانەی تووشی شەقیقە بوون، نەشتەرێکی باریکی نەشتەرگەری یان مووسێک بەکاردەهێنم و چەند شوێنێکی نێوچەوانی بریندار دەکەم، دوای یەک خولەک شەقیقەکە و ژانە سەرەکەی نامێنێ و بۆ هەتا هەتایە چاک دەبێتەوە، ئەم بیرۆکەیەشم لەوەوە وەرگرتووە کە لە سەردەمی فیرعەونەکان، هەر کەسێک شەقیقەی هەبووایە، لەم رێگەیەوە چارەسەریان کردووە".

**کارەکانی شێخ حوسێن مەترسین بۆ سەر تەندروستیی گشتی**

**وەزارەتی تەندروستی**

شێخ حوسێن ئامێرێکی هەڵواسینی مرۆڤی داناوە و دەڵێت نەخۆشی فەقەراتی پشتیش چارەسەر دەکات: "ساڵی 1997 پزیشکێکی تایبەتمەندی فەقەرات شێوازی چارەسەری فەقەراتی فێرکردم، ئەویش هەڵواسینی سەرەوخواری مرۆڤ بوو، رێگاکەم بەکارهێنا کە نەخۆشەکە حەوت رۆژ و رۆژانە 7 خولەک هەڵدەواسم و کێشەی فەقەراتی نامێنێ".

بەڵام وەزارەتی تەندروستی کارەکانی شێخ حوسێن رەتدەکاتەوە و پێیوایە ئەو کارانە مەترسین بۆ سەر نەخۆش و تەندروستی گشتی. خاڵس قادر، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی تەندروستی بە (رووداو)ی گوت: "ئەو کارانەی ئەو پیاوە دەیکات زانستی نین و مەترسین بۆ سەر تەندروستیی نەخۆشەکە و تەندروستی گشتیش، بۆیە پێشتر لەڕێگەی قایمقامیەتەوە شوێنەکەیمان داخستووە".

دکتۆر خاڵس قادر گوتیشی: "لەبەرئەوەی ئەو کەسانە پزیشک نین و مۆڵەتیان لە ئێمە وەرنەگرتووە، بۆیە ناتوانین راستەوخۆ لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەین، بۆیە ئەرکی وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگا و قایقامیەتەکانە رووبەڕوویان ببنەوە، داواش لە هاووڵاتییان دەکەین چارەسەر و دەرمانەکانیان بەکارنەهێنن، بەتایبەتی ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، چونکە زیانی بۆ کەسەکە و تەندروستیی گشتی هەیە، هەروەها هەڵخەڵەتاندنی خەڵکیشە".

رێبەر رۆستەم، سەرۆکی رێکخراوی جانۆدێرما بۆ پزیشکی تەواوکاری، کە مۆڵەتی فەرمی لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان وەرگرتووە، بە (رووداو)ی گوت: " ئەم کەسە بە شفرە و مووس نێوچەوانی نەخۆشەکان بریندار دەکات گوایە فشار لە سەری کەم دەکاتەوە و شەقیقەکەی چارەسەر دەکات، ئەمە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە و تەنیا بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵک و گەرمکردنی بازاڕی خۆیەتی".

حکومەت چەندینجار شوێنەکەی بە شێخ حوسێن داخستووە، بەڵام ئەو کە خۆی بە "حەکیم" ناودەبات، پێیوایە خزمەتی خەڵک دەکات، بۆیە دژایەتی دەکرێت: "وەزارەتی تەندروستی دژایەتیمان دەکەن، سەدان جار شوێنەکەمان داخراوە، تەنانەت بەهۆی چارەسەرکردنی شەقیقەی نەخۆشەکانیش ماوەی 7 مانگ شوێنەکەیان داخستین، ئێستا رێگەمان پێنادەن بیکەین، لەبەرئەوەی بە پارەیەکی کەم دەیکەین، تەنانەت پارە لە خەڵکی هەژار و پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدانیش وەرناگرین".

لە چەند رۆژی رابردوودا شێخ حوسێن گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە کە تێیدا لەگەڵ کەسێکی دیکە بە چنگ جۆرە گۆیژێک دەخۆن، داواش دەکات خەڵک و بەتایبەت ئەوانەی نەخۆشیی دڵیان هەیە بیخۆن، لەبارەی گرتە ڤیدیۆییەکە بە (رووداو)ی گوت :"لە کۆنەوە بۆ ئەوانەی کێشەی دڵیان هەیە بەکارهێنراوە، نەخۆشەکە لە ماوەیەکی کەمدا چاکبووەتەوە، بۆیە لە ئەڵمانیا توێژینەوەی لەسەر کرا و دەرکەوت هەموو کێشەکانی دڵ، گوشاری خوێن و تەنگەنەفەسیش لە ماوەی 3 رۆژدا ناهێڵێ، تەنانەت چەوریی خوێنیش دەتوێنێتەوە و دەمارەکانیش پاک دەکاتەوە، بۆیە بەشێوەی حەب دروستیان کردووە و ئێستا من دەیدەمە نەخۆشەکانم".

بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆکە، رێکخراوی جانۆدێرما هۆشدارییان دا، رێبەر رۆستەم بە (رووداو)ی گوت: "ناساندن و وەسفکردنی لەڕادەبەری ئەم جۆرە رووەکە بێ مەرام نییە، بەتایبەت کە ئەو دەڵێت بەشێوەی حەب لەلای من هەیە، هەروەها بێجگە لە سوودەکانی، زیانیشی هەیە. ئەگەر بە وریاییەوە بەکارنەهێنرێت دەبێتە هۆی دروستبوونی نەخۆشی هیمۆفیلیا لەو کەسانەی نەخۆشیی دڵیان هەیە، ناشبێت لەگەڵ دەرمانی نەخۆشیی دڵ بخورێت، چونکە مەترسی بۆ سەر نەخۆشەکە دروستدەکات، هەروەها بەهیچ شێوەیەکیش بۆ ئافرەتی دووگیان نابێت. ئەو کەسانەشی کێشەی برینی گەدە یان هەستیاریی گەدەیان هەیە نابێت بیخۆن، چونکە سکچوون و رشانەوە دروستدەکات، بەڵام ئەو کەسە باسی ئەوانەی نەکردووە".



## ئەنجوومەنی ئاسایش: گاڵتەجاڕانەیە ڕژێمی سووریا باسی تیرۆر بکات

**ڕووداو- هەولێر**

ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئەوەی هەندێک میدیای سەر بە سووریا ناوی مەسروور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانیان لە لیستی ئەو ناوانە هێناوە کە هاوکاریی ئۆپۆزیسیۆنی سووریيان کردووە. ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایدەگەیێنێت "مایەی گاڵتەجارییە ڕژێمێکی شۆڤێنی و سەرکوتکار و دژە کورد، کە بۆ مانەوەی خۆی پاڵپشتیی تیرۆریستانی کرد تاوەکو وەکو بەدیلێکی باشتر لە توندڕۆکان خۆی بنوێنێت، باسی تیرۆر بکات". ئەنجوومەنی ئاسایش هەروەها دەڵێت "ڕژێمێک چەکی قەدەخەکراوی دژ بە خەڵکی سیڤیل بەکارهێنابێت و بە سەدان هەزار هاووڵاتیی سووریای خەڵتانی خوێنکردبێت و بە ملیۆنانی دیکەی ئاوارە کردبێت، دەبێت چ ئیعتبارێکی هەبێت تا بانگەشەی دروستکردنی لیستێکی وا بکات؟!".

### ڕووپێوی پۆستە گەورە و بچووکەکانی هەرێمی کوردستان دەکات

# گۆڕان جێگری سەرۆکی حکومەت و 12%ی پۆستەکانی دەوێت

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بزووتنەوەی گۆڕان، سەرقاڵی ڕووپێویی پۆستەکانی هەرێمی کوردستانە و دەیەوێ لە گەڕی نوێی دانوستاندنەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئەگەری بڕیاردان لەسەر بەشداریی لە حکومەت، بچێتە نێو وردەکاریی دابەشکردنی پۆستەکانەوە. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ: "جێگری سەرۆکی حکومەت، بەرکەوتەی هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕانە و ئەوەش بە پارتی گوتراوە".

ڕۆژی 2018/12/19 شاندی دانوستاندنکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ گفتوگۆ لەبارەی قۆناغی پاش هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی حکومەت کۆبوونەوە. لەدوای کۆبوونەوەکەش ڕاگەیێندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە کە لە بەشێکیدا هاتووە: "کۆبوونەوەکە لە کەشوهەوایەکی بەرپرسانە و بە ئومێدی کارکردنی هاوبەش بەڕێوەچوو، هەردوولا جەختیان لەوە کردەوە کە پرۆسەی گفتوگۆ بەردەوامە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو خاڵە هاوبەش و زۆرانەی لە ڕوانگەی هەردوو شاند هەیە بۆ بەرنامەی کابینەی حکومەت بە ئامانجی باشترکردنی بژێوی خەڵک و چاکسازیی ڕیشەیی لە هەموو بوارەکان".

بزووتنەوەی گۆڕان، دەستیکردووە بە ڕووپێوی بۆ هەموو پۆستەکانی هەرێمی کوردستان. بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە بەرپرسێکی بزووتنەوەکە وەریگرتووە "لە سەرۆکی حکومەتەوە تاوەکو دەگاتە بەڕێوەبەری ناحیەکان، هەر لە زاخۆوە تاوەکو خانەقین، وردەکاریی ئەو پۆستانە و لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا بەدەست کام لایەنەوە بوون و لەم کابینە نوێیەدا بەپێی بەرکەوتەی حیزبەکان چۆن دابەش دەکرێنەوە".

نەسرەدین مەحموود، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، ئەو ڕووپێوییەی گۆڕان کردوویەتی لە چوارچێوەی ئەو ئامادەکارییانەیە کە بزووتنەوەکە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دەستیانپێکردووە بۆ پرسی پێکهێنانی حکومەت: "ئەگەر گۆڕان بڕیاربێت بەشداریی لە حکومەت بکات، دەبێ بە ژمارە و داتا بەرچاوی ڕوون بێت هەرێمی کوردستان چەند پۆستی هەیە".

گوتیشی: "ئێمە کە دوو ئیدارەیی و پەنجا بە پەنجا و دابەشکاریی حیزبی ڕەتبکەینەوە، بێگومان دەمانەوێ لە هەموو کوردستان پۆستمان هەبێ. بۆ ئەوەی ڕووکاری دوو ئیدارەیی نەمێنێ و تێکبشکێنرێ، تەنانەت دەمانەوێ لە بەغداش وەک براوەی هەڵبژاردن بە وەرگرتنی پۆست و خزمەتکردن بەشداری بکەین".

بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێن لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوانەی پێشتر کردوویانە، دەرکەوتووە کەشوهەوای گفتوگۆ لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان ئەرێنیتر و گونجاوتر بووە لەو کۆبوونەوانەی لەگەڵ یەکێتی بەڕێوەچوون. بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان هۆکاری ئەوە باس دەکات و دەڵێ: "یەکێتی پاکێجی دیکە تێکەڵ بە پێکهێنانی حکومەت دەکات، بۆ نموونە وەزارەتێکی بەغدا و پارێزگاری کەرکووک، بەڵام ئەوەی گۆڕان لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ ئێمە باسی دەکات، پرسیارە لەبارەی بەرنامەی حکومەت و گۆڕان چی بەردەکەوێ و چۆن وەک هاوبەشی ڕاستەقینە دەرفەتی بەشداریی دەبێت".

بزووتنەوەی گۆڕان لە چوار ساڵی یەکەمی دەستبەکاربوونی وەک هێزێکی سیاسی نوێ، ئۆپۆزسیۆنبوونی هەڵبژارد و نەچووە نێو پرۆسەی گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەت. چوار ساڵی دواتر، هەرچەندە کورسییەکانی خۆی بەدەستهێنابووەوە، ڕێکخەری پێشووی بزووتنەوەکە هەرزوو بە "چوار ساڵی ئارام" دەرگای لەسەر دانوستاندن کردەوە بۆ ئەوەی ئەزموونێکی دیکە لەنێو دەسەڵات تاقیبکەنەوە. بەڵام لەنیوەی ڕێگا لەگەڵ هاوبەشە سەرەکییەکەیان، واتە پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا تووشی کێشە هاتن و دەرگاکانیان لەسەر یەکتری داخست و دوو ساڵی دواتری حکومەتیان جێهێشت بۆ پارتی و یەکێتی.

ڕۆژی 2018/12/12 شاندێکی باڵای خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەولێر لەگەڵ شاندێکی باڵای پارتی کۆبوونەوە، دواتر لە ڕاگەیێندراوی هاوبەشی کۆبوونەوەکەدا ئاشکرایان کرد کە لەسەر چوار خاڵ ڕێککەوتوون، یەکێک لەوانە نۆژەنکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیانە.

هێمن شێخانی، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ بزووتنەوەکەیان بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە پۆستەکان و وردەکارییەکانی تەنیا بۆ ئەوە دەکات، لە ئەگەری بەشداریی لە حکومەت بەرکەوتەی هەڵبژاردنی خۆی داوا بکات نەک وەک لایەنی دیکە زیاد لە پێویست داوا بکات: "لە هەڵبژاردنی پێشوو ئێمە لایەنی دووەم بووین و یەکێتی سێیەم بوو، بەڵام پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتیان پێدرا لە کاتێکدا حکومەت یەک جێگری هەبوو، ئێستا کە گۆڕان لایەنی سێیەمە، بە هەموو پێوەرێک پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت بەرکەوتەی گۆڕانە و داوای دەکەین".

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت: "پرسی جێگری سەرۆکی هەرێم و کاراکردنەوەی بابەتەکە لێدەگەڕێین بۆ پەرلەمان و ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکان، چونکە ئەوە بە یاسا دادەڕێژرێتەوە، بەڵام ئێمە 12 کورسیمان هەیە و 12%ی پۆستەکانی هەرێمی کوردستان بەرکەوتەی هەڵبژاردنی ئێمەیە لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەت".

هەرچەندە جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیدا شاندی دانوستاندکاری خۆی سەرپشک کرد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ پارتی و بڕیاری بەشداریی بزووتنەوەکەیان هێشتەوە بۆ ڕازیبوون لە ڕەوتی گفتوگۆکان، بەڵام وەک نەسرەدین مەحموود، باسی دەکات، ڕازیبوون لە گفتوگۆکان بەمانای ئەوە دێت "لە بەرنامەی حکومەت ڕازیبین و حکومەتەکە حکومەتێکی جددی بێت و ژیان و گوزەرانی خەڵک باشتر بکات".

گوتیشی: "ئێمە بەڕاستی دەمانەوێ لە کابینەی نوێدا بە کردەیی دوو ئیدارەیی نەمێنێ و بە کردەییش بەشداریی ڕاستەقینەی لایەنەکان لەو حکومەتەدا ببینین، ئەوەش کارێکی سەخت نییە ئەگەر بتوانین لەسەری ڕێکبکەوین".

تاوەکو ئێستا لەو دوو گەڕەی گفتوگۆکان کە بەڕێوەچوون، ئاماژەکان زۆرتر بەرەو ئەوە دەچن کە هەریەکە لە پۆستی جێگرێکی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی هەرێم بدرێنە بزووتنەوەی گۆڕان. بەڵام ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی ئەو بزووتنەوەیە گوتی "12%ی پۆستەکان و جێگری سەرۆکی حکومەتمان داوا کردووە، لە چوارچێوەی ئەوەشدا وەزارەتی پێشمەرگە و سێ وەزارەتی خزمەتگوزاریمان بەردەکەوێ، بەڵام دەبێ بزانین پارتی و یەکێتی لەسەر مەسەلەی کەرکووک و بەشداریی یەکێتی بەچی دەگەن، چونکە وا دەردەکەوێ بەهۆی پرسی پارێزگاری کەرکووک، گفتوگۆکان بە خاڵی بنبەست بگەن".



گۆڕان داوای وەزارەتی پێشمەرگە و سێ وەزارەتی خزمەتگوزاری دەکات

# یەکێتی داوای 35%ی پۆستەکانی کابینەی نوێ دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەشبینن بەوەی دوای پشووی سەری ساڵ، ڕێککەوتنی حیزبەکەیان و پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت پێ بنێتە قۆناغێکی بەرهەمدارەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت لە دوایین کۆبوونەوەدا بە پارتییان گوتووە کە لەبەر ئەوەی بەربژێرەکەیان بەبێ پشتیوانی پارتی بووەتە سەرۆک کۆمار، دەبێ لە بەرامبەردا پارتی شتێک بداتە یەکێتی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ. بەڵام بەرپرسێکی پارتی دەڵێ "بەهۆی یەکێتییەوە پارتی نەیتوانیوە لەگەڵ گۆڕان و لایەنەکانی دیکە پێکهێنانی حکومەتی نوێ ببڕێنێتەوە".

ئەو "شتە"ی یەکێتی چاوەڕێیە پارتی واژۆی لەسەر بکات، کرۆکی ناکۆکیەکانیانە، ئەویش دانانەوەی پارێزگارێکی کوردە کە بەربژێری یەکێتی بێت بۆ کەرکووک. واتە کلیلی کردنەوەی دەرگای داخراوی دانوستاندنی پێکهێنانی حکومەت لە کەرکووکە، بەڵام پارتی لە دوایین کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندی یەکێتی، پێشنیازیان کردووە ئەگەر یەکێتی هەر سووربێت لەسەر ئەوە، بۆ ئەوەی تەنگژە بۆ پێکهێنانی حکومەت دروستنەبێ، تاوتوێی داواکانیان بکەنەوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە ئاگاداری وردەکاریی دانوستاندنەکانی حیزبەکەیەتی لەگەڵ پارتی، بە (ڕووداو)ی گوت: "لە دوایین دانیشتندا پارتی و یەکێتی نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، بەڵام لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا پەیوەندی تەلەفۆنی بەردەوام هەیە لە نێوانیاندا و ئەو شتانەی ناکۆکی هەبوو لەسەریان، لە ڕێگای تەلەفۆنەوە تاوتوێی دەکەن. دەتوانم بڵێم لەم هەفتەیەدا دانوستاندنی نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان دانوستاندنێکی تەلەفۆنی بووە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە هەلومەرجی گفتوگۆکان بە هەستیار دەزانێ و داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێ: "جاران لە بەرامبەر ئەوەی ئێمە پشتیوانی پارتیمان دەکرد لە سەرۆکایەتی هەرێم، ئەوانیش پشتیوانی ئێمەیان دەکرد لە سەرۆکایەتی کۆمار، بەڵام ئەمجارە ئێمە بە هەوڵی خۆمان بەربژێرمان لە سەرۆکایەتی کۆمار دەرچووە، بۆ ئەوەی پشتیوانی پارتی بکەین لە سەرۆکایەتی هەرێم دەبێت شتێکمان دەستبکەوێ. دەبێ یەکێتی پۆستی پارێزگاری کەرکووک وەربگرێتەوە".

ئەو بۆچوونی پارتی لەسەر داواکارییەکەی یەکێتی ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "شاندی پارتی گوتیان کە ڕۆشتنەوە پاکێجێکی نوێ ئامادە دەکەن. ئەو پاکێجە داواکارییەکانی گۆڕان و یەکێتی تێدا ڕەچاو کراوە و وەڵامتان دەدەینەوە، بەڵام هێشتا ئەو وەڵامەمان پێنەگەیشتووە".

پارتی لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە دوو جار سەردانی سلێمانی کردووە بۆ وتوویژ لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان، جارێکیش لە هەولێر لەگەڵیان کۆبووەتەوە، بەڵام هەوڵەکان بۆ یەکلاکردنەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەر لە کۆتایی ساڵی 2018 بێئاکام مایەوە.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی، هۆکاری ڕێکنەکەوتنیان لەگەڵ پارتی ڕووندەکاتەوە و دەڵێ "کاتێک دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان هەڵبژارد، پارتی بە واژۆی 50 کەس پرۆژەیەک دێنێت و داوای کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم دەکات، ئەوە لە پەرلەمان دەکات و پێویستی بە گفتوگۆ نابێ لەگەڵ ئێمە. دواتر پرۆژە یاسای ئەنجوومەنی وەزیران دێنێت و دوو جێگر بۆ سەرۆکی حکومەت دادەنێت و دەڵێ ئەوە پەرلەمان کردوویەتی و دیسان پێویستی بە گفتوگۆ نابێت لەگەڵ ئێمە. ئەو دەستانە کەشفن. ئێستا یەکێتی لەو قۆناغە دەرچووە فێڵی لێبکرێت، چەند کەسێک نانێرین پارتی فێڵیان لێبکات و بێنەوە بڵێن لەگەڵ پارتی ڕێککەوتووین. ئەو ڕێککەوتنەی دەکرێت دەبێت بهێنرێتە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و پەسەندی بکات".

ئێستا بەرپرسانی یەکێتی چاوەڕێی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانن. بەپێی زانیارییەکان، پارتی دوای سەری ساڵ شاندێک دەنێرێتەوە سلێمانی کە قسەی نوێی پێیە لەبارەی داواکارییەکانی یەکێتی بۆ پارێزگاری کەرکووک و داخوازییەکانی گۆڕان کە داوای ڕوونکردنەوەی زۆرتری کردووە بۆ کارنامەی حکومەت لە چوار ساڵی داهاتوودا.

### ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی

### یەکێتی لە بەربژێرکردنی قوباد تاڵەبانی بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت یەکلایی بووەتەوە

ڕابەر سەید ئیبراهیم، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لەوبارەوە دەڵێت: "لە برایانی پارتییەوە چاوەڕێی وەڵامێکی ئەرێنین.. لە سلێمانی پارێزگار بەدەست گۆڕانەوەیە و لە کەرکووکیش لەبەرئەوەی پارتی بەشداریی هەڵبژاردنی نەکرد، ئێمە شەش کورسیمان هەیە، بۆیە بەمافی خۆمانی دەزانین پۆستی پارێزگاری کەرکووک وەربگرینەوە".

ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە "هاوبەشی ڕاستەقینە" کە حیزبەکەی داوای دەکات، مەبەست لێی 50 بە 50 بێت "ئێمە بە پارتیمان گوتووە پەنجا بە پەنجامان ناوێ. قۆناغەکە سەختە و دەزانین کە دەبێ ڕازی بین بەوەی پەنجا بە پەنجای بەرپرسیارێتییەکەش لە ئەستۆ بگرین، ئێمە 21 کورسیمان هەیە و واقیعێکی جوگرافیاش هەیە کە حوکمی تێدا دەکەین، هەردوو دۆخەکە لەیەک دەدەین و دەکاتە 35%ی پۆستەکان و ئەوەمان بەسە".

بەڵام پارتی لە حاڵەتی بەشداریی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی، 50%ی پۆستەکانی بۆ نامێنێتەوە، ئەگەر یەکێتی داوای 35%ی پۆستەکان بکات "ئەگەر گۆڕان 15%یشی بوێت و کۆمەڵیش بێتە نێو حکومەتەوە ژمارەیەک لە پۆستەکانی دەوێ، کەواتە پارتی بە 45 کورسییەوە 50%ی بۆ نامێنێتەوە".

نووری حەمەعەلی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی گوتیشی، حیزبەکەی لە بەرپرسیارێتی تێدەگات و لەبەر پۆست پەکی حکومەت ناخات و دوای سەری ساڵ دەست بە گفتوگۆ دەکەنەوە "دەبێ پارتی و یەکێتی و گۆڕان و هەموو لایەنەکان، بەپێی قورسایی خۆیان بەشداریی بکەن و داوای پۆست بکەن".

لەنێوخۆی یەکێتیش، دیاریکردنی بەربژێر بۆ سەرۆکی پەرلەمان هێشتا بە ئاڵۆزی ماوەتەوە. کۆسرەت ڕەسوڵ پێداگیری دەکات لەسەر ئەوەی ڕێواس فایەق بکرێتە سەرۆکی پەرلەمان. ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ: "سەد لە سەد کاک قوباد دەبێتە جێگری سەرۆکی حکومەت و هەر لەناو حکومەت دەبێت. قوباد تاڵەبانی و بێگەرد دەبێت یەکێکیان لاببرێن، بە دڵنیاییەوە کاک قوباد لانابرێ و بێگەرد تاڵەبانی لادەبرێ، هەرچەندە لەناو یەکێتی چەند بەرپرسێکی وەک مەلا بەختیار، عومەر فەتاح، سەعدی پیرە، شۆڕش ئیسماعیل، پەروین کاکە حەمە و ڕابەری سەید ئیبراهیم کار بۆ ئەوە دەکەن بێگەرد تاڵەبانی بکرێتە سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام ئەوە سەرکردایەتی یەکلای دەکاتەوە".



یەکێتی هەر ڕێکەوتنێک لەگەڵ پارتی بکات، لە سەرکردایەتی دەنگی لەسەر دەدات

رووداو ڕاپۆرت
ژمارە (536) - دووشەممە 2018/12/31



## وەزارەتی ئەوقاف: بۆچوونی موفتی عێراق داعشانەیە

**رووداو- هەولێر**

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان وەڵامی فەتواکەی مەهدی ئەلسومەیدەعی، موفتی عێراق دەداتەوە و دەڵێت "بەتوندی دژی لێدوانەکانی ناوبراوین و ئەم جۆرە بۆچوونە هەڵانە بەتەواوی وەک بۆچوونی گرووپی درندەی داعشە، بۆیە داوادەکەین ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەردا بگیرێتەبەر".

مەهدی ئەلسومەیدەعی گوتبووی، بەشداریی موسڵمانان لە ئاهەنگەکانی کریسمس و سەری ساڵی نوێ حەرامە. وەزارەتی ئەوقاف دەڵێت "ساڵانە لێرە و لەوێ چەند دەنگێکی ناساز بەرزدەبنەوە، لەبری باسی پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە پەیڕەوکارانی ئایینی مەسیح و قەبوڵکردنی بەرامبەر، بە چەندین وشەی بریندارکەر هێرش دەکەنە سەر بۆنەی هاووڵاتییانی مەسیحی"

## مەزارگەکانیان لە شنگال نۆژەن دەکەنەوە

# شیعەکان دەگەڕێنەوە شنگال

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە، قسەی شیعەکانی شنگال بەهۆی پاڵپشتی میلیشیاکان بەسەر مەزهەب و پێکهاتەکانی دیکەدا زاڵ بووە. ئەوان دەستیان بە نۆژەنکردنەوەی سێ لە هەشت مەزارە شیعییەکەی سنووری شنگال کردووە. هەفتەی ڕابردووش شیعەکانی شنگال بوونە هۆی سەرهەڵدانی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە شنگال و دوو کەسیان لێ بریندارکران.

سەید مەحمود ڕەزا کەسایەتیی شیعەمەزهەب لە شنگال و نوێنەری شیعەکانی شنگال دەڵێت، زیاتر لە 800 ساڵە لەگەڵ ئێزدی و سوننەکان لە شنگال دەژین و هیچ کێشەیەک لە نێوانماندا نەبووە، بەڵام لەدوای پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال لە ئابی 2014 ، دەستکرا بە تێکدانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە شنگال.

کاتێک داعش پەلاماری شنگالی دا زیاتر لە 6000 کوردی ئێزدی ڕفاندن و زۆربەی پیاوەکانی کوشتن، وەکو کەنیزەکیش مامەڵەی لەگەڵ ئافرەتەکانیان کرد. چەکدارانی داعش دەستیان گەیاندە مەزاری ئایینی پێکهاتەکانی ئەوێ و 27 مەزاری ئێزدییەکان و 8 مەزاری شیعەکانیان تەقاندنەوە.

> **تا ئێستا 500 شیعە گەڕاونەتەوە**
> نوێنەری شیعەکانی شنگال

بەشێک لە ئێزدییەکان هەوڵ دەدەن، شنگال بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، چونکە پێیانوایە لەدوای پەلامارەکەی داعش ئیدی شتێک لەوێ نەماوە بەناوی پێکەوە ژیانی ئایینی و مەزهەبی. ئێزدییەکان عەرەبە سوننەکانی ناوچەکە بەوە تۆمەتبار دەکەن کە چاوساغییان بۆ چەکدارانی داعش کردووە لەکاتی پەلامارەکەیان بۆ سەر شنگال.

دوای وەدەرنانی چەکدارانی داعش لە شنگال، ئیدارەی شنگال بەدەست هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و گرووپەکانی سەر بە پەکەکەوە بوو، بەڵام لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر، ئیدارەی شارەکە کەوتە دەست میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، هەرزوو بەرپرسە ئیدارییەکانیان لادا و چەند کەسێکی نزیک لە خۆیان دانا.

ئێستا شیعەکانی شنگال بەهێزەوە گەڕاونەتەوە شنگال. سەید مەحموود دەڵێت نزیکەی ساڵێکە بەشێک لە شیعەکان گەڕاونەتەوە شنگال "ئێستا نزیکەی 500 شیعە گەڕاونەتەوە سەنتەری شنگال، لەسەر خەرجیی خۆمان و مەرجەعیەتی ئەم ناوچەیە دەستمان بە نۆژەنکردنەوەی مەزارەکانمان کردووە، یەکەم مەزار کە نۆژەنمان کردەوە مەزاری سەیدە زەینەب بوو، شوێنێکی پیرۆزە و مەراسیمەکانمان لەوێ بەڕێوەدەبەین، جگە لەوەش دەستمان کردووە بە نۆژەنکردنەوەی دوو مەزاری دیکە".



تەنیا 15%ی دانیشتووانی شنگال گەڕاونەتەوە شارەکەیان

بەپێی ئامارەکان 70%ی دانیشتووانی شنگال کوردی ئێزدین، 20%یان کوردی موسڵمانن (شیعە و سوننە)، 10% عەرەب و کریستیان و تورکمانن. لەدوای ڕزگارکردنی شنگال لە دەست چەکدارانی داعش، تەنیا 15%ی دانیشتووانەکەی گەڕاونەتەوە و زۆربەیان هێشتا لە کەمپەکانی دهۆک دەژین.

مەحما خەلیل، قایمقامی قەزای شنگال کە کوردی ئێزدییە، دەڵێت ڕاستە زۆربەی دانیشتووانی شنگال ئێزدین، بەڵام شنگال شارێکی فرەڕەنگە، موسوڵمان و عەرەب و کریستیان لەوێ هەن و سەدان ساڵە بەیەکەوەن.

سەبارەت بە گەڕانەوەی شیعەکان بۆ شنگال، مەحما خەلیل دەڵێت :"هەر کەسێک خەڵکی ڕەسەنی شارەکە بێ و دەستی لەگەڵ داعش تێکەڵ نەکردبێ، مافی خۆیەتی بگەڕێتەوە، جا سەر بە هەر پێکهاتە و ئاینێک بێ".

## مام فارس:

# من مافی جووتیارانم لە بەغدا وەرگرتەوە نەک بەرهەم ساڵح



**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

سکاڵای چوار جووتیاری کورد کە لەلایەن جووتیارێکەوە بردرایە دادگای ڕەسافە لە بەغدا، دووبارە کەیسی شایستە داراییەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستانی هێنایەوە بەرباس. فارس حوسێن کە جووتیارێکی کوردە، لەگەڵ دوو پارێزەری خۆبەخش ماوەی 9 مانگ کاریان لەسەر کەیسەکە کرد و دوای 15 دانیشتنی دادگا توانییان کەیسەکە ببەنەوە.

ڕێبین شەمامکی، یەکێک لەو پارێزەرانەی خۆبەخشانە کاری لەسەر کەسەکەی مام فارس کردووە، بە (رووداو)ی گوت: "لە مانگی سێی ئەمساڵدا مام فارس لە کۆنفرانسێکدا داوای کرد کارێک بکەین تاوەکو مافی جووتیارانی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی عێراق وەربگرینەوە، داوای لە ئێمەش کرد وەکو پارێزەری خۆبەخش لەگەڵی بین، من و پارێزەر بەشدار حەسەن بڕیارمان دا لەگەڵ مام فارس بچینە بەغدا".

مام فارس و دوو پارێزەرە خۆبەخشەکە یەکەمجار دەچنە لای وەزیری پێشووی بازرگانیی عێراق و یاداشتێکی لەبارەی شایستە داراییەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستان دەدەنێ، بەڵام ئەو پێیاندەڵێت ئەو دەسەڵاتی خەرجکردنی پارەکەی نییە و دەبێ سەرۆکوەزیران خەرجی بکات، ئەوانیش 15 ڕۆژ مۆڵەت دەدەنە وەزیری بازرگانی، بەڵام وەڵامیان ناداتەوە، بۆیە مام فارس سکاڵا لەسەر وەزیری بازرگانی عێراق و کۆمپانیای دانەوێڵە تۆمار دەکات.

> **کێشەی جووتیارانی کوردستان دەبەمە نەتەوە یەکگرتووەکان**

فارس حوسێن عەبدوڵڵا بە (رووداو)ی گوت: "9 مانگ لەمەوبەر چوار سکاڵامان لەسەر وەزارەتی بازرگانیی عێراق و کۆمپانیای دانەوێڵەی عێراق تۆمار کردبوو، یەکێک لە سکاڵاکان هی من بوو لەگەڵ سێ جووتیاری دیکە، کە وەکالەتیان بۆ کردبووم، دادگاییەکە لەلایەن دوو دادوەری ژن بەڕێوەدەچوو کە هەریەکەیان دوو سکاڵای لەلابوو، لە 14 مین دانیشتنی دادگادا پارێزەری وەزارەتی بازرگانی و کۆمپانیای دانەوێڵەی عێراق چەند بەڵگەیەکی بێبنەمایان خستەڕوو، بەڵام ئێمە بەڵگەی تەواومان بۆ دادگا خستەڕوو".

لە 15 مین دانیشتندا، دادگای ڕەسافە لە بەرژەوەندی مام فارس بڕیاری دا، مام فارس لەبارەی ئەو خاڵانەی کە بوونە هۆکاری بردنەوەی کەیسەکە گوتی: "بە سێ هۆکار توانیمان کەیسەکە ببەینەوە، ئەوانیش: یەکەم: جووتیارانی کوردستان هەموو ساڵێک بە گرێبەست گەنمەکان ڕادەست دەکەین و دەبێت لەبەرامبەردا شایستە داراییەکانیان پێبدرێت. دووەم: ئەو گەنمە لەلایەن تاقیگەکانی خۆیانەوە پشکنینی بۆ کراوە و هیچ کێشەیەکی نەبووە. سێیەم: گەنمەکە کراوە بە ئارد و دابەشکراوە، بۆیە هیچ بیانوویەکیان نەما و دادگا بەڵگەکانی پەسەند کرد و داواکەمان بردەوە".

ئەم بڕیارەی دادگای ڕەسافە، حکومەتی عێراق ناچار دەکات شایستە داراییەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بدات کە 554 ملیار دینارە".

دەگوترێت ئەو کەیسەی مام فارس بردوویەتیەوە، تەنیا خۆی لێی سوودمەند بووە، بەڵام مام فارس ڕەتیدەکاتەوە و دەڵێت: "ڕاستە حکومەتی عێراقی پابەندکراوە بە پێدانی مافەکەی ئێمە، بەڵام من نە یەک دینارم وەرگرتووە و نە وەریشیدەگرم تاوەکو یەک جووتیار مابێت پارەکەی لە بەغدا وەربگرێ".

> **یەک دینارم وەرنەگرتووە و خۆبەخشانە کار بۆ جووتیاران دەکەم**

دەربارەی ئەو وادەیەی کە بۆ حکومەتی عێراق دیاریکراوە و دەبێت شایستە داراییەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بدات، ڕێبین شەمامکی دەڵێت: "پێویستە تاوەکو کۆتایی مانگی داهاتوو پارەکە بدەن، ئەگەرنا بەپێی یاسا پارەی قەرەبووشیان دەکەوێتە سەر کە 27 ملیار دینارە و دەکاتە 5%ی پارەی جووتیارانی هەرێمی کوردستان".

بڕیارەکەی دادگا حکومەتی عێراق ناچار دەکات پارەی هەموو جووتیارانی هەرێمی کوردستانیش بدات، ڕێبین شەمامی گوتی: "بەپێی یاسا ئەم بڕیارەی دادگا بۆ هەموو جووتیارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش دروستە، چونکە هەمان کێشەیان هەیە، بۆیە جووتیارانی هەرێمی کوردستان دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن، لەڕێگەی ئەو بڕیارەوە بە یەک دانیشتنی دادگا دەتوانین مافی یاسایی هەموویان وەربگرینەوە".

دوای دۆڕاندنی کەیسەکە، وەزیری بازرگانی داوای لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە ڕەزامەندی بدرێت لەسەر شایستە داراییەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستان، مام فارس دەڵێت: "لە 2018/12/27 محەممەد هاشم، وەزیری بازرگانی لە نووسراوێکدا داوا لە سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکات پارەی شایستەی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2014، 2015، 2016 بدات کە دەکاتە 576 ملیار و 885 ملیۆن دینار، بەڵام وەزارەت 499 ملیار دیناری لەبەردەستدایە و پێویستیان بە 77 ملیار دیناری دیکەیە".

ئەگەر وەزارەتی بازرگانی و حکومەتی عێراق پارەی جووتیارانی هەرێمی کوردستان نەدەن، مام فارس و پارێزەرەکانی ڕێگای دیکە دەگرنەبەر، مام فارس دەڵێت: "ئەوکات وەکالەتی هەموو جووتیارانی هەرێمی کوردستان وەردەگرین و بەخۆبەخشی کاریان بۆ دەکەین، لە دادگای فیدراڵی، ڕێکخراوی فاوی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکانیش سکاڵا لەسەر حکومەتی عێراق و وەزارەتی بازرگانی و کۆمپانیای گەنمی عێراق تۆمار دەکەین".

سەبارەت بە هەوڵەکانی بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراقیش بۆ دابینکردنی شایستە داراییەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستان، مام فارس گوتی: "چوار ساڵە چاوەڕوانی دەسەڵاتدارانین مافی جووتیاران لە حکومەتی عێراق وەربگرنەوە، بەڵام نەیانتوانی، ئێمە حکومەتی عێراقمان ناچارکرد پابەند بێت بەپێدانی مافەکانیان نەک بەرهەم ساڵح".

## لە گیانی خۆی دەترسێ

# ژنە شەڤانێکی کورد لە دانیمارک بە نۆ مانگ بەندکردن سزا دەدەرێ

**رووداو- هەولێر**

سەردەمانێک لە یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە) نیشانشکێن بوو، لە کاتی شەڕی کۆبانێدا تەنیا چەند مەترێک لە چەکدارانی داعشەوە دوور بوو. چوار ساڵ بەسەر ئەو شەڕەدا تێپەڕیوە، کەچی جوانە پاڵانی تەنانەت لە دانیمارکیش هەست بە ئارامی ناکات و بە ئێلەکی دژەگوللەوە دەگەڕێ، حکومەتی دانیمارکیش وەک چەکدارە گەڕاوەکانی داعش مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

جوانە بە ڕۆژنامەی (تایمز)ی بەریتانی گوت کە لە گەڕەکێکی کۆپنهاگنی پایتەخت ئاپارتمانێکی پێدراوە "خەڵکانێکی زۆری سەر بە جیهادییەکانی تێدایە، کەیفیان بە من نایەت و دەموچاویشم دەناسنەوە". هەر بۆیە بە ئێلەگە دژە گوللەکەیەوە لە ماڵ دەردەچێ.

بەڵام نیگەرانییەکانی جوانە تەنیا لە خەڵکانی گەڕەکەکەی نییە، بەڵکو حکومەتی دانیمارکیش تەنگی پێهەڵچنیوە. هەفتەیەک پێش قسەکانی بۆ (تایمز)، هێزە ئەمنییەکان هەموو ئاپارتمانەکەی بەدوای چەکدا گەڕابوون، دواجاریش دەستیان بەسەر تاکە کۆپی کتێبی یادەوەرییەکانی لەژێر ناونیشانی "شەڕڤانانی ئازادی"دا گرتبوو، بە گوتەی جوان "ئەوان پێیانوایە کتێبەکە ئامرازێکە بۆ ڕاکێشانی چەکدار".

لە دوای کریسمەس، سزای نۆ مانگ بەندکردن لە یەکەیەکی تایبەت بە داعشەکان چاوەڕێی جوانە دەکات، تاوانی کچە کوردەکە ئەوەیە کە یاسای پێشێل کردووە و بۆ شەڕی دژی داعش ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کردووە. جوانە بە تووڕەییەوە دەڵێ: "پێتوایە هەستم چۆن بووبێ کاتێک لە چوار دانیشتنی دادگای دانیمارکدا دادوەرێکی ئافرەت پێم بڵێ تۆ هەڕەشەیت؟ هیچکات ستایشی منیان نەکرد کە لە حەوت ساڵی ڕابردوودا شەڕی دژی جیهادیزمم کردووە".

جوانە کە لە کەمپی ئاوارە ڕۆژهەڵاتییەکانی نزیک ڕومادی لەدایکبووە، خۆی بە شۆڕشگێڕی ئازادیی کوردستان و ئافرەتان دەزانێ، ئەو لەیەک کاتدا لەگەڵ کۆمەڵگای دانیمارک و خێزانەکەی خۆیشیدا کێشەی هەبووە. لە تەمەنی 18 ساڵیدا و کاتێک "بەهاری عەرەبی" ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتەوە، جوانە ڕووی لە سووریا کرد و چووە ناو یەپەژە، لەوێش لەپاڵ مەشقە سەربازییەکان کۆبوونەوەی "هۆشیارکردنەوە" هەبووە، کە تێیدا باس لەوە دەکرا ئافرەت نابێ ئارایشت بکات و پێویستە ئەو هۆشیارییە ساختەیەی فیمینیزمی ڕۆژئاوایی لەبیر بکەن. بەگوتەی جوانە، لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا فەرماندەیەکی ئافرەت تیشێرتەکەی هەڵکردووە و سینەی دەرخستووە، تاوەکو پیشانیان بدات کە نابێ شەرم لە جەستەی خۆیان بکەن.

وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، ژمارەیەک لە ڕێساکانی ئەو هێزە بەدڵی جوانە نەبووە، لەوانەش ئەوەی کە ئافرەتان نابێ پەیوەندییان لەگەڵ هاوڕێ پیاوەکانیان هەبێ، دەبووایە بەردەوام جلی سادە لەبەر بکەن و تەنانەت نابێ لەبەر چاوی پیاو دادانیشیان بشۆن. شەڕڤانە ئافرەتەکان بەپێچەوانەی پیاوەکان مافی بەکارهێنانی مۆبایل و تۆڕی کۆمەڵایەتییان نەبوو. ئەم ڕێسایانە جوانەیان وەها لێکرد بگەڕێتەوە دانیمارک.

بەڵام هێرشی داعش بۆ سەر شنگال جارێکی دیکە جوانەی پەلکێش کردەوە. لە شەڕی کۆبانێدا وەکو نیشانشکێن ناوی دەرکرد و وەک خۆی بە (تایمز) دەڵێ "چاوەڕێم نەدەکرد لە کۆبانێ بە زیندوویی دەربچم. من تاکە کچ بووم کە لە یەکەکەی خۆمان ڕزگارم بوو". دوای ئەو شەڕەش جوانە جارێکی دیکە گەڕایەوە کۆپنهاگن و لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا باسی شەڕەکەی کرد، خێزانەکەی بەوە تووڕە بوون، لە گەڕانەوەی پێشتریشیدا باوکی ناوی جوانەی دابوو بە پۆلیس.

جوانە جارێکی دیکە لە تەمەنی 22 ساڵیدا گەڕایەوە سووریا، ئەوجارەیان مەشقی بە ئافرەتان دەکرد، لەوانەش ئێزدییەکان. بەڵام لەو کاتەدا یەپەژە داوایان لە ئافرەتە کوردەکە کردبوو هەموو ژیانی بۆ "دۆزەکەی" تەرخان بکات، جوانە داواکەی ڕەتکردەوە، لەو کاتەوە ڕووی لە هێزەکانی پێشمەرگە کرد.

جوانە بە (تایمز)ی ڕاگەیاندووە کە لە دانیمارک و سووریاش لە کاتی شەڕ و ئارامیشدا پیاوان هەوڵی قۆستنەوەی تەمەنی کەم و مەترسییەکانی سەر ژیانیان داوە، لەوانەش پێشمەرگەیەک بردوویەتیە ماڵی پیاوێک کە داوای سێکسی لێکردووە، ئەو کەسەی لە دەزگای هەواڵگریی دانیمارک بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکەی دانراوە، تۆمەتی ڕەفتاری نەشیاو لەگەڵ زۆر ئافرەتی لەسەرە، پەیوەندی لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی (ر)ش توندوتیژی لێکەوتبووەوە.

جوانە پاڵانی کە ئێستا تەمەنی 25 ساڵە و شەش هەفتەش لە گرتووخانەکانی دانیمارکدا بەندکراوە، هێشتاش لە کەشی شەڕدا دەژی "بیری مەیدانی شەڕ دەکەم، بەشە جەنگاوەرەکەم هەمیشە دەیەوێ لەوێ بێ"، لە کاتێکدا دڵگرانە بەوەی نەیتوانی لە شەڕی ڕزگارکردنی ڕەققەدا بێ و خەونی ئەوەیە سوپایەکی جیهانی بۆ ئافرەتان دابمەزرێنێ.



جوانە پالانی

## هەڤاڵ کوێستانی، نووسەری کتێبی (ئەو ڕۆژانەی نیشتیمان هی هەمووان بوو) بۆ (ڕووداو):

# مام جەلال پێیگوتم تۆ لە ئاش ئاشتری



ئاش نەبووم، بەڵام لەگەڵ هەندێک هەڵوێستیان بووم

هەڤاڵ کوێستانی، نووسەری کتێبی (ئەو ڕۆژانەی نیشتیمان هی هەمووان بوو) لە بەشی چوارەم و کۆتایی هەڤپەیڤینەکەی لەگەڵ بەرنامەی پەنجەمۆردا کە شەوی هەینی سەعات 22:05 خولەک لە کەناڵی ڕووداو پەخش دەکرێ، باسی ناکۆکییەکانی نێو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دەکات کە لە کۆنفرانسی سێیەمدا گەیشتە لوتکە و بە ئاشکرا هەست بە سەرهەڵدانی دوو باڵی جیاواز لەنێو کۆمەڵەدا دەکرا، باڵی دەسەڵاتدار بە ڕابەرایەتی نەوشیروان مستەفا، هەروەها باڵی کۆمیتەی هەرێمەکان بە ڕابەرایەتی مەلا بەختیار کە دواجار ئاڵای شۆڕش دروست دەکەن.

هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین
ڕووداو – سلێمانی

### بەشی چوارەم و کۆتایی

**ڕووداو: کاک نەوشیروان دەیگوت لە سەرکردایەتییەک کار ناکەم، سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەری تێدابێ، ئەم ناکۆکیانە شەخسی بوون، یان فیکری بوون؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ئەوەی کە باست کرد لە کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵە ڕوویدا، ناکۆکییەکان هەڵبەتە تێکەڵەیەک بوون لە ناکۆکی فیکری، سیاسی و شەخسی. ئەوان ماوەیەکی زۆر بوو بە یەکەوە کاریان دەکرد. گەیشتبوونە شوێنێک کارکردن بە یەکەوە بۆیان زەحمەت بوو. بۆیە کاک نەوشیروان پێیوابوو ئەگەر ئەوان لەو سەرکردایەتییە بن، ئەو کار ناکات.

**ڕووداو: بەڵام دواجار ئەوان لە سەرکردایەتییەکەدا بوون؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** کۆنفرانس بۆ چەند ڕۆژێک دواکەوت، دواتر بە هەوڵی چەند کەسێک گرژییەکان خاوبوونەوە. بەڵام کاک سالار و مامۆستا جەعفەر نەهاتنە نێو سەرکردایەتی کۆمەڵەوە کە لە کۆنفرانسی یەک هەڵبژێردران.

**ڕووداو: جیاوازیی بۆچوون هەبوو لەسەر ناوی کۆمەڵە، کێ بوون ئەوانەی داوایان دەکرد ناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان/ عێراق بێ؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** دوو بۆچوون هەبوو، هەر لە سەرەتاوە کە کۆمەڵە لە ساڵی 1970 دروستبووە، بەناوی کۆمەڵەی مارکسی لینینی ئەندێشەی ماوتسی تۆنگ کوردستان بووە، کۆمەڵە بۆ ئەوە دامەزرابوو لە چوارچێوەی سنووری کوردستانی عێراق ئیش بکات. لە کۆنفرانس بەرەیەک کە زیاتر بەرەی کاک نەوشیروان و گروپی زیندان بوون، پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە نابێ وشەی عێراق بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە بێ، بەرەکەی دیکە ئەوانەی خۆیان بە درێژەپێدەری کۆمیتەی هەرێمەکان یان خەتی شەهید ئارام دەزانی، لەگەڵ ئەوەدا بوون کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان/ عێراق بێ، بۆ ئەوەی سنووری کارکردنی کۆمەڵە دەستنیشان بکات. بەڵام کە خرایە دەنگدانەوە، بوو بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

**ڕووداو: تۆ لە کتێبەکەتدا دەڵێی مام جەلال کوردستانی بوو، بەڵام وەکو داش عێراقییەکان بیری دەکردەوە؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** مام جەلال زۆری مەبەست بوو باڵانسی ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵە ڕابگرێ، بەڵام لە واقیعدا زیاتر پشتیوانی لەبەرەی کاک نەوشیروان دەکرد، چونکە بەرەکەی دیکەی بە بەرەیەک دەزانی کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە خەتی ئەو دەربچن یان لەگەڵ ئەو گیانە چەپی و گەنجییەیان تووشی ڕووبەڕووبوونەوە ببێ. من پێموایە مام جەلال زۆرتر عێراقی بوو وەکو سیاسییەک، وەکو سەرکردەیەکی عێراقی بیری دەکردەوە. مەبەستم ئەوەیە لە

> مام جەلال گوتی ئەگەر یەکێتی نووری حەمەعەلی و شەفیق ئاغای کوشتبێ، واز لە یەکێتی دێنێ

چوارچێوەی کوردستانی عێراق بیری دەکردەوە.

**ڕووداو: لە ساڵی 1980 – 1981 کۆمەڵێک کەس لەناو شاری سلێمانی تیرۆرکران، وەکو نووری حەمەعەلی، عەبدولی سوران، شەفیق ئاغا، ئەمانە بۆچی کوژران؟ ئەو نامانەی کە بۆ وریا نێردرابوون، تۆ لە کتێبەکەتدا سەرپێیی باست کردوون، بۆچی؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** من لە هەر شتێکدا کە شایەتحاڵ نەبووبم، یان زانیاری زۆر زۆر دروستم لەسەر ڕاستیی ڕووداوەکە نەبووبێ، باسم نەکردووە. من هیچ لەو نامانەی وریام نەبینیوە. مام جەلال زۆر ناڕەحەت بوو، تەنانەت بەیاننامەیەکیشی دەرکرد کە ئەوە بە تاوان دەزانێ و کوژراوەکان بە شەهید لە قەڵەم دەدا. تەنانەت هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر دەرکەوت یەکێتی ئەو کارەی کردبێ، واز لە یەکێتی دێنێ.

**ڕووداو: هەندێک سەرکردەی یەکێتی دەڵێن ئەو نامانەی بۆ وریای وەهاب نووسراون، خەتی کاک نەوشیروانن؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** من بۆ خۆم ئەو نامانەم نەبینیون، تەنیا بیستوومە ئەو نامانە نێردراون بۆ وریا و دواتریش وریا لەسەری کوژرا. بەڵام گومان دەکەم ئەو نامانە بە خەتی کاک نەوشیروان نووسرابن، چونکە کاک نەوشیروان هەر پەیوەندییەکی هەبووبێ بە ڕێکخستنەکانی ناوشار، لەڕێی سەرکردایەتیی ناوخۆی کۆمەڵەوە پەیوەندی کردووە، نەک بۆ کادیرێک یان ئەندامێکی ڕێکخستنەکانی ناوشار نامە بنووسێ.

**ڕووداو: ئەی شێرکۆی شێخ عەلی و جەمالی عەلی باپیر بۆچی کوژران؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** جەمالی عەلی باپیر یەکێک بوو لە فەرماندە زۆر ئازاکانی یەکێتی. فەرماندەی هەرێمی چوار بوو. شێرکۆش یەکێک لە فەرماندە زۆر ئازاکانی حیزبی سۆسیالیست بوو. فەرماندەی هەرێمی پێنج بوو. ئەوان هەردووکیان لە یەک ناوچە بوون. ئەوان جیا لە فەرماندەی هەرێمەکانی دیکە توانیبوویان جۆرێک لە هەماهەنگی لە ناوچەکەی خۆیان بەرقەرار بکەن. ئەو پاساوەی کە سەرکردایەتی هەیبوو بۆ نەهێشتنی هێزی سۆسیالیست لەو ناوچەیە کە ئەنجامەکەی بە کوژرانی شێرکۆ و جەمال و 10 پێشمەرگەی دیکە و برینداربوونی نۆی دیکە کۆتایی هات، ئەوە بوو کە گوایە نامەیەکیان دەستکەوتووە، تاهیری عەلی والی ناردوویەتی بۆ سەرکردایەتی سۆسیالیست، لە نامەکەدا باسی پلانێک دەکات کە بەدەستیانەوەیە بۆ پەلاماردانی سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوچەی نێوزەنگ، بەگوێرەی ئەو پلانە هێزەکانی سەید کاکە و شێرکۆی شێخ عەلی لە پشتی قەڵادزێوە پەلاماری سەرکردایەتی یەکێتی دەدەن. لەولاشەوە هێزەکانی سۆسیالیست لەگەڵ قیادەی مۆقەتە لە دیوی ئێرانەوە پەلاماری هەمان ناوچە دەدەن و دەتوانن ئابڵوقەی سەرکردایەتی بدەن. سەرکردایەتی گەیشتە ئەو بڕوایەی ئەگەر ئەم دەستپێشخەرییە نەکەن، ئەوان پەلاماری سەرکردایەتی دەدەن. من نازانم ئەم زانیارییە تا چەند ڕاست بوو، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەگەر ئەو پلانە هەبووبێ یان نا، ئەو حاڵەتەی لە نێوان جەمال و شێرکۆدا ڕوویدا، حاڵەتێکی نادروست بوو، زیانی زۆری بە یەکێتی و سۆسیالیست و بەگشتی بە شۆڕشی کورد گەیاند.

**ڕووداو: ئەگەر باسی شەڕی پشتئاشان بکەین، تۆ باس لەوە دەکەی کە ئەو بەڵگانەی خرابوونە بەردەستی ئێوە جیاواز بوون لەگەڵ ئەوانەی بە فیعلی هاتنە دەستتان. بە تایبەتیش لەوێ باسی حاڵەتێک دەکەی کە پێشمەرگەیەک فانیلەیەکی سپی دەرهێناوە و دەیەوێ خۆی تەسلیم بکات، بەڵام بەداخەوە بەوپەڕی دڕندەییەوە دەکوژرێ، ئەم هەموو ڕق و کینەیە لەچییەوە سەرچاوەی گرتبوو؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** جوڵانەوەی کورد ئەوەندەی ڕق و کینەی بەرامبەر نەیارەکانی ناوخۆ هەبووە. ئەوەندە ڕق و کینەی بەرامبەر دوژمنە سەرەکییەکانی نەبووە. هەمیشە بە چاوی پیلانگێڕی سەیری یەکدیمان کردووە. ئێمە پێمانوابوو قیادەی مۆقەتە دروستکراوی ئێران و بە پلان و بەرنامەی ئێران دێن بۆ تێکشاندنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان. ئەوانیش بە هەمان دید سەیری شۆڕشی نوێیان کردووە و پێیانوابووە بۆ لەباربردنی ئەو بەرنامەیە هاتووە کە پێشتر شۆڕشی ئەیلول هەیبووە. حیزبەکانی دیکەی وەکو سۆسیالیست، پاسۆک و شیوعی و.. کەوتوونەتە ژێر کاریگەری یەکێک لەو بەرانە. ئەو دوو بەرەیە بۆ ئەوەی شەرعیەت بدەنە کارەکانی خۆیان، هەوڵیانداوە لایەنی بەرامبەر بە موئامەرەچی و پیلانگێڕ وێنا بکەن. من لە شەڕی پشتئاشان نموونەیەکی بچووکم هێناوەتەوە، بەشێکی بۆ ناشیرینکردنی کوشتنی مرۆڤە، بەشێکی دیکەشی بۆ ئەوەیە بڵێم ئەو هێزانەی پێیانوایە حەقیقەتی ڕەهایان لایە وانییە، چونکە ئەو بەڵگانەی دەخرانە بەردەم و گوێی ئێمە، هێزیان دەدا بە نووسینەکانی ئێمە بۆ هاندانی پێشمەرگە و کادیر و ڕێکخستنەکانی خۆمان. یان بۆ تێگەیاندنی جەماوەر کە حەقیقەت لای ئێمەیە و لایەنەکەی دیکە زۆر مەترسیدارن لەسەر شۆڕش. بەهەمانشێوە لایەنەکانی دیکەش هەمان کاریان دەکرد. بەڵام کاتێک تۆ بەڵگەکان دەبینی، ئەوەندە بەهێزنین پاساوت بدەنێ بۆ ئەوەی تۆ پەلاماری لایەنێکی دیکە بدەی. من دوای شەڕی پشتئاشان قەناعەتێکم لەلا دروستبوو کە لە نووسیندا کارێک نەکەم لایەک شەڕکردن بەرامبەر بە لایەنێکی دیکە بە ڕەوا بزانێ. یان خەڵک هان بدەم بۆ شەڕکردن.

**ڕووداو: یەکێتیی نووسەران لە شاخ، یەکێتیی نووسەرانی یەکێتی بوو یان یەکێتیی نووسەرانی هەموو نووسەرانی کوردستان؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ئەوکاتەی من بووم بە پێشمەرگە لە ساڵی 1979، لەوێ کۆمەڵێک نووسەری دیکەم بینی وەکو ڕەفیق سابیر و ئەحمەد دڵزار، هەردووکیان ئەندامی نووسەرانی کورد بوون لە شار، من یەکێتی بووم، ئەوان شیوعی بوون. لەناو هەموو حیزبەکاندا کۆمەڵێک نووسەر هەبوون، بەڵام بەهۆی ئەو دابڕانە قووڵەی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەبوو، هیچ جۆرە هاتوچۆیەک لە نێوان نووسەرانی ئێمە و پارتی نەبوو. ئەو نووسەرانەی لەگەڵ سۆسیالیست و شیوعیدا بوون و لە یەک ناوچەی جوگرافیدا دەژیاین، دوای گۆڕینەوەی بیروڕا گەیشتینە ئەو قەناعەتەی مادام ئێمە بێبەشبووین لەوەی نووسینەکانمان لە بڵاوکراوە فەرمییەکانی عێراقدا بڵاوبکرێنەوە، دەبێ قەوارەیەک دروست بکەین بۆ نووسەرانی کورد لە شاخ، هەمیش بڵاوکراوەیەکمان هەبێ بۆ ئەوەی نووسینەکانی خۆمانی تێدا بڵاوبکەینەوە.

> ناکۆکییەکانی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەر فیکری و شەخسی بوون

> مام جەلال لەنێو کۆمەڵەدا زیاتر پشتیوانی بەرەی کاک نەوشیروانی دەکرد

> گومان دەکەم نامەکانی وریا بە خەتی کاک نەوشیروان نووسرابن

**ڕووداو: یەکێک لەو نووسەرانەی هاتنە دەرەوە حەمەسەعید حەسەن بوو، کتێبێکیشی نووسی، تۆ لە کتێبەکەتدا دەڵێیت کاک نەوشیروان مستەفا گوتوویەتی کتێبەکە ببینین و بۆی چاپ بکەین، بەڵام ئەو خۆی دەڵێت مام جەلال بڕیاری داوە نەک نەوشیروان.**

**هەڤاڵ کوێستانی:** کاک حەمەسەعید ساڵی 1983 هاتە دەرەوە، ئەوکات کاک نەوشیروان لە دەشتی هەولێر بوو، مام جەلالیش لە ناوچەی خۆشناوەتی، پشتیوانی ئەندازیار کە ئێستاش ماوە



هەڤاڵ کوێستانی و مام جەلال

ئاگاداری کردمەوە کاک نەوشیروان دەیەوێ سەعات چوار پەیوەندیت پێوە بکات. کاک حەمەسەعیدیش کە زانی کاک نەوشیروان پەیوەندیم پێوە دەکات، گوتی: منیش حەز دەکەم قسەی لەگەڵ بکەم، کتێبێکم هەیە دەمەوێ چاپی بکەم، بەڵام بەر لە چاپکردنی حەز دەکەم ڕای ئەویش وەربگرم. من لە پەیوەندییەکەدا کە کاک حەمەسەعیدیش ئامادەبوو، پێمڕاگەیاند کاک حەمەسەعیدیش هاتووەتە دەرەوە، کاک نەوشیروانیش خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی و بەخێرهاتنی کرد. ئینجا پێمگوت نووسینێکی هەیە دەیەوێ چاپی بکات، بەڵام پێش ئەوە دەیەوێ بیبینی، ئەویش بە دەق گوتی: "بینینی منی ناوێ، خۆ ئێمە حیزبی بەعس نین سانسۆرمان لەسەر کتێب هەبێ. چی نووسیوە وەکو خۆی بۆی چاپ و بڵاوبکەنەوە".

**ڕووداو: بەڵام حەمەسەعید دەڵێت ئەوەی لەسەر منی نووسیوە هیچی ڕاست نییە؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ئەوە مەیلی خۆیەتی، من وەڵامی قسەکانی ئەو نادەمەوە. ئەو میوان بووە لە کەرتی پارێزگاریی ڕادیۆ نەک لە ڕادیۆ.

**ڕووداو: زنجیرە وتارێکت نووسی بەناوی (قیادە مۆقەتە لە نێوان لاوەکی و سەرەکیدا) مەبەستت ئەوە بوو کە بڵێی حکومەت سەرەکییە و قیادە مۆقەتە لاوەکییە؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** مەبەستم ئەوە بوو بڵێم قیادەی مۆقەتە لە باتی ئەوەی حکومەتی عێراق بە دوژمنی سەرەکی خۆیان بزانن، یەکێتییان بە دوژمنی سەرەکی خۆیان دەزانی. بە پێچەوانەوە ئێمە قیادەی مۆقەتمان بە دوژمنی سەرەکی نەدەزانی و نابێ ئەوانیش ئێمە بە دوژمنی سەرەکی خۆیان بزانن.

**ڕووداو: تۆ دژی ناردنی هێزی پشتیوانی بووی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنانەت ئامادە نەبووی بەیاننامەی یەکێتی نووسەرانیش واژوو بکەی کە لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو.**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ئەو شەڕەی لە ساڵی 1982 لە نێوان یەکێتی و ئێران ڕوویدا، شەڕی پشتیوانی لە حیزبی دیموکرات بوو، زۆر پێشمەرگە تەنانەت سەرکردەش لەگەڵ ئەو شەڕەدا نەبوون. من پێموابوو ئەو شەڕە لە قازانجی یەکێتی نییە و پاساویش دەدەینە ئێران بۆ ئەوەی پەلامارمان بدەن، هەروەها ئێمە ناچار دەکات بەرەو ئەوە بچین لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێکبکەوین. سەبارەت بە بەیاننامەکەش، کاک محەممەدی حەمەباقی نامەیەکی بۆ کاک نەوشیروان ناردبوو، نووسیبووی ئێمە وەکو یەکێتی نووسەرانی کوردستان پێویستە پشتیوانی لەو هەڵوێستە نەتەوەییەی یەکێتی بکەین. داوای لە کاک نەوشیروان کردبوو کە من بەیاننامەکە بنووسم. بۆ نەمنووسی؟ من پێمونەبوو ئەوە شەڕێکی نەتەوەیی بێ، ئێمە شەڕێک دەکەین دەرەقەتی نایەین. بێجگە لەوە نووسەری لایەنەکانی دیکەشمان تێدابوو. ئەو مافەمان نییە بە ناوی نووسەری لایەنەکانی دیکەش پشتیوانی لە هەڵوێستی یەکێتی بکەین.

**ڕووداو: دەگوترێ ئەو شەڕەی یەکێتی لە دژی ئێران بۆ خۆشکردنی زەمینەی گفتوگۆ بوو لەگەڵ حکومەتی عێراق، گفتوگۆش کرا.**

**هەڤاڵ کوێستانی:** من پێموابوو ئەو حاڵەتە یەکێتی بە ناچاری بەرەو گفتوگۆ دەبات، چونکە لە هەموو لایەکەوە بە نەیار و دوژمنەکانی ئابڵوقە درابوو، تەنیا لایەک بتوانێ هەناسەیەکی تێدا بدات، ئەوەیە لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێکبکەوێ. بەڵام من نەمدەزانی لە ژێرەوە پەیوەندی هەیە بۆ ئەوەی ئەو گفتوگۆیە بکرێ. جگە لەوەش پێشتر هەوڵێکی ئاشتەوایی هەبوو لە نێوان یەکێتی و قیادەی مۆقەتە، من پێموابوو بەهۆی ئەو شەڕەوە ئەو هەوڵە لەبار دەچێ. چونکە قیادەی مۆقەتەش بەشدار بوو لەو شەڕەی دژی دیموکرات. خاڵێکی دیکە پێموابوو ئەوەندەی مەزاج و سۆز ڕۆڵی بینیوە لەو بڕیارەدا، ئەوەندە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ورد و زانستیانەی واقیعەکە ڕۆڵی نەبینیوە.

**ڕووداو: کچ و کوڕێک کە ڕەدووکەوتوون، لەلایەن پێشمەرگەوە تەسلیمی خێڵ دەکرێنەوە و هەردووکیان دەکوژرێن، ئەمە چۆن لەگەڵ یاساکانی ئێوە دەگونجا کە بە حیساب ئێوە حیزبێکی پێشکەوتنخواز بوون.**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ئەوانەی کە ئێمە پێیاندەڵێین شۆڕشی کورد، لە سەرەتاوە شۆڕش نەبوون، ئەوەندەی ڕاپەڕینی چەکداری یان عەشایەری بوون. ڕاستە ئێمە وەکو بەرنامەی تەرحکراو ئاماژەمان پێدابوو کە شۆڕش دەبێ لە ئاستی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا بێ، بەڵام لە واقیعدا ئەو گۆڕانکارییانەمان بۆ نەکرا. من باسی ڕەدووکەوتنم کردووە بۆ ئەوەی بڵێم ئەو شۆڕشەی ئێمە نەیتوانی ئەو حاڵەتە کۆمەڵایەتییە بچووکانە چارەسەر بکات.

**ڕووداو: جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش بۆچی ڕوویدا؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** من کە چوومە دەرەوە دوای ماوەیەک هەستم بەو دووبەرەییەی نێو کۆمەڵە کرد، بەرەی کاک نەوشیروان و بەرەی کۆمیتەی هەرێمەکان. دواترش گرووپی زیندان کە هاتنە دەرەوە چوونە پاڵ بەرەی کاک نەوشیروان. ناکۆکیی نێوان ئەو بەرەیە بە فیکری و شەخسییەوە گەیشتنە شوێنێک بە ڕوونی دیار بن، بەرەی دەسەڵات پێیوابوو بەرەکەی دیکە هەوڵی ڕێکخستنی ژێربەژێر دەدەن، هەوڵ دەدەن کۆمەڵە و یەکێتی لاواز بکەن. لایەنەکەی دیکەش پێیانوابوو ئەوان لایەنێکی مەزڵوومن، پۆست و پلەیان لێدەسەندرێتەوە. من پێموایە ڕەفتاری لایەنی دەسەڵات لەناو کۆمەڵەی ڕەنجدەران کارێکی وای کرد ئەو لایەنەی دیکە خۆیان بە قوربانی و مەزڵووم بزانن. بۆیە ناچاربوون بیر لەوە بکەنەوە وەکو ڕەوتێکی فیکری و سیاسی ڕەفتار بکەن.

**ڕووداو: تۆ بۆخۆت لەگەڵ ئاڵای شۆڕش بووی؟ بۆچی ئەو تۆمەتەیان دەخستە پاڵ تۆ؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** من هاوڕێیەتییەکی گەرمم لەگەڵ زۆربەی برادەرانی ئاڵای شۆڕش هەبوو. هاوسۆزیش بووم لەگەڵ کۆمەڵێک هەڵوێست و بۆچوونیاندا. کۆمەڵێک سەرنج و بۆچوونم هەبوو لەسەر سیاسەتی سەرکردایەتی کۆمەڵە و یەکێتی کە زۆرجار لەگەڵ بۆچوونی ئاڵای شۆڕش یەکی دەگرتەوە، بەڵام قەت ئیشم لە ڕێکخستنەکانی ئاشدا نەکردووە.

**ڕووداو: بەڵام لە دیدارێکت لەگەڵ مام جەلال، ئەو پێتدەڵێت شیعرەکەت بوو بە شەفاعەت بۆت؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** مام جەلال چەند بەڵگەنامەیەکی خستە بەردەستم و گوتی تۆ پەیوەندیت بە ئاڵای شۆڕشەوە هەیە، تەنانەت پێیگوتم تۆ لە ئاش ئاشتری. دواجار مام جەلال چاوپۆشیکردنی لەو تۆمەتانەی دەیخستە پاڵ من، بۆ ئەوە گێڕایەوە کە کاتی خۆی شیعرێکم لە میهرەجانی دووی شیعری کوردی خوێندووەتەوە کە بۆ پێشمەرگە و شۆڕشم نووسیوە. ئیدی شەفاعەتەکەی خستە پاڵ شیعرەکە.

**ڕووداو: ساڵی 1989 تۆ جارێکی دیکە مام جەلال دەبینی و یەکێک لەو داواکارییانەی لێی دەکەی ئەوەیە کە مەلا بەختیار ببینی، بۆ؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** مام جەلال لە دەرەوە گەڕابووەوە، زۆربەی خەڵک چوونە تاران بۆ پێشوازی، بەڵام من نەچووم. هەواڵی منی پرسیبوو، گوتبووی فڵان ڕۆژ دەگاتەوە قاسمەڕەش و با بێت بیبینم، منیش چووم بۆ قاسمەڕەش، خەڵکێکی زۆری لێبوو، من لە ژوورەکەی کاک مولازم عومەر بووم، ئازادی سەگرمەش لەوێ بوو، زۆر بە سەختی بریندار بووبوو، کاتێک مام جەلال هات بۆ لامان باوەشێکی گەرمی پێداکردم و ستایشی کردم، پاشان گوتی: شەو وەرە بۆ لام قسە دەکەین، کە چووم بۆ لای زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردم، تەنانەت پێیگوتم من بەناوی خۆم و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتیشەوە داوای لێبوردنت لێدەکەم کە کاتی خۆی هەڵوێستێکی نادروستمان بەرامبەر بە تۆ وەرگرتووە. لەوێ داوای لێکردم کار بکەمەوە لەگەڵ یەکێتی.

> شۆڕشەکەی ئێمە نەیتوانی چارەسەری حاڵەتێکی سادەی وەکو ڕەدووکەوتنیش بکات

یان پێویستییەکم هەبێ بۆم جێبەجێ بکات، منیش گوتم، سوپاستان دەکەم هیچم ناوێت، تەنیا دەمەوێ مەلا بەختیار ببینم کە ئەوکات لە زیندان بوو. لە قسەکانی مام جەلال تێگەیشتم کە دەیانەوێ بەم نزیکانە مەلا بەختیار ئازاد بکەن، من کاتێک مەلا بەختیارم بینی، ئەو دیدەی مام جەلالم پێگەیاند. هەرچەندە ئەو پێیوابوو ئازادی ناکەن.

کوردستانی
ڕووداو
ژمارە (536) - دووشەممە 2018/12/31



## وەزیری پەروەردە دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشی سەرۆکوەزیران کردووە

**ڕووداو- هەولێر**

شەیما حەیالی، وەزیری نوێی پەروەردەی عێراق ڕایگەیاند، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی سەرۆکوەزیران کردووە، ئەوەش دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەوەی برایەکی ئەندامی ڕێکخراوی داعش بووە. وەزیری پەروەردەی حکومەتی عێراق ڕایگەیاند: "هیچ ڕۆژێک لەگەڵ هیچ پارت و فراکسیۆنێکی سیاسی کارم نەکردووە، کەسێکی پیشەییم لە زانکۆی مووسڵ و لەلایەن فەرماندە ئەمنییەکانیش ناسراوم، تاوەکو ئێستاش لە کارەکەم بەردەوامم، کەسوکارمان لە نەینەوا لەلایەن تیرۆریستان ڕفێندراون و ناچارکراون لەکارەکانیان بەردەوام بن، لەوانەش برام کە داعش لەژێر هەڕەشە ناچاری کرد لە فەرمانگەکەی خۆی بمێنێتەوە، بەڵام بێ ئەوەی چەک هەڵبگرن و لە کوشتنی هیچ عێراقییەک یارمەتیان بدەن".

## ڕاپۆرتی گرووپی قەیران لەسەر ناوچە کێشەلەسەرەکان...

# کەرکووک.. تەعریبێکی نوێ لە سایەی پارێزگارێکی بەوەکالەتدا

**ڕووداو – هەولێر**

زیاتر لە نیو سەدەیە چارەنووسی ناوچە کێشەلەسەرەکان یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئاڵۆزیی پەیوەندی نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیی عێراق بووە. هەوڵەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی ئەو ناوچانە سەرکەوتوو نەبوون. گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتێکدا تیشک دەخاتە سەر دوایین گۆڕانکارییەکانی ئەو دۆسیەیە و چۆنێتی بەشداریی لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە چارەسەرکردنی دۆخی ئەو ناوچانە.

### دەستەواژەی ناوچەی ناکۆکی لەسەر

هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراقدا بە "هەرێمی فیدراڵ" ناوی براوە، ئەمەش وەها دەخوازێ سنوورێکی دیاریکراوی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراقدا هەبێ. دواکەوتنی جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستوور بووەتە هۆی ئەوەی هەر دەستەواژەی "کێشەلەسەر" خۆی کە پێناسە و بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ناوچانەیە، ببێتە مایەی مشتومڕ، بۆ نموونە تورکمانەکانی کەرکووک پێیانوایە ناوی "کێشەلەسەر" نابێ بۆ ئەو ناوچانەی پارێزگاکە بەکاربهێنرێ کە کوردی کەمیان تێدایە.

عەنان خەلیل ئیسماعیل، بەرپرسی بەرەی تورکمانی لە سەعدیە، لە دیمانەیەکی مانگی ئاداری گرووپی قەیراندا لە بری دەستەواژەی "ناوچەی کێشەلەسەر" دەستەواژەی "ناوچەی تێکەڵاو" بەکاردەهێنێ و دەڵێ "دەبێ چاوخشاندنەوە بە ناونانی ئەم ناوچانە بە کێشەلەسەر بکرێ، چونکە لە ناوچەکەی من لە سەعدیە دانیشتووی کوردی زۆری لێ نییە، بۆیەش هیچ بیانوویەک نییە بۆ ئەوەی بە ناوچەی کێشەلەسەر ناو ببرێ". هەرچی لایەنی کوردییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە کوردەکانی سەعدیە لە چوارچێوەی پرۆسەی تەعریبدا دەرکراون، ئەگینا ناوچەکە خۆی کوردییە.

عەرەبی سوننە کە دوای ساڵی 2003 پێگەی سیاسییان لاواز بووە، لەسەر بنەمای ڕوانگەیەکی ناوەندگەراوە دەستەواژەی "کێشەلەسەر" ڕەتدەکەنەوە. جەبار لهێبی، ئەندامی ئیدارەی قەرەتەپە، لە مانگی ئاداری ئەمساڵ بە گرووپی قەیرانی ڕاگەیاند "ناکرێ هیچ ناوچەیەک لە وڵاتێکی یەکپارچەدا کێشەلەسەر بێ، دەکرێ ناکۆکیمان لەسەری هەبێ، ئەمەش تەنیا لەسەر ئیدارەدانی ئەو ناوچانەی دەکەونە سەر سنووری هەرێمی کوردستان کە خۆی بەشێکە لە عێراق و دەوڵەتێکی سەربەخۆ

> ### لە کەرکووک عەگال دەخەینە ناو سندووقی دەنگدان، کەچی شەڵوار دەردەچێ
> بەرپرسێکی عەرەب لە کەرکووک

نییە".

لهێبی دانی بەوەدا ناوە کە "لە نەوەکانی پێشترەوە زانیومانە لە سییەکان و پێش سییەکانیش کورد دانیشتووی سەرەکیی قەرەتەپە و ناوچە پەیوەندیدارەکان بوون، بەڵام ئەمە مێژووە و ئێمە ئێستا پێکەوە دەژین".

### دوای 16ی ئۆکتۆبەر

ڕاپۆرتەکە دەڵێت، لای کورد "کۆنترۆڵکردنی هەمیشەیی ناوچە کێشەلەسەرەکان وەک ئاواتێک ماوەتەوە کە وەدی ناهێنرێ". بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی عێراق، ئێران و تورکیا دژی دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردین کە بتوانێ لەڕووی ئابوورییەوە لەسەر پێی خۆی بوەستێ. ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری 2017ش ئامادەیی ئەو وڵاتانەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو خەونە سەلماند.

بەرپرسێکی ئۆپۆزیسیۆنی هەرێمی کوردستان لە کانوونی دووەمی ئەمساڵدا بە گرووپی قەیرانی ڕاگەیاند: "ئێستا نزیکین لەوەی بگەڕێینەوە ئەو شوێنەی لە ساڵی 1991 لێی بووین، تاکە جیاوازیی دۆخی ئێستامان ئەوەیە کە ئێستا باڵەخانە، هۆتێل و ریستورانتی بریقەدارمان هەیە". کاربەدەستێکی حکومەتی هەرێمیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئەمە لە یاری مار و پەیژە دەچێ. ئەمڕۆ لە خانەی 99ەوە گەڕاوینەتەوە بۆ خانەی یەک".

کاربەدەستێکی پارتی لە کەرکووک، مانگی ئایاری ئەمساڵ بە ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی گرووپی قەیرانی گوت کە "کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی هەبێ، بەڵام دەبوو کاتێکی باشترمان بۆ گشتپرسییەکە هەڵبژاردبایە. هەموو جیهان لەدژی ئێمە هەڵگەڕانەوە. بەهۆی گشتپرسییەوە زۆر لە دەستکەوتەکانمان لەدەستدا".

لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری 2018ی پەرلەمانی عێراقدا، پارتی ڕایگەیاند کە مادام مەلەفی ئەمنی شارەکە بەدەست حەشدی شەعبییەوە بێت، لە پارێزگای کەرکووک بەشداری هەڵبژاردن ناکات. ئەوکات بەرپرسێکی پارتی بە گرووپی قەیرانی گوت: "یەک دوو کورسی پەرلەمانی عێراق هیچ لە ڕاستییەکانی کەرکووک ناگۆڕێ. تەنیا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا دەتوانێ وێنەی بارودۆخی کەرکووک بگۆڕێ و سەرەتایەک بێ بۆ گفتوگۆی جدی لەبارەی داهاتووی شارەکە". بەرپرسەکە جەختی لەوەش کردووەتەوە کە هەرکات حکومەتی نوێی عێراق پێکهات، ئەوانیش دەگەڕێنەوە کەرکووک.

لە کاتی هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەردا، ژمارەیەک لە بەرپرسانی کورد پێیانوابوو کە "بەغدا بۆ هەمیشە ئەو ناوچانەی کۆنترۆڵ کردەوە". بەڵام بەرپرسێکی تورکیا بە گرووپی قەیرانی ڕاگەیاندووە کە کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە جێگیر نییە، بۆیەش "کەرکووک پێویستی بە چارەسەرێکی سیاسی هەیە".

عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووک هەڵوێستی جیاوازیان بەرامبەر هێرشەکانی ئۆکتۆبەر و ئاکامەکانی بۆ سەر ناوچەکە هەبوو. تەحسین کەهیە، سەرکردەیەکی تورکمانە شیعەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگا، بە گرووپی قەیرانی ڕاگەیاندووە "تورکمانە شیعەکان بە هاوکاریی حکومەتی ناوەندی و هێزی میلیشیا شیعەکان ئەو دەسەڵاتەیان بەدەستهێناوەتەوە کە مافی خۆیان بووە". بەڵام سیاسەتکارێکی کەرکووک بە وریاییەکی زیاترەوە دەڵێ "میلیشیا تائیفییەکان خەریکە لەسەر حیسابی هێزە حکومییەکان بەهێزتر دەبن. ئەمە بۆ ئارامی و پێکەوە ژیانی شارەکە مەترسیدارە".

بەپێی ڕاپۆرتەکە، هێزەکانی حەشدی شەعبی خۆیان لە چوونە ناوچە سوننەنشینەکانی دەوروبەری حەویجە بەدووردەگرن و تەنیا لەسەر ڕێگاکان جەولە دەکەن. چاودێرێکی دۆخی ئەمنی کەرکووکیش باس لەوە دەکات کە "خەڵکی ناوچەکە بەدەست داعش و حەشدەوە دەناڵێنن، چونکە هەردووکیان خەڵکی ناوچەکە بە هەواداری لایەنی بەرامبەر تۆمەتبار دەکەن".

ڕاکان سەعید جبووری، پارێزگاری بە وەکالەتی کەرکووک، تۆمەتبار دەکرێ بەوەی "تەعریبێکی نوێ"ی لە کەرکووک دەستپێکردووە، دەگوترێ هانی عەرەبەکانی ناوچەکە دەدات بێنە ناو شارەکەوە. ژمارەیەک لە لایەنگرانی ڕاکان سەعید ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەوانەی دەهێنرێنە ناو کەرکووکەوە عەرەبی ئاوارەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکووکن. بەڵام خەڵکی شارەکە نیگەرانن لەوەی گرووپێکی ئەتنیکی لەسەر حیسابی گرووپەکانی دیکە دەهێنرێنە ناو شارەکەوە.

> **بەرپرسێکی پارتی لە کەرکووک:**
> ### دەبوو کاتێکی باشترمان بۆ گشتپرسییەکە هەڵبژاردبایە، چونکە بەو هۆیەوە زۆر شتمان لەدەست چوو

### ساختەکاری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە پارێزگای کەرکووک، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان شەش کورسی لە کۆی 12 کورسی پارێزگاکە بەدەستهێنا. هەر ئەوکات گومانی ساختەکاری لە ژماردنی دەنگەکان دروستبوو. عەبدولڕەحمان ئەلعاسی، سەرکردەیەکی عەرەبی کەرکووک، بە ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکەی ڕاگەیاندووە: "خەڵک گاڵتەیان بە هەڵبژاردنەکانی کەرکووک دەکرد و دەیانگوت ئێمە عەگالمان خستە نێو سندوقەکانی دەنگدان، کەچی شەڵوار دەرچوو".

ژماردنەوەی دەنگەکان بەدەست هیچی لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە کەرکووک نەگۆڕی و یەکێتی وەک خاوەنی شەش کورسی مایەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکە، هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە کەرکووک لە ئێستاوە نیگەرانی ئەوەی دروستکردووە کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاشدا هەمان شت دووبارە دەبێتەوە.

لە سەرەتای ئاداری ئەمساڵ لایەنە سیاسییەکانی کەرکووک لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە لە نیوەی یەکەمی 2019دا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەڕێوەبچێ. ئەمە لە ساڵی 2005 بەدواوە یەکەم هەڵبژاردنی لەو جۆرە دەبێ. لە ئایاری 2018 ئەلعاسی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە کۆپیکردنەوەی ئەم هەڵبژاردنە (واتە هەڵبژاردنی پەرلەمانی) کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەسەر چارەسەری دۆزی کەرکووک دادەنێ "عەرەبەکان هەرگیز متمانە بە پرۆسەی سیاسی ناکەنەوە".

تەحسین کەهییەش دەڵێت: "ترسم هەیە لەوەی ساختەکارییەکان جارێکی دیکە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاشدا ڕووبدەن، کاریگەریی ئەمە لەسەر داهاتووی کەرکووک زۆر لە ساختەکارییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی زیاتر دەبێ".

### دابەشکردنی دەسەڵات

دەرچوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە کێشەلەسەرەکان و وجوودی لاوازی هێزەکانی حکومەتی عێراق و حەشد لە ناوچەکە ڕێگەی بۆ داعش خۆشکردووە لە دیوی ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکووک سەرئێشەی ئەمنی دروستبکاتەوە. گرووپی قەیران پێیوایە ئەم گۆڕانکارییە ئەمنییە ڕێگە بۆ هاوکاریی نوێی سوپا و پێشمەرگە خۆشدەکات. لەلایەکی دیکەوە هەڵوێستی سیاسییەکانی کەرکووکیش بەرامبەر بەشداریی کورد لە ناوچەکە گۆڕاوە، بەتایبەتیش سیاسییە عەرەبەکان. تەنانەت پارێزگاری بە وەکالەتی کەرکووکیش هەستی بەوە کردووە کە هێزە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان دەیانەوێ دۆخی کەرکووک چارەسەر بکەن.

> **بەرپرسێکی تورکمان لە کەرکووک:**
> ### تورکمانەکان بەهێزی میلیشیا شیعەکان ئەو دەسەڵاتەیان بەدەستهێناوەتەوە کە مافی خۆیانە

عەفیفە ئەلجومەیلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی مەشروعی عەرەبی، بە گرووپی قەیرانی ڕاگەیاندووە: "کورد دەبێ بگەڕێتەوە کەرکووک و هەموو ناوچە کێشەلەسەرەکان و دەبێ بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی ئێرەدا بکەن. تەنانەت هێزە ئەمنییەکانی کوردیش دەتوانن بگەڕێنەوە و لە مەڵەفی ئەمنیدا ڕۆڵیان هەبێ، بەڵام ئەمە دەبێ بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا و ڕێککەوتنی پێشوەختەی سیاسیی هەموو لایەنەکان بێ، شێوازی مامەڵەی ئاسایش و پێشمەرگە لەگەڵ عەرەبەکان جێی قەبوڵ نەبوو، بەڵام ئەو هێزە ئەمنییانەش کە ئێستا کۆنترۆڵی کەرکووکیان لەدەستە باشتر لەوان لەگەڵ عەرەبەکاندا مامەڵە ناکەن".



عەرەبی کەرکووک لە ترسی ساختەکاری حەزناکەن هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کەرکووک بکرێ (فۆتۆ: ڕووداو)

بەپێی ڕاپۆرتەکە، سەرەڕای ئەم هەڵوێستەش زۆرینەی دانیشتووە غەیرە کوردەکان دژی گەڕانەوەی هێزی ئاسایشن، ئەمەش بەربەستە لەبەردەم ڕێککەوتنی هێزە سیاسییەکانی کەرکووک.

محەممەد کەمال، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەسەر لیستی پارتی، بە ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکەی ڕاگەیاندووە: "دەبێ هێزێکی هاوبەش بۆ ئیدارەکردنی مەلەفی ئەمنیی کەرکووک هەبێ، ئەو هێزەش لە سوپای عێراق، پۆلیسی فیدراڵی، پێشمەرگە و ئاسایش پێکهاتبێ. دەبێ هەرکام لەو هێزانە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی ناوچەیەکی دیاریکراویان پێبدرێ، بۆ ئەوەی (لەگەڵ یەکدی) تووشی پێکدادان نەبن. ئێمە پێویستمان بە ئیدارەیەکی هاوبەشیشە لە کەرکووک کە دەبێ بە ڕێککەوتنی بەغدا و هەولێر پێکبهێنرێ".

هەرچەند هەموو لایەنەکان لەسەر ئیدارە و ئاسایشی هاوبەشی پارێزگای کەرکووک کۆکن، بەڵام میکانیزمەکانی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە خاڵی ناکۆکیی لایەنەکانە. ئاوات ئەمین، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "هەموو کەس (لە کوردستان) دەبێ لەوە تێبگات کە لە کەرکووک ئێمە مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا دەکەین، نەک ناوچەیەکی دیاریکراو. مادەی 140 چیدی بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک باش نییە. کۆی پرۆسەکە دەبێ بەسەر کۆمەڵێک مەلەفی بچووکتردا دابەش بکرێ، بەغدا و هەولێرش دەبێ لەسەر مەلەفی ئەمنی کەرکووک ڕێکبکەون". ئەندامە کوردەکە جەخت لەوە دەکاتەوە یونامی دەبێ لە وردەکارییەکانی (پرۆسەی چارەسەریی) کێشەی کەرکووکدا بەشدار بێ.

عەلی مەهدی سادق، ئەندامی تورکمانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، پێیوایە: دەبێ لە پرسە هەرە ئاسانەکانەوە بەرەو پرسە ئاڵۆزەکان هەنگاو بنێین، بۆ نموونە یەکەم هەنگاوی یونامی دەتوانێ کردنەوەی فرۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی لە کەرکووک بێ، دواتر ڕێگەیەک بۆ دامەزراندنی ئیدارەی هاوبەش بدۆزرێتەوە". ئەندامە تورکمانەکەی ئەنجوومەنی پارێزگا جەخت لەوە دەکاتەوە کە "لە کەرکووک هیچ شتێک بە دەسەڵاتی زۆرینە یەکلاناکرێتەوە".

دیالە: خانەقین

لە مانگی حوزەیرانی 2014، هەردوو شارۆچکەی سەعدیە و گولاڵە کەوتنە دەست چەکدارانی داعش، بەڵام شاری خانەقین لە ژێر دەستی هێزەکانی پێشمەرگە ماوە. پێنج مانگ دواتر هێزەکانی یەکێتی و حەشدی شەعبی داعشیان لەو دوو ناوچەیە دەرکرد. لە دوای هێرشەکانی ئۆکتۆبەری 2017، ململانێکان لە خانەقین گۆڕان.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە حەشد لە ناوچەکە باڵادەست بوو، حکومەتی عێراق وجوودێکی ئەوتۆی لە ناوچەکەدا نەبوو، بەتایبەتیش لەڕووی ئیدارییەوە، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی "حەشد لە ڕێگاکان سەرانە لە بازرگانەکان وەربگرێ و خەڵکی غەیرە-شیعە بتۆقێنێ". زیاد دەلۆیی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی، بە گرووپی قەیران دەڵێ میلیشیاکانی حەشد ڕێز لە یاسا و حکومەت ناگرن، لە کاتێکدا دامەزراوە ئیدارییەکانی ناوچەکەیان پڕکرد لە شیعە.

ئەم هەنگاوانەی حەشد وای لە خەڵکی کوردی خانەقین کرد ناوچەکەیان چۆڵ بکەن کە ژمارەیەکی زۆریان هێشتا نەگەڕاونەتەوە. جیا لەمە، حەشد تۆمەتبار دەکرێن بەوەی ژمارەیەک خێزانی کوردیان لە گولاڵە دەکردووە. خەلیل خوداداد خالیدی، بەرپرسی ئۆفیسی یەکێتی لە گولاڵە، لە مانگی ئادار بە گرووپی قەیرانی ڕاگەیاندووە "700 خێزانی کورد ناوچەکەیان جێهێشتووە". هەروەها ئاشکراشی کردووە عەرەبە سوننەکان، کە پێشتر لەگەڵ داعش بوون، لەگەڵ حەشد کەوتوون و ئەمە وەکو دەرفەتێک بۆ تۆڵەسەندنەوە لە کورد بەکاردەهێنن.

خەلیل خوداداد لەبارەی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری پارساڵیش بە گرووپە نێودەوڵەتییەکەی ڕاگەیاندووە "یەکێتی بڕیاری دا هاوکاریی سوپای عێراق بکات بۆ ئەوەی هەردوو لایەن لە خوێنڕشتن دوور بن".

گرووپی قەیران لەگەڵ ژمارەیەک سیاسەتکار و بەرپرسی خانەقین قسەی کردووە، هەموویان جەختیان کردووەتەوە لەوەی پێویستە دۆخی ناوچەکە سەقامگیر بکرێتەوە، بۆ ئەمەش دەبێ دەسەڵاتی ئەمنی و ئیداری دابەش بکرێنەوە و ڕێککەوتن و متمانە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناوچەی خانەقین بەدی بهێنرێن.

لە چەند مانگی ڕابردوودا گفتوگۆکانی نێوان بەغدا و هەولێر گەرموگوڕتر بوونەتەوە. ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەردوو لایەن ئەوەیان پیشانداوە کە ئامادەی گفتوگۆن، یونامیش ئامادەیی دەربڕیوە لەسەر بنەمای ڕووپێوی 2009ی ناوچە کێشەلەسەرەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا نێوەندگیری بکات. ڕاپۆرتەکەی 2009 بناغەیەکە بۆ دەستپێکردنی دیالۆگ نەک چارەسەری دەمودەستی کێشەکان.

ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە پێیانوایە یەکەم هەنگاوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ چارەسەرکردنی ئاکامی ئەو هەنگاوە توندانەی عێراق بێ کە دوای گشتپرسی لەلایەن بەغداوە لەسەر هەرێمی کوردستان پەیڕەوکران، ئینجا دەست بە دانانی نەخشەڕێگەیەکی چارەسەری دۆخی ناوچە کێشەلەسەرەکان بکرێ کە تێیدا هەوڵی ڕازیکردنی هێزە نێوخۆی و دەرەکییەکان بدرێ، پێشنیازیش دەکات لە کێشەی بچووکەوە بەرەو کێشە گەورەکان بچن، نەک ئەوەی ڕێگەی قەدبڕ بەرەو کێشە گەورەکان بگرنەبەر. کێشە بچووکەکانیش بریتین لە گەڕانەوەی ئاوارەکان، چارەسەری توندتیژییەکان و پێکهێنانی دەستەی ئەمنیی هاوبەش و یەکلاکردنەوەی مەسەلەی موڵک و ماڵە کێشەلەسەرەکان.

> ### هەوڵ دەدرێ ڕاپۆرتەکەی یۆنامی بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک زیندوو بکرێتەوە

> ### کەرکووک پێویستی بە چارەسەرێکی سیاسی هەیە
> بەرپرسێکی تورک



کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# کچە داعشێک دەپاڕایەوە بیهێنمە کوردستان

چیرۆکی پێنجەم

نەوزاد مەحموود
رووداو – دهۆک

ئەو چەند کاژێرەی لەگەڵی بووم، تەنیا یەک جار پێکەنی، ئەویش دوای ئەوەی پێمگوت: "هەنا، تاوەکو تۆم دۆزییەوە زۆر ماندوو بووم". ئەو بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: "منیش تاوەکو دایکم دۆزییەوە پیر بووم". بەڕاستی من بەرامبەر منداڵێکی پیر دانیشتووم. کەسێک کە دڵی بووە بە عەمباری دەردەسەری و ژان و ناسۆر. هەر ئەوەش وای لێکردووە خۆزگە بخوازێ بەوەی وەکو ڤیان دەخیلی پەرلەمانتاری پێشووی ئێزدی زمانپاراو بووایە، بۆ ئەوەی جیهان زۆرتر بزانێ دەربارەی ئەوەی کە بەسەر ئەو و سەتان ئافرەتی دیکەی ئێزدی هاتووە.

ئۆتۆمبیلەکە کە هەنا و دەیان ئافرەت و منداڵی دیکەی تێ ترنجێنراوە، ملی ڕێگای گرتووە بەرەو تەلەعفەر، ڕێگاکە ئەوەندە درێژە نابڕێتەوە، دوو چەکداری داعشی دەمامکدار بەپێوە پاسەوانی دەکەن نەبادا کەسێک هەوڵی هەڵاتن بدات یان خۆی فڕێ بداتە خوارەوە. هەتاو ئەو ڕۆژە، خۆری خۆشەویستی ئێزدییان نەبوو، ئەو ڕووناکییە نییە کە مەسحەفا ڕەش، تاڵە تاڵەی پرشنگەکانی دەلاوێنێتەوە، بەڵکو ئاگرێکی سووتێنەری بەسەریاندا دەباراند. هەڵبەز و دابەزی وەرزکەری ئۆتۆمبیلەکە جار جار تەزووی خەیاڵی هەنای تەمەن 11 ساڵ دەپچڕێنێ. خەیاڵی ئەو ڕۆژانەی بەهەمان ڕێگادا لەگەڵ باوکی دەچوونە

## هەر لە گوندەکەمان بووین کە دەستدرێژیان کردە سەر دوو خوشکەکەم

تەلەعفەر، دەچوون بەنێو دووکان و بازاڕەکاندا بگەڕێن و هەرچی دڵ دەیگرێ داوای بکات. یەکێک لە خوشکەکانی دەبینێ بەرامبەری دانیشتووە و دەگری. پێدەچێت ئازارێکی زۆر بەگیری هێنابێت، چونکە چەند خولەکێک بەرلەوەی هەڵیاندەنە نێو ئۆتۆمبێلەکەوە، بووە نێچیری یەکێک لە چەکدارەکان.

"هێشتا بەڕێنەخرابووین، هەر لە گوندەکەی خۆمان بووین، دوو چەکداری داعش هاتن و دوو خوشکەکەمیان بردن و دەستدرێژییان کردە سەریان".

ئەی لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا؟.. بەدرێژایی ڕێگاکە چییان دەکرد؟ "نەمبینی لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا هیچ بکەن، بەڵام کاتێک گەیشتینە ئەو هۆڵە گەورەیەی تەلەعفەر، هیچ نەما نەیبینم. کە دەڵێم هەر بەمنداڵی پیر بووم، باسی ئەو ڕۆژانە دەکەم کە وەک بزمار دەچوون بە گیانمدا، باسی هاتوهاوار و پاڕانەوەی خوشکەکەم کاتێک لەبەردەستیاندا کەوتبوو".

### کچێکی 12 ساڵان لە ترسان مرد

ئۆتۆمبیلەکە گەیشتە جێگای خۆی. دوو چەکدارەکە پێش هەموان خۆیان هەڵدەدەنە خوارەوە و هاوار دەکەن "وەرنە خوارەوە". دەستی خوشکەکەی توند گرتووە. چوونە نێو هۆڵێکی گەورە و فراوان. چەند ژوورێکی دیکە لەوێ هەن، بەڵام یەکێک لە ژوورەکان بۆ ژنەکان نییە و تایبەتە بە چەکدارانی داعش. هێشتا ماندوێتی ڕێگاکە نەڕەویوەتەوە، چەند چەکدارێک دێنە ژوورەوە و بە لەشولاری کچەکاندا دەڕوانن.

"من و خوشکەکەم خۆمان لە پشتی ژنەکانەوە حەشار دابوو، ئەو ڕۆژە چەند کچێکی جوانیان برد، هەندێکیانیان بردن و نەیانگەڕاندنەوە بۆ نێو هۆڵەکە، هەندێکیش بۆ چەند کاژێرێک دەیانبردن، دواتر دەیانهێنانەوە".

دواجار چاوی یەکێک لە چەکدارەکان لەسەر روخساری ئەو گیرسانەوە و ئەوەش بێ ئەملاولا بەمانای ئەوە دەهات کە دەبێ بڕوات لەگەڵی.

"یەکێک لە کچەکان هاتە تەنیشتمەوە و بە کزییەوە پێیگوتم، دەزانی چەکدارێکی کوردم بینی؟".

**هەنا: چۆن دەزانی کوردە؟**

**کچەکە:** بە کوردی بە چەکدارێکی دیکەی گوت بۆچی ئەم کچە ناکڕیتەوە؟

وادەزانم ئێستایە و هەموو شتەکانم لەبەرچاو ماون، کاتێک هاتن و سێ کچیان بەیەکەوە بردە ژوورە تایبەتەکە، بەڕوونی گوێمان لێیان بوو کاتێک کچەکان دەگریان و دەیانگوت دەستمان لێمەدەن، بەڵام یەکێک لە کچەکان کە هاوڕێم بوو، ئەو بە پاس هێنابوویان، دەیگوت هەر لەناو پاسەکەدا یەکێک لە کچەکان کە تەمەنی 12 ساڵ بوو، بەبینینی ئەوان لە ترسان مرد".

هەنا خەریکە ئارامی لەدەستدەدات "ئەو کەسەی منی هەڵبژارد و دەستیگرتم بۆ ئەوەی بمبات زۆر بەباشی شێوەیم لەیادە، هەمیشە دەمگوت ڕۆژێک دێ پێشمەرگە دەگەنەوە و تۆڵەی خۆم و خوشکەکانمی لێدەکەنەوە".

ئەو جێگایەی هەنای لێ فرۆشرا، وەک بازاڕێک وابووە. ئەو کەسەی بردییە بازاڕەکەوە، پێویستی بە کاتی زۆر نەبووە، چونکە هەر زوو کەسێک بەناوی ئەبوو ساڵح پەیدابوو. دەستەکانی بەسترابوون و دەبوو بەدوایدا ڕێگاکە ببڕێ و هەر پرسیارکردنێکیش لەبارەی ئەوەی بۆ کوێی دەبات، بێوەڵام دەمایەوە "ئەبوو ساڵح خەڵکی تەلەعفەر بوو، پیاوێکی سەر و ریش سپی، ئەو ماوەیەی لەگەڵی بووم، بۆ هەر کوێ بچووایە لەگەڵ خۆی دەیبردم. شنگال، مووسڵ، ڕەققە، تەلەعفەر. زۆرجار دەمبینی ڕاهێنانی سەربازی بە چەکدارانی داعش دەکرد، 10 ژنی دیکەی هێنابوو، بەڵام ئەوکاتە تەنیا دوو ژنی مابوون".

### کوردبوونی خۆیان دەشاردەوە

سەیری کچە بەدبەختەکان دەکات و دەبینێ چۆن وەک شۆڕەبی کەناری چەمەکان، بەسەر بێدەسەڵاتی و نائومێدیی خۆیاندا شۆڕ بوونەتەوە، بەڵام خۆی بەدبەختتر و داتەپیوتر. لە گەرمای ئابدا و لەنێو هۆڵێکی قەرەباڵغدا کە هەناسەی خەڵکەکەی ناوی هالاوێکی گەرمی دروست کردووە، هەڵدەلەرزێ: "ناچاریان دەکردین ئەوە بکەین کە حەزیان لێبوو، کەسێک ڕەتیبکردایەتەوە بە قژ ڕایاندەکێشا و دەیانبرد.

## کچێکی 12 ساڵان بە بینینی چەکدارانی داعش لە ترسان مرد

بەهۆی نزیکیی ژوورەکەیان گوێمان لە هەموو شتێک بوو. هەر بە هاوارەکانیان تێدەگەیشتین چەند بە دڕندەیی دەستدرێژییان دەکردە سەریان، خوشکی یەکەمیان بردم و دواتر هاتنەوە خوشکەکەی ترمیان دایە پێش خۆیان".

هەنا دەڵێت چەکدارە داعشە کوردەکان کوردبوونی خۆیان دەشاردەوە.

"کاتێک چەند کچێکیان لەو ژوورە هێنایەوە، لە دەوری یەک کۆبووینەوە و دەردە دڵمان بۆ یەکدی دەکرد، چەند چەکدارێکی داعش کە لێمان نزیک بوون، یەکێکیان گوتی: ئەوە چیتان گوت بە عەرەبی بیڵێنەوە. ئیدی ئێمە تێگەیشتین کە ئەوان لە هەموو شتەکانمان تێدەگەن و بۆ دڵنیابوونەوە پێمان دووبارە دەکەنەوە".

هەنا، ببووە پارووی چەوری کەسێک بەناوی خالید. پیاوێکی کەتە و تێکسمڕاوی تووڕە. ئەم بە جەستە لاوازەکەیەوە کاتێک لەبەردەم خالیددا دەوەستا، وەک ئەوەبوو چاوەکانی لە هەیبەتی شاخێک گیربووبن: "بیرم دەکردەوە من بەو تەمەنە کەمە و ئەو جەستە لاوازەمەوە چۆن بەرگەی بێویژدانی و تووڕەیی خالید بگرم؟

## ژنی داعشەکان پلانیان بۆ دادەنایین چۆن هەڵبێین

من 14 ساڵ و ئەویش نزیکەی 50 ساڵ دەبوو، ئەو هەمیشە درۆی منداڵانەی بۆ دەکردم، بیرمە گوتی وەرە با بڕۆین بۆ مووسڵ، لەوێ دایک و باوک و براکانت دەبینی". پێشبینییەکانی لەبارەی خالیدەوە هەروا پێشبینییەکی منداڵانە نەبوو.

پانۆرامای ژیانی هەنا، یان ئەو ئەلبوومەی چارەنووس پێیدابوو تاوەکو لەو ڕۆژانەی دیلێتیدا پڕی بکات لە وێنەی ناخهەژێن، لە یەکەم شەوی بەیەکگەیشتنی لەگەڵ خالید، خوێناوی بوو. ئەو شەوە خالید تەنیا بەدوای چێژدا دەگەڕێ و گوێ بەوە نادات چی ڕوودەدات: "تووشی خوێنبەربوونێکی خراپی کردم، هەرچەندە تکام لێدەکرد وەک ئەوەبوو لەگەڵ ئاژەڵێک بدوێم، خوێنێکی زۆرم لێ ڕۆیشت و ماوەی دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانە کەوتم، تەنانەت جارێکیان دوای ئەو هەموو پاڕانەوەیە دەیگوت بە شێخەکەت بڵێ لە لالش با بێت ڕزگارت بکات".

ئەو کە هەمیشە ببووە سێبەری خالید و دەبوو لەگەڵی بڕوات بۆ هەموو ئەو جێگایانەی بۆنی بارووتیان لێ دەهات، تەنیا یەکجار لەگەڵی چووەتە بازاڕ: "لەبەردەم دووکانێکی پۆشاکفرۆشیدا، هەر لەناو ئۆتۆمبیلەکەوە دەستی ڕاکێشا بۆ ئەو جلوبەرگانەی نمایشکرابوون، پێیگوتم ئەو عەبایەت بۆ دەکڕم، نەیهێشت لەگەڵی بڕۆم، خۆی ڕۆیشت عەبایەک و جووتێک نەعلی بۆ کڕیم، ئەوە جلوبەرگی جەژنم بوو".

### ژنەکانیان پلانی هەڵاتنیان بۆ دادەناین

"ئێمە ژیانێکی قێزەونانە دەژیاین" هەنا، چاوەکانی دەدرەوشێنەوە. بیرم لەوە دەکردەوە پێش ئەوەی داعش پەلاماری شنگال بدات، لە جەژنی حاجیان و ڕۆژی پێنجەمینی پەری سوارکردندا، دەبێ چۆن خۆی برازێنێتەوە بۆ ئەوەی هێندەی دیکە پەلکەزێڕینەی لالش ڕازاوەتر بکات. بەڵام ئەو کرابووە کۆیلەیەک لەو کۆیلانەی بەهۆی ئێزدیاتییەوە بەسەری هێنرابوو. تەنانەت ڕوویەکی خۆشی لەو کاتانەش نەبینیوە کە چەکدارەکان بۆ چێژوەرگرتن لەگەڵیان خەوتوون "غەزەب لە ڕوخساریان دەباری، بەردەوام لە مەشق و ڕاهێنانی سەربازیدا بوون و کە دەهاتنەوە قوڕاوی و چڵکن بوون، بەردەوام بە گومان بوون، ئەوەندەیان لێدەداین جەستەمان شین دەبووەوە". هەندێک ڕادەوەستێ و بیر دەکاتەوە: "بەڵام هەندێک شەو کە حەزیان لە ڕابواردن بوو، دەبووینە شاژنی ئەوان و بە ناوی خۆش بانگیان دەکردین".

ئەو بەیانییە ژانەسەر لە خەو بێداری کردەوە. لەگەڵ خوشکێکی و چەند کچێکی دیکە برانە نێو باڵەخانەیەکی گەورە و دەبوو خواستی چەکداران لەژێر زەمینی باڵەخانەکەدا جێبەجێ بکەن. فڕۆکەکان دێن و دەچن و ئاسمان و زەمینی مووسڵ بەدەست ناڵە و نرکەی ئەو بۆمبانەوە پەرێشانە کە لە ئاسمانەوە بەردەدرێنەوە. یەکێک لە بۆمبەکان ڕۆژی ڕووناکی لەو بینایە کردە

## ئەو پیاوەی منی کڕییەوە 10 ژنی هێنابوو

شەوەزەنگ و قیژە و هاوار و هاڕەی بەسەر یەکداکەوتنی بلۆک و کەلوپەلەکان، ئاوازێکی تۆقێنەریان دروستکرد. کێ بە هانای کێوە دەچێ "یەک لە دوای یەک لەژێر داروپەردووی رووخاوەوە دەریانهێنایین، خوشکەکەم چیدی نەهاتە دەرەوە، تەنیا من و کچێکی دیکە کە ئەویش تەمەنی 11 ساڵ بوو، ئیدی پەیوەندی من بە دنیاوە پچڕا و هۆشم نەما".

هەنا پێش ئەو بۆردومانە گەڕابووەوە لای ئەبوو ساڵح. کچێکی ئەبوو ساڵح تەرخانکرابوو بۆ ئەوەی هەمیشە لەگەڵ هەنا بێت "چاودێری دەکردم، ئەویش لەو بینایە دەربازی بوو".

لە هەنا دەپرسم لە بارەی وردەکارییەکانی ئەو ڕووداوە؟ بەڵام ئەو دەڵێت لە دوای ئەو بۆردومانەوە بەشێک لە یادەوەری لەدەستداوە "دەنگەکەی زۆر زۆر گەورە بوو، لەگەڵ خۆیدا ژوورەکانی پڕکرد لە دووکەڵ و ئاگر و تەپوتۆز، نازانی چۆن ئەو بینا گەورەیەی خاپوور کرد".

هاوژینە داعشەکەی ئەبوو ساڵح، لەگەڵ ئەوەی کە هەنا دەڵێت زۆر ڕقی لەم بووە، بەڵام بیرۆکەی ئەوەی خستووەتە مێشکییەوە کە دەتوانێ هەڵبێ و خۆی دەرباز بکات.

"ژنەکانیان ڕقیان لە ئێمە بوو، بەڵام دەهاتن و پێیاندەگوتین چۆن هەڵبێین. ئەگەر ژنی داعشەکان دەسەڵاتیان هەبووایە، هەموو ژنە ئێزدییەکان مانگێک لە بندەستی داعش نەدەمانەوە. بەڵام من نەمدەوێرا قسەی لێوەرگرم، وا تێدەگەم دەیویست بمخاتە داوەکەوە و دواتر بکوژرێم".

تەنانەت کچەکەی ئەبوو ساڵح هەمان بیرۆکەی خستە مێشکییەوە و ڕۆژێک پێیگوت کە دەتوانێ هاوکاریشی بکات.

**هەنا: چۆن؟**

**کچی ئەبوو ساڵح:** دەبێ لە نەخۆشخانەوە هەڵبێی.

**هەنا: ئاخر چۆن هەڵبێم؟**

**کچی ئەبوو ساڵح:** بەباوکم دەڵێم کە تۆ زۆر نەخۆشیت و پێویستە لەگەڵت بێمە نەخۆشخانە، دواتر لە نەخۆشخانەکەوە دەرباز بە.

### "تکایە منیش ببە بۆ کوردستان"

ناوەڕاستی مانگی تەمووزی 2017، هێرشە ئاسمانییەکان بۆ سەر تەلەعفەر چڕبوونەوە. ئەوە سەرەتای نزیکبوونەوەی ئۆپەراسیۆنی زەمینیی سوپای عێراق بوو بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو شارۆچکە زۆرینە تورکمانە کە بەدەست داعشەوە بوو. بەهۆی بەرگریی سەرسەختانەی داعش یەک لە دوای یەک بینا و باڵەخانەکان وێران دەبوون و قوربانییەکان زۆرتر دەبوون. ئەو ڕۆژانە، دووکەڵ شارەکەی داپۆشیبوو. هەنا، هەستی دەکرد کۆتایی ئەو چەکدارانە بەچاوی خۆی دەبینێ، هەرچەندە هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی بەشێوەک لەسەر پێوەدرابوو کە هیچ هەواڵێکی پێنەدەگەیشت: "بەڵام حاڵی چەکدارەکان زۆر خراپ بوو". لە ناوەڕاستی مانگی ئابدا هێرش زەمینی دەستیپێکرد و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەنگی تەقە نزیکتر دەبووەوە، بەراددەیەک ئیدی ئەو گوێی لە دەنگی زنجیری تانکەکانیش دەبوو "سوپای عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی گەیشتن و بەشێکی زۆر لە چەکدارەکان هەڵاتن. ئێمە و ژن و منداڵی داعشەکان کەوتینە دەست سوپا، پاشان ئەوانیش دەستیانکرد بە جیاکردنەوەمان بۆ ئەوەی ئێزدییەکان لە ژن و کچی داعشەکان داببڕن، لەوکاتەی ئەوان خەریکی جیاکردنەوەمان بوون، چەکدارانی داعش سێ جار هەوڵیاندا دەست بەسەر تەلەعفەردا بگرنەوە".

لەو چەند خولەکە کەمەدا، ڕێڕەوی ژیان و ڕووداوەکان گۆڕان. ئیدی ژن و کچی داعش لە هەنا و کچانی دیکەی ئێزدی دەپاڕانەوە. دەستەکانی لە قاچی هەناوە ئاڵاندووە و تکای لێدەکات لەگەڵ خۆی بیبات بۆ کوردستان. کوردستان، لەو دۆخەدا تاکە شوێنی سەرزەوییە هەستی ئارامی بۆ بگێڕێتەوە. ئەوەی زۆر لە هەنا پاڕاوەتەوە کچی ئەبوو ساڵحە "تەلەفۆنێکم پەیدا کرد و پەیوەندیم بە براکەمەوە کرد و پێمگوت، ئەو کچە داوا دەکات بیهێنم بۆ کوردستان. براکەم زۆر تووڕە بوو، گوتی دوای ئەو هەموو ئازارەی چەشتت بەدەستیان، ئێستا دەتەوێ گیانی داعشێک ڕزگار بکەی؟ نەخێر نەیهێنیتەوە.

ئەو نازانێ کچەکەی ئەبوو ساڵح و ئەوانی دیکە چییان بەسەرهات، بەڵام دڵنیایە ئەبووساڵح هەر زیندووە و لە مووسڵە. ئێستا هەنا لەنێو کەمپێکە، کەسوکاری خۆی بینییەوە، بەڵام ئێش و ئازاری ئەوانەی نەیبینین، خۆشییەکەی شێواند. هەنا، ماوەیەکی درێژ ڕادەوەستێ و پرسیارێک وەڵام دەداتەوە کە چەند کاژێرێک پێشتر لێمکردبوو. دەپرسێ: تۆ بۆ چەند ڕۆژێکی کەمیش دوور بکەویتەوە، بیری منداڵەکانت ناکەی؟ دەڵێم بەڵێ زۆر. هەنا کچێکی بڕسکاوە، وەک خۆی دەڵێ، نە دەبێتەوە بە هەنای ڕۆژە بەهارییەکانی شنگال و نە مۆتەکەی ڕابردووشی بۆ دوور دەخرێتەوە لە خۆی "ئێمە ئەو کۆیلانە بووین کە سەرباری ئەوەی بەسەریان هێناین، هێشتا بەزەییمان هەبوو بەرامبەریان. ئێمە هەر بەمنداڵی ون بووین".





## وەبەرهێنان لە سلێمانی 30% زیادیکردووە

**ڕووداو- سلێمانی**

مەلا یاسین ڕەشید، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان ڕایگەیاند، ئەمساڵ لە سلێمانی 8 مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوەتە وەبەرهێنەران و لەبەرامبەریشدا 8 مۆڵەتی وەبەرهێنان هەڵوەشاوەتەوە "کەواتە وەبەرهێنان لە سلێمانی یەکسانە بە سفر". بەڵام بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنانی سلێمانی تەواو پێچەوانەی یەکێتی وەبەرهێنان قسە دەکەن و دەڵێن ئەمساڵ بەرێژەی 30%ی لەچاو ساڵانی قەیران، وەبەرهێنان بەرەو گەشانەوە چووە. عەزیز سەعید، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی ڕایگەیاند: "ئەو پرۆژانەی کە ئەمساڵ مۆڵەتیان پێدراوە ئەو پرۆژانەن کە لە ساڵی 2017 داواکارییان پێشکەش کردووە و کاری لەسەر کراوە، واتا ئەو پرۆژانەش کە ئێستا کاری لەسەر دەکەین لەوانەیە ئەنجامی هەبێت و مۆڵەت وەربگرێت".

### یەک ملیۆن دۆنم زەوی ماوە بچێندرێ

# باران ناهێڵێت جووتیاران زەوییەکانیان بکێڵن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت بەهۆی بەردەوامی بارینی باران و نەبوونی کڵ لە بەردەم جووتیاران بۆ چاندنی دانەوێڵەکانیان، هێشتا یەک ملیۆن دۆنم زەوی ماوە بچێندرێ، ئەگەر چاندن زیاتر دوا بکەوێ، کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی بەرهەمی دانەوێڵە دەبێت.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە 9 ساڵی ڕابردوودا ڕووبەری چاندراوی گەنم لە کوردستان لە یەک ملیۆن و 937 هەزار دۆنمەوە بۆ سێ ملیۆن و 552 هەزار دۆنم زیادبووە، بۆ وەرزی چاندنی ئەمساڵیش پێشبینی دەکرا جووتیاران لەکاتی خۆیدا سێ ملیۆن دۆنم زەوی بە گەنم بچێنن، بەڵام بەهۆی بەردەوامیی بارینی بارانەوە بەشێک لە جووتیاران هێشتا نەیانتوانیوە زەوییەکانیان بچێنن.

ئازاد سابیر دیبەگەیی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پەسەندکردنی بنەتۆ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت: "ئەمساڵ زووتر لە ساڵانی پێشتر باران باری و زوو پەڵەی دا، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی دابینکردنی بنەتۆ لەکاتی خۆیدا و بەردەوامیی بارینی باران و نەبوونی کڵ لە بەردەم جووتیاراندا، هێشتا زیاتر لە یەک ملیۆن دۆنم زەوی نەچێندراوە".

لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەو ناوچانەی زەویی چاندنیان زۆرە، هێشتا ڕووبەرێکی زۆر ماوە بکرێتە دانەوێڵە، بەتایبەت ناوچەکانی دەشتی باتێل، سندی، دەشتی هەولێر، بەڕانەتی، قەراج، کەندێناوە، شەمامک، دەشتی شارەزوور و هەندێ ناوچەی دیکە.

شارەزایانی چاندنی دانەوێڵە دەڵێن باشترین کات بۆ چاندنی گەنم لە هەرێمی کوردستان لە 15ی تشرینی دووەمە تاوەکو 15ی کانوونی یەکەم، ئەگەر باران دوا بکەوێت یان کڵ نەبێت بۆ چاندن دەتوانرێت تاوەکو 20ی کانوونی دووەمیش گەنم بچێندرێت.

ئازاد دیبەگەیی دەڵێت: "چەند لەکاتی دیاریکراو دووربکەوینەوە، کاریگەری لەسەرکەمبوونەوەی بەرهەم زیاتر دەبێت، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی پرۆسەی پیتاندنی گوڵەکان دوابکەوێت و بەشێک لە پیتاندنەکان سەرکەوتوو نەبن، بەو هۆیەشەوە گوڵە گەنمەکان بچووکتر دەبن و کاریگەری لەسەر کواڵیتی گەنمەکە و بڕەکەی دەبێت".

کەشناسان دەڵێن دیاردەی نینۆ و نینا کاریگەریان لەسەر بڕی بارینی باران هەیە، دیاردەی نینۆ دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی بارانبارین لە هەرێمی کوردستان، کاتێک ڕوودەدات کە پلەکانی گەرما لە زەریای هێمن بەرزببنەوە، لە پایزی ئەمساڵ دیاردەی نینۆ زاڵ بوو کە بووە هۆی گۆڕانی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان و پاڵنەر بۆ گەیاندنی نزمە پاڵەپەستۆکان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەوهۆیەوە بارانی زۆر بباریٚ.

فازل ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "بەهۆی دەرکەوتنی دیاردەی نینۆ هەر لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمەوە ڕامانگەیاند کە ئەمساڵ زووتر باران دەباریٚ و ڕێژەی بارینی بارانیش لە ساڵانی پێشتر زیاتر دەبێت، بەڵام بەداخەوە جووتیارانی هەرێمی کوردستان سوود لە زانیارییەکانی کەشناسی وەرناگرن بۆ چاندن، بۆیە دواکەوتن لە چاندن و باران بواری نەدان".

سەبارەت بە ڕێژەی بارانی ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، فازل ئیبراهیم گوتی: "ئەمساڵ ڕێژەیەکی بەرچاو باران لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان باریوە، بۆ نموونە تاوەکو 12/26 لە پارێزگای هەولێر 348.8 ملم باران باریوە، ساڵی ڕابردوو لە هەمان کاتدا تەنیا 65.9 ملم باران هەبووە، لە پارێزگای سلێمانی ئەمساڵ 470.9 ملم باریوە، پار ساڵ 118.9 ملم بووە، لە پارێزگای دهۆک 431.8 ملم باریوە، ساڵی پار 59.9 ملم بووە، لە هەڵەبجە ئەمساڵ 405.2 ملم باران باریوە، پار ساڵ لە هەمان ماوەدا 81.4 ملم باران بارییوو.

ئەمساڵ زۆرترین باران لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە قەزای مێرگەسوور باریوە کە 864 ملم بووە، کەمترینیشی لە خورماتوو بووە کە 161 ملم باریوە.

بە گوتەی فازڵ ئیبراهیم، ئەمساڵ ئەو ناوچانەی بە ناوچەی بارانی نامسۆگەر ناسراون لەوانەش قەراج، کەندیناوە، مەخموور، کەلار، کفری و مەیدان، گرفتی چاندنیان نابێ، چونکە ڕێژەیەکی باش بارانیان لێ باریوە و لە تێکڕای ئاسایی خۆیان زیاترە کە لە نێوان 200 بۆ 250 مللیمەترە.

تەها مستەفا، جووتیارێکی دەشتی بەڕانەتییە لە هەولێر، ساڵانە نزیکەی 650 دۆنم زەوی لە سنووری هەردوو ناحیەی دارەشەکران و شەمامک بە گەنم دەچێنێ. تەها دەڵێت: "بنەتۆ و تراکتۆرمان ئامادەیە بۆ چاندن، بەڵام بەهۆی بەردەوامیی بارانەوە، زیاتر لە 150 دۆنم زەویمان ماوە تائێستا نەمانتوانیوە بیچێنین".

### کرم گەنمی بەڕانەتی نەهێشت

باران بەو بڕە زۆرە، لەلایەک سوودی هەبووە بۆ زوو گەشەکردنی گەنم، لەلایەکی دیکەش لە هەندێ ناوچە بووەتە هۆی دەرکەوتنی کرمی زەوی کە زیانی زۆری بە جووتیاران گەیاندووە.

تەها مستەفا دەڵێت: "لە زەوی جووتیارانی ناوچەی بەڕانەتی کرم پەیدابووە، گرفتەکەش لەوەدایە بەهۆی ئەوەی زەوییەکان تەڕن، جووتیاران ناتوانن بە تراکتۆر دەرمان بڕشێنن، بۆیە کرمەکە لە گەشەی خێرادایە و لە هەندێک ناوچە زەوییەکەی ڕووتاندووەتەوە".

بۆ چارەسەری ئەو گرفتە، ئازاد دیبەگەیی دەڵێت: "ئەگەر دەرکەوتنی کرمەکە لە قۆناغی سەرەتایدا بێت بە ڕشاندنی دەرمانی قڕکەر چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەگەر تەشەنەی کردبێت ئەوا دەبێت لەو شوێنانەی کە کرمەکەی لێ دەرکەوتووە، دووبارە زەوییەکە بکێڵدرێتەوە و گەنمەکە بچێندرێتەوە". گوتیشی: "ساڵانی ڕابردوو ئەم کرمە بەڕێژەیەکی زۆر کەم لە دەشتی بەڕانەتی هەبوو، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی زۆریی باران بارینەوە و کەمیی کۆچی باڵندە کێوییەکان بۆ هەرێمی کوردستان لە زۆربەی دەشتەکان بەتایبەت لە دەشتی بەڕانەتی و هەولێر و هەریر و هەندێ ناوچەی دیکە لە سلێمانی و دهۆک ئەم کرمە سەری هەڵداوە".




| پارێزگا | بەدرێژایی ساڵی ڕابردوو | ئەمساڵ تاوەکو 26/12 | ساڵی ڕابردوو تا 26/12 | جیاوازی ئەمساڵ و پار تا 26/12 |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 437.6 | 348.8 | 65.9 | 282.9 |
| سلێمانی | 836.6 | 470.9 | 118.9 | 352 |
| دهۆک | 520.7 | 431.8 | 56.9 | 374.9 |
| کەرکووک | 279.5 | 243.2 | 20.7 | 222.5 |
| هەڵەبجە | 535.6 | 405.2 | 81.4 | 323.8 |

ساڵانە سێ ملیۆن دۆنم زەوی لە کوردستان دەکرێتە دانەوێڵە (فۆتۆ: ڕووداو)

# کوردستان ساڵانە بایی 216 ملیۆن دۆلار مریشک بە عێراق دەفرۆشێ

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

ساڵ لەدوای ساڵ پیشەسازیی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان بەرەوپێش دەچێت. بەپێی داتاکان ساڵانە هەرێمی کوردستان بایی زیاتر لە 216 ملیۆن دۆلار گۆشتی سپی بە عێراق دەفرۆشێت، بەڵام هێشتاش هاوردنی مریشک لە دەرەوە هەر بەردەوامە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێترنەری، لە 5 ساڵی ڕابردوودا پیشەسازیی پەلەوەر گەشەیەکی باشی کردووە، بەجۆرێک ساڵی 2013 لە هەرێمی کوردستان 1.115 پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەر هەبوون کە وزەی بەرهەمهێنانیان لە یەک وەجبەدا 15.172.27 جوجەڵە بووە، لەو ساڵەدا 65 هەزار تۆن مریشک بەرهەم هاتووە، بەڵام لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵ ژمارەیان بۆ 1.453 پرۆژە زیادبووە و وزەی بەرهەمهێنانیان لەیەک وەجبەدا گەیشتووەتە 20.504.805 جوجەڵە، نزیکەی 300 پرۆژەش بەبێ مۆڵەت دامەزراون، بەم هۆیەشەوە بەرهەم بۆ 129 هەزار و 864 تۆن زیادبووە.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "بەهۆی باری ئەمنیی هەرێمی کوردستان و کەشوهەوای لەبار بۆ بەخێوکردن، ساڵ لەدوای ساڵ پیشەسازیی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان گەشەی کردووە".

بە گوتەی ڕەمەزان، سەرباری قەیرانی دارایی و گرفتی ساغنەبوونەوەی بەرهەم لە هەندێ کاتدا، لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا 338 پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەر بەفەرمی لە هەرێمی کوردستان دامەزراون، هەروەها 300 پرۆژەی دیکەش بەبێ مۆڵەت دامەزراون، ئەمەش وایکردووە گۆشتی سپی 50% زیاد بکات.

ڕەمەزان دەڵێت "بەهۆی کۆنیی هەندێ پرۆژە و هەندێ هۆکاری دیکە، ئێستا نزیکەی 65%ی پرۆژەکان کار دەکەن، ئامانجمان ئەوەیە لە داهاتوودا پرۆژەکانی دیکەش بکەونەوە کار و هەرێمی کوردستان ببێتە ناوەندێک بۆ دابینکردنی گۆشتی سپی بۆ هەموو عێراق".

بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی عێراق کە پشتی بە پسوولەی خۆراک و هەندێ ڕووپێو بەستووە، لە ئەیلولی ئەمساڵ ژمارەی دانیشتووانی عێراق گەیشتە 38 ملیۆن و 124 هەزار و 182 کەس. ئەگەر پێوەری وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان بۆ پێویستی ساڵانەی تاکی عێراق لەگۆشتی مریشک وەربگرین کە 23.9 کیلۆگرامە لەساڵێکدا، ئەوا عێراق ساڵانە پێویستی بە 911 هەزار تۆن گۆشتی سپی هەیە، بەهۆی کەمی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی مریشکیش، بە ناچاری بڕێکی زۆر مریشک هاوردە دەکات.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان کە پشتی بە داتای وڵاتانی هەناردەکار بەستووە، لە سێ ساڵی ڕابردوودا عێراق و هەرێمی کوردستان یەک ملیۆن و 280 هەزار و511 تۆن مریشکیان بە بەهای ملیارێک و 765 ملیۆن و 793 هەزار دۆلار هاوردە کردووە.

لە ئامارەکەدا دەردەکەوێت، ساڵ بەساڵیش خواست لەسەر هاوردەکردنی مریشک زیادی کردووە، بەجۆرێک لە ساڵی 2015دا 388 هەزار و 197 تۆن مریشک بە بەهای 565 ملیۆن و 677 دۆلار هاوردەکراوە. لە ساڵی 2016 بڕەکە بۆ 419 هەزار و 443 تۆن زیادی کردووە و بەهاکەشی 536 ملیۆن و 390 هەزار دۆلار بووە، ساڵی ڕابردووش بۆ 472 هەزار و 871 تۆن زیادبووە و بەهاکەشی 663 ملیۆن و 726 هەزار دۆلار بووە.

لە داتاکەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیدا دەردەکەوێت، عێراق لە 19 وڵاتەوە مریشک هاوردە دەکات، بەڵام پشکی شێر بەر تورکیا و بەرازیل و ئەمەریکا و ئۆکراینا کەوتووە، لەم بازرگانییەش بازرگانانی هەرێمی کوردستان سوودمەندی یەکەمن، چونکە عێراق بۆ 46%ی پێویستییەکانی لە گۆشتی سپی پشت بە بەرهەمی تورکی دەبەستێ، زۆربەی مریشکی تورکیش لە ڕێگەی بازرگانانی کوردستانەوە هاوردە کراوە.

بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو 220 هەزار و 795 تۆن مریشک بە بەهای 323 ملیۆن و 300 هەزار دۆلار لە تورکیا هاوردە کراوە، بەڵام 119 هەزار و 494 تۆن مریشک بە بەهای 190 ملیۆن و 131 هەزار دۆلار لە بەرازیل هاوردەکراوە. هەروەها 74 هەزار و 10 تۆن بەبەهای 63 میلۆن و 111 هەزار دۆلار لە ئەمەریکا و 28 هەزار و 967 تۆنیش لە ئۆکراینا هاوردەکراوە.

شێرزاد ساڵح مستەفا، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کوشتارگەی هەولێر کە سەرپەرشتی فرۆشتنی مریشکی زیندوو لە هەرێمی کوردستان بۆ شارەکانی عێراق دەکات، دەڵێت :"بەرهەمی پرۆژەکانی بەخێوکردنی مریشک لە عێراق بەراورد بەو خواستە زۆرەی بۆ گۆشتی مریشک هەیە یەک ناگرێتەوە، بۆیە عێراق بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی پشت بەهاوردە دەبەستێ".

بەشێک لە بازرگانانی هەرێمی کوردستان مریشکی بەستوو لە تورکیا و وڵاتانی دیکە دەکڕن هەناردەی عێراقی دەکەن. بەڵام شێرزاد ساڵح دەڵێت "ئێمە و ژمارەیەک بازرگانی دیکە مریشکی زیندوو لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان دەکڕینەوە و هەناردەی شارەکانی عێراقی دەکەین".

شێرزاد گوتی: "بازرگانان و کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان ساڵانە لانیکەم 100 تاوەکو 130 هەزار تۆن مریشک لە کێڵگەکانی کوردستان دەکڕنەوە و بەشێوەی زیندوو هەناردەی شارەکانی عێراقی دەکەین کە ئەگەر بەتێکڕا نرخی هەر کیلۆیەک بەدوو هەزار دابنێین، ساڵانە دەکاتە زیاتر لە 216 ملیۆن دۆلار".

شێرزاد ساڵح، نموونە بە کۆمپانیاکەی خۆی دەهێنێتەوە و دەڵێت :"ئێمە گرێبەستمان لەگەڵ زیاتر لە 450 کێڵگەی پەلەوەر لە شارەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، بەپێی گرێبەستەکە ئالیک و پێویستییەکانیان بۆ دابین دەکەین و مریشکەکانیان بەزیندە قەپان لێدەکڕینەوە و هەناردەی شارەکانی عێراقی دەکەین، بەشێوەیەکی گشتی ساڵانە 10 تاوەکو 14 هەزار تۆن مریشک هەناردەی عێراق دەکەین".

حەیدەر فەرحان، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای پیشەسازیی پەلەوەر لە کوردستان، دەڵێت :"لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەهۆی وەستانی کار لە زۆربەی سێکتەرەکانی دیکە، خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە دامەزراندنی پرۆژەی بەخێوکردنی مریشک کردووە، ئەمەش وایکردووە ژمارەی پرۆژەکانی بەخێوکردنی مریشک بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد بکەن".

بە گوتەی حەیدەر فەرحان، ئێستا 2000 پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستاندا هەن کە هەندێکیان بێ مۆڵەتن، بەڵام تەنیا 65%ی پرۆژەکان کار دەکەن کە بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 190 هەزار تۆن، بەشێکی کەمی لە هەرێمی کوردستان ساغ دەبێتەوە و زۆربەی هەناردەی عێراق دەکرێت.

**مریشک لە کوردستان بە داتا:**

- 2000 پرۆژەی بەخێوکردنی مریشک هەن
- 300 پرۆژەیان بێ مۆڵەتن
- تەنیا 65%ی پرۆژەکانی پەلەوەر کار دەکەن
- بەرهەمی ساڵانەی پرۆژەکانی پەلەوەر دەگاتە 190 هەزار تۆن گۆشت
- هەر تاکێکی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 23.9 کیلۆگرام گۆشتی سپییە



لە سێ ساڵی ڕابردوودا بایی یەک ملیار و 800 ملیۆن دۆلار مریشک هاوردەی هەرێمی کوردستان و عێراق کراوە (فۆتۆ: ڕووداو)

شەڕی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی سووریا..

# کشانەوەی ئەمریکا ململانێکانی نەوت لە سووریا توندتر دەکات



زۆربەی کێڵگە نەوتییەکانی سووریا لەژێر دەستی هێزەکانی سووریای دیموکراتن

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژهەڵاتی سووریا گەورەترین ناوچەی بەرهەمهێنەری نەوتی سووریایە، هەر بۆیە ململانێ لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچەیە تەنیا ململانێیەکی سیاسی نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی ئابووریشی هەیە. بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکرێ ئەو ململانێیە توندتر بکات.

هێزەکانی لایەنگری ڕژێمی سووریا بە پشتیوانیی هێزی ئاسمانیی ڕووسیا دەستیان بەسەر زۆربەی ئەو ناوچانەدا گرتووەتەوە کە پێشتر لە دەست هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننەدا بوون. حاڵی حازر تەنیا پارێزگای ئدلیب و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی بەشار ئەسەددا ماونەتەوە. بە کۆنترۆڵکردنەوەی ئدلیب، ڕژێمی ئەسەد بە کردەوە کۆتایی بە زیاتر لە حەوت ساڵ شەڕی چەکداری لەگەڵ هێزە سوننەکان دەهێنێ، بەڵام کۆنترۆڵکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی فورات، بە تایبەتیش هەموو پارێزگای دێرەزوور، دەستکەوتی ئابووریی گەورە بۆ حکومەتی سووریا دەهێنێ.

پێش دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆ، حکومەتی سووریا ڕۆژانە 380 هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمدەهێنا، بەشی زۆری ئەو نەوتەش لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی فورات دەردەهێنرا کە ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دان. هەسەدە و یەپەگە لە چوار ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی هێزی پیادەی هاوپەیمانانیان لە شەڕی دژی داعشدا بینیوە و ڕۆڵی گەورەیان لە تێکشکاندنی داعش لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی فورات و بێبەشکردنی داعش لە سەرچاوە نەوتییەکانی سووریا بینیوە.

ڕۆژهەڵاتی سووریا زۆرجار بە "سووریای بێسوود" ناودەبردرێ، ئەمەش لە بەرامبەر "سووریای سوودبەخش" کە بە ناوچە شاری و پیشەسازییەکانی ڕۆژئاوای سووریا دەگوترێ. بەڵام وەک فابریس بلانش، لێکۆڵەر لە پەیمانگای واشنتن لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بۆ دەکات، ڕۆژهەڵاتی سووریا "بۆ ئەسەد بێسوود نییە، چونکە نەک هەر سەرچاوەی سەرەکیی لۆکە و دانەوێڵەی سووریایە، بەڵکو سامانی غاز و نەوتی سووریاش لەو ناوچەیەیە".

حاڵی حازر، ئێران و ڕووسیا سەرچاوەی سەرەکیی دابینکردنی سەرچاوەکانی خۆراکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمن. بە بۆچوونی بلانش ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا بۆ ڕژێمی ئەسەد حاشاهەڵنەگرن ئەگەر حکومەت بەنیاز بێ جارێکی دیکە سەربەخۆیی ئابووری و سیاسیی خۆی بەدەست بهێنێتەوە.

ڕووباری فورات سنووری نێوان هێزەکانی ڕژێم و هێزەکانی هەسەدەیە. دوایین جار کە پێکدادان لەو ناوچەیە ڕوویدابێ لە شوباتی 2018 بوو، کاتێک هێزەکانی لایەنگری ڕژێم و ژمارەیەک میلیشیای ڕووسی هەوڵی پێشڕەوی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فوراتیان دا و ئەمریکییەکان بەرپەرچیان دانەوە کە تێیدا 300 سەربازی سووری و میلیشیای ڕووسی کوژران. لەو کاتەوە ناوچەکە تاڕادەیەکی زۆر ئارامە.



> ئەگەر سووریا بیەوێ جارێکی دیکە سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی بەدەستبهێنێتەوە پێویستی بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتە

وجودی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی سووریا زامنکاری ئارامیی ئەو ناوچەیە بووە لە بەرامبەر هەڕەشەکانی تورکیا و ڕژێمی سووریا و هاوپەیمانەکانی، بەڵام ڕۆژی 19ی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە بڕیارێکی لەناکاودا ڕایگەیاند کە هەموو هێزەکانیان لە سووریا دەکشێننەوە، لەبەر ئەوەی داعش تێکشکێنراوە. کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش بە کردەوە دەستی ڕژێمی سووریا، تورکیا، ئێران و ڕووسیا و تەنانەت پاشماوەکانی داعشیش لە ڕۆژهەڵاتی سووریا بەهێز دەکات.

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا حکومەتی تورکیا ژمارەی هێز و کەرەستە سەربازییەکانی لەسەر سنووری سووریا زیاتر کردووە، لە کاتێکدا حکومەتی تورکیا ماوەیەکە ڕایگەیاندووە کە بەنیازی هێرشکردنە سەر مەنبج و ڕۆژهەڵاتی فوراتە. کشانەوەی هێزە ئەمریکییەکان دەرفەت بۆ هێزەکانی ڕژێمی سووریاش دەڕەخسێنێ، بە تایبەتیش ئەگەر تورکیا لە باکوورەوە دەست بە هێرش بۆ سەر شەڕڤانانی هەسەدە بکات.

ڤاناند مەلیکسێتیان، ڕاوێژکاری سیاسەتی وزە، لە وتارێکدا لە ماڵپەڕی (ئۆیڵ پرایس) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەگەر تورکیا لە باکوورەوە هێرش بکاتە سەر هەسەدە و یەپەگە و هێزەکانی ڕژێمیش لە ڕۆژئاواوە هێرش بکەن، ئەوە یەپەگە هەڕەشەکانی باکوور وەکو مەترسیی مان و نەمان دەبینێ، بۆیەش بەرەکانی سەر ڕووباری فورات چۆڵ دەکەن یان هێزێکی کەمیان لێدەهێڵنەوە، ئەمەش بە قازانجی ئەسەد دەبێ.

مەلیکسێتیان باوەڕی وایە کە هێزەکانی ڕۆژئاڤا بژارەکانی بەردەستیان هەڵدەسەنگێنن و دەیانەوێ زیانەکان بگەیەننە کەمترین ئاست. لە کاتێکدا بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئیدی هیچ بەربەستێکی ئەوتۆ لەبەردەم هێرشی تورکیا بۆ ناو سنوورەکانی سووریا نامێنێ، هەرچەندە شەڕی هێزە کوردییەکان کە ئەزموونی نزیک پێنج ساڵی شەڕی سەختیان هەیە، بۆ تورکیا گران دەکەوێ.

مانگی ئابی ئەمساڵ کێڵگەی نەوتی تەنەک کەوتەوە کار کە 150 بیرە نەوتی تێدایە و توانای بەرهەمهێنانی ڕۆژانە 40 هەزار بەرمیلی هەیە. تەنەک لە پاش کێڵگەی ئەلعومەر دووەم گەورەترین کێڵگەی نەوتی سووریایە و هەردوو کێڵگەکەش لە پارێزگای دێرەزوور لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکراتن. کێڵگەی تەنەک لە مانگی تشرینی دووەمی 2017 لە دەستی چەکدارانی داعش دەرهێنراوە و کێڵگەی ئەلعومەریش لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵەوە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزە کوردییەکاندایە. کێڵگەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی ڕۆژئاڤا بریتین لە وەرد، کێواری، جەفرا، جەرنوف، عەزرەک، کەهار، عەفرا، سویتات، جەلبان.

## دوو ڕێگاکەی بەردەم یەپەگە

بە بۆچوونی مەلیکسێتیان ڕووسیا دەتوانێ ڕۆڵی نێوبژیوان لە نێوان ڕژێم و پەیەدە-دا بگێڕێ. لەو حاڵەتەشدا دوو بژارە هەیە: یەکەمیان ئەوەیە هێزەکانی سووریای دیموکرات بەرەو کەنارەکانی دیوی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات پێشڕەوی بکەن، بەڵام بەرەو باکوور نەچن، بۆ ئەوەی هێزەکانی یەپەگە بتوانن لە یەک بەرەی شەڕدا بەرەنگاری هێزەکانی تورکیا ببنەوە.

بژارەی دووەمیش بریتییە لەوەی ڕووسیا گەرەنتی کشانەوەی هێزەکانی یەپەگە لە سنوورەکانی باکووری سووریا لەگەڵ تورکیا بکات، لە شوێنی ئەوانیش هێزەکانی سەر بە ڕژێم جێگیر بکرێن، لەولاشەوە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەسەدە لە ناوچە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی فورات ڕادەستی سووریا بکرێن.

# هەفتەی کۆتایی

> ڕیپۆرتەکانی بانکی جیهانی باس لەوە دەکەن کە ساڵی 2019 جیهان بەرەوڕووی قەیرانێکی دیکەی دارایی دەبێتەوە



محەممەد شێخ فاتح

"ئاهەنگەکە لە کۆتایی نزیک بووەتەوە" ئەمە ئەو دێڕە خەمهێنەیە کە شارەزایان و بڕیاربەدەستانی ئابووریی جیهان ماوەیەکە لەسەر زاریانە، ئەوەش وەک هێما بۆ ئەو بەهەشتە 10 ساڵییەی کە جیهانی تێدا بوو، هەروەها جیهێشتنی تۆنە پەمەییەکان و ڕووکردنە ڕەنگە خۆڵەمێشی و هەندێکجار ڕەشەکان، پێدەچێت ئەو گەشانەوەیەی کە ئابووری جیهانی تێیکەوت لە داوای قەیرانەکەی ساڵی 2009 وە، ئیدی کۆتایی هاتبێت. هەڵکشانە دراماتیکەکانی نرخی نەوت و هەڵکشانی بەهای پشکەکان، دواتر فشبوونەوەی ئەو بڵقە و دابەزینی نرخی نەوت بە دوایین سۆڵۆی کۆتایی ئاهەنگەکە دەزانرێت.

نرخی نەوت ماوەی دوو مانگە ڕەنگەکەی سوور هەڵگەڕاوە، ئیدی ئەو دۆخ و ڕەنگ و ئاستەی نەبینیوە کە لە 4ی ئۆکتۆبەر بەخۆیەوە بینی، ئەوێ ڕۆژێ نرخەکەی 86 دۆلاری تێپەڕاندبوو، ئێستاش کەمتر یان زیاتر لە 53 دۆلارە، زیاتر لە 40%ی بەهاکەی لەدەستداوە.

ئەو نرخەی ئێستای نەوت لە چارەکی سێیەمی ساڵی 2017دا تۆماری کردووە، پێش ئەوەش لە مانگی کانوونی یەکەمی 2014.

زۆر گوترا کە کۆتایی ساڵی 2018 و سەرەتای 2019 بۆ نەوت سەرەتای بەرمیلی 100 دۆلارییە، بەڵام پرسیاری کۆنکریتی ئەوەیە بۆچی وەک نەگەیشتە 100 دۆلار، دادەبەزێت بۆ نزیک 50 دۆلار؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە سێ خاڵدا کۆدەبێتەوە:

**یەکەم:** ئاژانسی کارگێڕیی وزەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە بەرهەمهێنانی نەوت لە ماوەی ئەم چەند مانگەی کۆتاییدا زیادی کردووە، ئەمریکا کە ئێستا بەرهەمهێنەرێکی گەورەی نەوتە، هەناردەکاری نەوتە زیاتر لەوەی کە هاوردەکاری نەوت بێت. ڕیپۆرتەکانی پەیمانگای وزەی ئەمریکا باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا ڕۆژانە بە تێکڕا 11.6 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێت، بەمەش دەبێتە گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا، ئامارەکان ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن کە نەوتی کۆگاکراوی ئەمریکا تا دێت زیاتر دەبێت، لەبەرامبەردا دەرهێنانی نەوت ڕۆژانە کەمیکردووە، بەجۆرێک ڕۆژانە کەمتر لە 500 هەزار بەرمیل لە نەوتە کۆگاکراوەکە دەردەهێنرێت.

**دووەم:** کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان ڕەنگی لێبڕاوە ئۆپێک و ڕووسیا لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمدا ڕایانگەیاند کە یەک ملیۆن و200 هەزار بەرمیل نەوت کەمدەکەنەوە لە ئاستی بەرهەمهێنانیان، بەڵام ئەم کەمکردنەوەیە کاریگەری لەسەر بازاڕەکان نەبوو، چونکە پێشتر بازاڕ خۆی بۆ مەترسییەکان ئامادەکردبوو، هاوکات نرخ گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە ئیدی تێر بووە. ئەوان لە مانگی تشرینی یەکەمدا بڕیاریان دا کەمیبکەنەوە، لەمانگی کانوونی دووەمدا بڕیارەکە جێبەجێ دەکەن کە سعودیە 400 هەزار و ڕووسیاش 220 هەزار بەرمیل نەوت کەمدەکەنەوە، بەڵام ئەمریکا بە تەنیا یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی زیاتر بەرهەمهێناوە، بۆیە ئەمریکا بە یەک پێداکێشان توانی مێزەکە بەسەر سعودیە و ڕووسیادا قلْپ بکاتەوە.

**سێیەم:** کەمبوونەوەی خواست زۆرینەی پێشبینییەکان لەسەر گەشەی ئابووریی جیهان لە ساڵی 2018 بەو ئاراستەیە بوو کە بەشێوەیەکی خاو دەڕوات بەڕێوە، هەر بۆیە پێشبینییەکان بۆ کەمبوونەوەی خواست لەسەر نەوتی خاو پشتئەستوورە بە پێشبینییەکان بۆ خاوبوونەوەی گەشەی ئابووریی جیهان.

لەبەر ئەوە چاوەڕوان دەکرێت نرخی نەوت لە نێوان 40-50 دۆلار جێگیر بێت، ئەوە لەکاتێکدا کە سعودیە بودجەی 2019 ی خۆی بە 295 ملیار دۆلار خەمڵاندووە کە گەورەترین بودجەیە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا، بەڵام بەپێی داتاکانی کۆمپانیای دارایی ئەلڕاجحی کاپیتاڵ، سعودیە کاتێک دەتوانێت ببێتە خاوەنی ئەو بودجەیە کە نرخی نەوت لە 84 دۆلاردا بێت، ئەوەش وا لە شرۆڤەکاران دەکات باس لەوە بکەن کە سعودیە شتێک دەکات تا نرخی نەوت بەرز ببێتەوە.

هەرچەندە کورتهێنانی بودجەی سعودیە هاوتای 4.6%ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ئەو وڵاتەیە، بەڵام لەبەرئەوەی سعودیە خاوەنی یەدەگێکی زەبەلاحە لە دراوی بیانی، بۆیە ڕەنگە بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانەکەی پشت بەو یەدەگە ببەستێت، ئەمە ئەگەر نرخی نەوت بەرز نەبووەوە.

لە ئەمریکاش نرخی نەوتەکەی کە ئێستا بۆ خوار 45 دۆلار دابەزیوە، تۆقێنەرە، بۆیە نرخی گونجاو لە نێوان 50-60 دۆلارە، هەر نرخێک لەوە کەمتر بێت هەڕەشەیە بۆ سەر ئابووریی جیهان، چونکە نەوت یەکێکە لە گەرمیپێوەکانی ئابووریی جیهان، هەر شڵەژانێک لەو کانزایەدا کە ساڵانە بەبەهای زیاتر لە یەک تریلیۆن و 200 ملیار دۆلار مامەڵەی پێوە دەکرێت، ئەو کەڵەکە بەردە تێکدەدات کە ئابووری لەسەر بونیادنراوە، هەر خودی ئەمریکا کە بەردەوام لە پێناو کەمکردنەوەی نرخی نەوتدا دەجەنگێت، بەڵام بەهۆی دابەزینەکانەوە بەهای پشکەکانی گەورە کۆمپانیاکانی وەک ئێکسۆن مۆبیل و شێفرۆن دابەزین.

لەولاشەوە ئارگیۆمێنێت لە برەودایە، ریپۆرتەکانی بانکی جیهانی باس لەوە دەکەن کە ساڵی 2019 جیهان ڕووبەڕووی قەیرانێکی دیکەی دارایی دەبێتەوە، واتە هاوشێوەی ئەوەی کە 10 ساڵی لەمەوپێش ڕوویدا، ئێستاش سەرەتاکانی بەدیارکەوتوون، بەڵام سیستمی دارایی جیهان هیچ ئامادەییەکی نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی.

پێشبینییەکان ئومێدبەخش نین، وەک باسی لێوەدەکرێت قەیرانەکە تەنیا مووچەخۆران و خانەنشینان و دامەزراوەکانی خانووبەرە ناگرێتەوە، بەڵکو دامەزراوە زەبەلاحەکانی خانووبەرەش دەگرێتەوە.

ساڵی 2018 ساڵێکی قورس بوو بۆ ئابووریی جیهان، سەرباری ئەوەی بازاڕی پشکەکان و پێنوێنەکانیان لە دۆخێکی باشدا بوون، بەڵام چاوەڕوان دەکرێت دۆخەکە لە ڕەوتی باشبوون بوەستێت، هەریەکە لە سندوقی نێودەوڵەتیی دراو، دامەزراوەی مۆدیز و ژمارەیەک لە دامەزراوە ئابوورییەکانی دیکە پێشبینی دەکەن گەشەی ئابووریی جیهان لە 3.3%ی ساڵی 2018ەوە دابەزێت بۆ 2.9% لە ساڵی 2019دا، ئەوەش پێیدەگوترێت متبوونی ئابووری.

متبوونی ئابووری بریتییە لە پاشەکشەی گەشە لە ناوچەیەک یان بازاڕێکی دیاریکراو یان بەرفراوانتر لەسەر ئاستی جیهان، ئەوەش وا دەکات بەکارهێنان کەمبێتەوە، خستنەڕووی کاڵاکان زیاتر دەبێت بە بەراورد بە خواست، ئەوەش بە ڕۆڵی خۆی وەبەرهێنان کەمدەکاتەوە و نرخەکان دادەبەزێنێ، لە کۆتاییشدا کۆمپانیا و کارگەکان ناچار دەبن ژمارەیەک لە کارمەندەکانیان بنێرنە ماڵەوە و بێکاری بڵاوبێتەوە.



چاوەڕوان دەکرێت نرخی نەوت لە نێوان 40-50 دۆلار جێگیر بێت



## دینا هەڵدەپەڕێ

**ڕووداو - هەولێر**

خانمە گۆرانیبێژی کورد، دینا، ئامادەکاری بۆ بڵاوکردنەوەی دووەمین ئەلبوومی گۆرانی دەکات، کە هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر میلۆدی گۆرانییەکانی بۆ دادەنێت و گۆرانییەکی هەڵپەڕکێش بڵاودەکاتەوە. دینا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بڕیارە لە سەرەتای ساڵی 2019 دەست بە ئامادەکاری بۆ دووەمین ئەلبوومی گۆرانی خۆم بە سەرپەرشتی مامۆستا هەڵکەوت زاهیر بکەین کە کۆمەڵێک گۆرانی بەشێوازی جیاجیا تۆمار دەکەین". دینا دەشڵێت "جگە لە ئامادەکاری ئەلبووم، دوو گۆرانی بەشێوازی سینگڵ بڵاودەکەمەوە کە یەکێک لە گۆرانییەکان بەزمانی عەرەبییە و بۆ کارێکی مرۆڤایەتییە، گۆرانی دووەمیش گۆرانییەکی هەڵپەڕکێیە".

### نەرمین شەوقی، خانمە هونەرمەندی کورد بۆ (ڕووداو)

# خەریکی تۆمارکردنی گۆرانییەکی کوردیم

خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە، بەڵام لە دیمەشق ژیاوە، دوای تێکچوونی بارودۆخی ئەو وڵاتە چووەتە لوبنان و لەوساوە لە بەیروتی پایتەخت دەژی، لە خانەی ئۆپێرای سووریا گۆرانی گوتووە. ئێستاش لە لوبنان خەریکی کاری هونەرییە. جگە لە گۆرانیگوتن پلانی هەیە وەک ئەکتەر لە زنجیرە درامایەکی هاوبەشی سووری - لوبنانیدا دەربکەوێت. نەرمین شەوقی لە ماوەی ڕابردوودا بۆ چەند کارێکی هونەری لە شاری هەولێر بوو، لە ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستانیش گۆرانی گوت. دواتریش شەوە ئاهەنگێکی هەبوو. نەرمین لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کارە هونەرییەکانی دەکات و دەڵێت بەنیازە گۆرانییەک بە زمانی کوردی تۆمار بکات.

هەڤپەیڤین: دەرباز یونس
ڕووداو - هەولێر





**لە زنجیرە درامایەکی تەلەڤزیۆنی دەردەکەوم**

**زۆر دڵخۆش بووم کە لە هەولێر گۆرانیم گوت**

**ڕووداو: ئێستا لە کوێ دەژی، لوبنان یان سووریا؟**

**نەرمین شەوقی:** من ئێستا لە بەیروتی پایتەختی لوبنان دەژیم، بەڵام زۆر سەردانی سووریا دەکەم، جاری وا هەیە هەفتەی جارێک دەڕۆم و چەند ڕۆژێک دەمێنمەوە، بەڵام ژیانی تەواوەتیم لە لوبنانە.

**ڕووداو: ئێستا بارودۆخی هونەر و هونەرمەندان لە سووریا چۆنە؟**

**نەرمین شەوقی:** ئێستا بارودۆخەکە لە جاران باشترە، بەجۆرێک کە لەو ناوچانەی من بۆیان دەچم ژیان هەیە، ئاهەنگ هەیە، خەڵکی سووریا حەزیان لە ژیانێکی خۆشە. شایەنی ئەوەن بەخۆشی بژین، هیوادارم هەموو کێشەکانی سووریا چارەسەر ببن.

**ڕووداو: سەردانی هەولێرت کرد و چەند ڕۆژێک مایتەوە، بۆچی هاتبوویت؟ ئەمە یەکەم جارت بوو؟**

**نەرمین شەوقی:** نا یەکەم جارم نەبوو، پێشتریش هاتبووم، بەڵام ئەمە یەکەم سەردان بوو بۆ کاری هونەری. سەرەتا سەردانەکە بەمەبەستی سازکردنی ئاهەنگێک بوو لەو شارە. هەر بۆ ئەوەش هاتم، ئاهەنگێکی زۆر تایبەت و سەرنجڕاکێشم کرد، زۆر دڵم خۆش بوو کە بۆ خەڵکی هەولێر و ئەوانەی لەو شارە دادەنیشن گۆرانیم گوت.

**ڕووداو: لە ئاهەنگی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستانیش گۆرانیت گوت، ئەو بۆنەیەت پێ چۆن بوو؟**

**نەرمین شەوقی:** بەڕاستی ئەزموونێکی زۆر جوان و خۆش بوو کە لەسەر ئەو شانۆ گەورەیە گۆرانیم گوت.

**ڕووداو: چ شتێک لە هەولێر زۆر سەرنجی ڕاکێشایت؟**

**نەرمین شەوقی:** پێشتر ناو و ناوبانگی هەولێر و کوردستانم لە هاوڕێکانم بیستبوو، لوبنانییەکان و سوورییەکانیش هەمیشە باسی جوانی و خۆشیی ئەو شارەیان بۆ دەکردم، بەڵام کە هاتم شتەکەم بە چاوی خۆم بینی، بەڕاستی زۆر سەرنجی ڕاکێشام، لە هەولێر کەبابم خوارد، بەڕاستی کەبابی هەولێر دەرەجە یەکە، هەرگیز تامە خۆشەکەی لەبیر ناکەم.

**ڕووداو: پێشوازی خەڵکی هەولێر لە ئاهەنگەکەت چۆن بوو؟**

**نەرمین شەوقی:** پێشوازییەکی زۆر باش بوو، خەڵکی هەولێر و ئەوانەشی لەو شارە دەژین خەڵکێکی بەڕێزن، حەزیان لە هونەرە.

**ڕووداو: بیرت لەوە نەکردووەتەوە گۆرانی کوردیت هەبێت؟**

**نەرمین شەوقی:** زۆر حەز دەکەم، بیریشم لێکردووەتەوە و کاریشم بۆ کردووە، پێشتر پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ ئاوازدانەران و شاعیرانی کورد نەبوو، بەڵام ئێستا پەیوەندییەکەم باشە، کاریشم بۆ کردووە، لە ئایندەیەکی نزیکدا یەکەم بەرهەمی خۆم بە زمانی کوردی تۆمار دەکەم، تێکستەکەشم ئامادەیە، ئێستا پرۆڤەی لەسەر دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم بە فۆنەتیکێکی باش بیڵێم و کێشەم نەبێت لەگەڵیدا. گۆرانییەکەش گۆرانییەکی ئاشقانە دەبێت.

**ڕووداو: جگە لە ئاهەنگی تایبەتی گۆرانی، چ پرۆژەیەکی دیکەی هونەریت هەیە؟**

**نەرمین شەوقی:** من گۆرانیگوتنی ئۆپێرام بە ئەکادیمی وەرگرتووە، لە سووریاش هەر زیاتر لە ئۆپێرا گۆرانیم دەگوت. ئێستاش ئاهەنگ دەکەم، دەمەوێت بەرهەمی زیاتری هونەری خۆمم هەبێت، کاریشی لەسەر دەکەم.

**ڕووداو: پێموابێت حەزیش دەکەی وەک ئەکتەر دەربکەویت؟**

**نەرمین شەوقی:** بەڵێ، پرۆژەش هەیە، لە ئایندەیەکی نزیکدا وەک ئەکتەر لە زنجیرە درامایەکی هاوبەشی سووری- لوبنانی دەردەکەوم، هەموو شتێک تەواو بووە، تەنیا ماوە دەست بە وێنەگرتن بکەین.

# ئێرلەندییەکان سەما بەناوبانگەکەیان لە هەولێر پێشکەش کرد





سەماکارێکی ئێرلەندی:
سەماکەمان لە قوتابخانە
دەخوێنرێ

(فۆتۆ: ڕووداو)

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

لە مەراسیمی دابەشکردنی خەڵاتەکانی دەزگای ڕوانگە لە هەولێر، گرووپێک بە میوزیک و سەمای نەریتی گەلەکەیان ئامادەبووانی هۆڵەکەیان بێدەنگ و سەرسام کرد. ئەوە گرووپی سەمای ئێرلەندی بوو کە دوای نمایشەکەیان ئامادەبووانی هۆڵەکە بە چەپڵەلێدانەوە بۆیان هەستانە سەرپێ.

سەما و میوزیکی نەریتیی ئێرلەندی مێژوویەکی درێژی هەیە، مێژوونووسان دەیگەڕێننەوە بۆ سەرەتای ساڵی 1600 ، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا لە جیهاندا گرنگی زۆری پێدەدرێت، لەبارەی ئەم سەمایە، دوو سەماکاری ئێرلەندی بۆ (ڕووداو) دەدوێن.

گەڤن مەکۆلی، خانمە سەماکارێکی گرووپەکەیە، زۆر بە خێرایی لەمسەر بۆ ئەوسەری ستەیج دەچوو، تەپەی پێیەکانی لەگەڵ میوزیک، هارمۆنییەکی سەرنجڕاکێشیان دروستکردبوو. مەکۆلی دوای تەواوبوونی سەما سەرنجڕاکێشەکەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "من خەڵکی دبلنم. ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی سەماکردنم. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمان ئەم گرووپەمان دروستکردووە کە تایبەتە بە سەمای نەریتیی ئێرلەندی".

ئەو گرووپە بە تایبەتی لەلایەن دەزگای ڕوانگەوە بانگهێشت کرابوون بۆ ئەوەی لە مەراسیمی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ڕوانگە بۆ ساڵی 2018 سەما بکەن.

گەڤن زۆر خۆشحاڵە کە گرووپەکەیان بۆ ئەو بۆنەیە بانگهێشت کراوە، پێیوایە ئەو گەشتەی بۆ کوردستان دەبێتە یادگارییەکی زۆر خۆش، ئەو دەڵێت: "ئێمە بانگهێشتکراین بۆ ئەوەی لە ڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ڕوانگە چەند تابلۆیەکی سەما پێشکەش بکەین، چەند پارچە سەمایەکی نەریتیی ئێرلەندیمان بەهاوکاریی ژەنیارانی ئێرلەندی پێشکەش کرد. هەڵبەتە ئەم سامایە ستایلێکی تایبەتە بە وڵاتەکەمان. شتێکی سەرنجڕاکێشە و خەڵک زۆر حەز لەم سەمایە دەکەن".

گرووپی سەمای ئێرلەندی بەر لەوەی بێنە هەرێمی کوردستان هیچ زانیارییەکیان لەبارەی کوردستانەوە نەبووە، تەنیا لە میدیاکانەوە زانیویانە کە عێراق ناوچەیەکی نائارامی مەترسیدارە، ئەمە تۆزێک دوودڵی کردوون، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوتووە کە عێراق و هەرێمی کوردستان دوو ناوچەی جیاوازن و لەڕووی ئەمنییەوە بەراورد ناکرێن.

سوبحان گارگن کە ئەندامی تیپەکەیە بە (ڕووداو)ی گوت: "پێشتر هیچ شتێکم لەبارەی کوردستانەوە نەدەزانی، لە گووگڵ بەدوای ناوی کوردستاندا گەڕام. زانیم کە هەولێر شارێکی زۆر ئارامە. بەڕاستی ئەوەم نەدەزانی. بەڵام بۆ من خۆش بوو کە هەندێ شت لەبارەی کولتووری کورد و کوردستان فێربووم".

سەمای ئێرلەندی هەر لە منداڵییەوە لە خوێندنگاکان دەخوێندرێت، بۆ ئەوەی نەوەی نوێش ئاگاداری کولتوور و دابونەریتی خۆیان بن.

گارگن، لەبارەی فێربوونی سەمای ئێرلەندییەوە دەڵێت: "لە ئێرلەندا ئەم سەمایە هەر بە منداڵی لە قوتابخانەکان دەخوێنرێت. هەڵبەتە ئەمە بەزۆر نییە و ئارەزوومەندانەیە، بەڵام هەر کەسێک بیەوێت دەتوانێ فێری سەمای نەریتی و چەند سەمایەکی دیکە ببێت. من تەمەنم شەش ساڵ بوو کە دەستم بە سەما کرد، ئەوە زیاتر لە 29 ساڵە سەمای نەریتیی ئێرلەندی دەکەم".

سەمای نەریتی وەکو ناسنامەیەکی ئێرلەندی دەناسرێت کە بە تاکە کەسی و دوو کەسی و بە شێوازی گرووپ، لەگەڵ میوزیکێکی تایبەت پێشکەش دەکرێت. سەمای ڕووبار کە سەمای نەریتیی ئێرلەندییە، یەکێک لەو شاکارانەیە کە دەنگدانەوەیەکی یەکجار زۆری هەبووە و زیاتر سەمای ئێرلەندی بە جیهان ناساندووە.

بە گوتەی سوبحان گارگن، ئەو سەمایەی ئەوان پێشکەشیان کرد، فێربوونەکەی هێندە ئاسان نییە و پێویستی بە هێز و وردبینیی زۆرە. گارگن دەڵێت: "دەتوانم بڵێم فێربوونی سەمای نەریتیی ئێرلەندی قورس و سەختە، بەڵام کاتێک قۆناغە سەرەتاییەکانت تێپەڕاند، ئاسانتر دەبێت، چەندە لە تەمەنی بچووکییەوە فێربیت باشترە، لەگەڵ ئەوەشدا لێهاتوویی کەسەکەش ڕۆڵ دەبینێ".








کۆلاژین پلاس...! ئازاری جومگەکان بە یەکجارەکی لە ناو دەبات و بۆ سڕینەوەی نەخۆشی پووکانەوە و نەرمی ئێسقان و ژانی بڕبڕەی پشت و ئەژنۆکان گەلێ بە سوودە

کۆمپانیای ساڤرینا/ هەولێر-شۆڕش 61
07504900010-07504486228






## ئەمساڵ لە هەولێر 21 ژن کوژراون

**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر، لە پرێسکۆنفرانسێکدا، ئاماری گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵی 2018ی بۆ ڕۆژنامەنووسان ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند ئەمساڵ 21 ئافرەت لە سنووری پارێزگای هەولێر کوژراون. ڕۆژی 2018/12/30 لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، لە پرێسکۆنفرانسێکدا ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژ و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵی (٢٠١٨) بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاشکراکرد و ڕایگەیاند لە ساڵی 2018دا لە هەولێر 21 ئافرەت لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی کوژراون. لەوانەش 20 کەیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان ڕەوانەی دادگا کراوە، یەک کەیسیش پەڕاویان لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە.

# ژنەکەی خۆی دەکوژێ و تەنیا بە پێنج ساڵ بەندکردن سزا دەدرێ



تریفە سەردار چەندین جار بە چاوی شین و مۆرکراوەوە چووەتەوە ماڵی باوکی

ڕووداوەکە
تاوانی کوشتنە
نەک خۆکوشتن
ڕاپۆرتی پەیمانگەی دادپزیشکیی هەولێر



تریفە سەردار

ئەو سزایە زۆرە
و مێردی تریفە
دەبێ ئازاد بکرێ

پارێزەری مێردی تریفە

بەڵگە و ڕاپۆرتی
پزیشکی هەیە
کە تریفە کوژراوە

پارێزەری کەسوکاری تریفە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

(س) بە هاوژینەکەی دەڵێت خۆتان ئامادە بکەن دەچینە ماجدی لاند، بەڵام لە ڕێگا لەسەر شەقامی 120 مەتری ئۆتۆمبێلەکەی ڕادەگرێ و بە بەرچاوی منداڵەکانییەوە دوو گوللە لە ژنەکەی دەدات و دەیکوژێ. (س) حوکم دراوە، بەڵام کەسوکاری ژنەکە لە حوکمەکە ڕازی نین.

ئەم تاوانە بۆ ڕۆژی 2018/5/11 دەگەڕێتەوە کە ژنێکی تەمەن 28 ساڵان بەناوی تریفە سەردار، دایکی دوو منداڵ و دانیشتووی گەڕەکی خانزادی نوێ لە هەولێر، تێیدا بووە قوربانی.

کەسوکاری ژنەکە دەڵێن بۆیە میدیاکانیان لە ڕووداوەکە ئاگادار نەکردەوە، چونکە پۆلیس دەستبەجێ تۆمەتبارەکەی دەستگیرکرد، بەڵام کاتێک تۆمەتبارەکە سزا درا، هەموو شۆک بوون، چونکە ئەو بەپێی ماددە 405 لە یاسای سزادانی عێراقی کە "کوشتنی بە ئەنقەستە" دەستگیرکراوە، بەڵام ئێستا بەپێی ماددە 411 سزا دراوە کە تایبەتە بە "کوشتن بە هەڵە".

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت: "هەر دوای ڕووداوەکە پۆلیس تۆمەتبارەکەی دەستگیرکرد و بەپێی ماددە 406 دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بۆ کردەوە".

گوتیشی: "ئەو پیاوە بە بەرچاوی منداڵەکانییەوە ژنەکەی خۆی کوشتووە".

محەممەد سەردار، برای تریفە بە (ڕووداو)ی گوت: "خوشکەکەم سەرەتا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ مێردەکەی نەبوو، ئەوان بە خۆشەویستی هاوسەرگیرییان کرد، بەڵام دواتر کێشە کەوتە نێوانیان، زاواکەمان زۆر ئازار و ئەشکەنجەی تریفەی دەدا، چەندینجار تریفە بە چاوی شین و مۆرکراوەوە هاتەوە ماڵی باوکی".

محەممەد باسی ئەو ڕۆژەی کرد کە خوشکەکەی کوژرا و گوتی: "سەعات 2:30 خولەکی پاشنیوەڕۆ بوو. مێردەکەی پەیوەندی پێوەکردم و گوتی وەرە خوشکت لە نەخۆشخانەیە، گوللەیەکی لە قاچی خۆی داوە. ئێمە شۆک بووین، لەگەڵ دایکم و باوکم چووین بۆ نەخۆشخانە، کەچێ لەوێ گوتیان تریفە دوو گوللە بەر سەر و ملی کەوتووە و مردووە".

وەک محەممەد باسی دەکات، (س) ئەوکات لەلای پۆلیسەکانی نەخۆشخانە گوتبووی ژنەکەی نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بۆیە خۆی کوشتووە. بەڵام محەممەد ڕەتیدەکاتەوە خوشکەکەی نەخۆشیی دەروونی هەبووبێ و دەڵێت: "ئەو قسەیە ڕاست نییە، تەنانەت لە دادگا گوتبووی تریفە چەندینجاری دیکە هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام ڕاست ناکات، ئەو زۆر بە کەمی لە ماڵەوە بوو، بازرگان بوو، بە مانگ تریفە و منداڵەکانی بەجێدەهێشت".

ئێستا هەشت مانگ بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕیوە، بەڵام کەسوکاری تریفە تازە بابەتەکە دەوروژێنن. محەممەد دەڵێت: "سەرەتا لەبەر قسە و توانجی خەڵک و خزم، گوتمان مادام تاوانبارەکە دەستگیرکراوە یاسا مافی ئێمە وەردەگرێت، پێویست ناکات دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاگادار بکەینەوە، بەڵام دوای 8 مانگ چاوەڕوانی، دادوەر مادەکەی لە 406 ـەوە گۆڕی بۆ 411، بڕیاری دا تەنیا بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەند بکرێ، لە کاتێکدا چەندین بەڵگە و ڕاپۆرتی پزیشکی دەیسەلمێنن کە تریفە خۆی نەکوشتووە، بەڵکو کوژراوە".

فاخیر ئیسماعیل کە پارێزەری کەسوکاری تریفەیە، دەڵێت: "بەڵگە و ڕاپۆرتی دادپزیشکی دەیسەلمێنن کە (س.ح) هاوژینەکەی خۆی کوشتووە، دەبوو بەگوێرەی مادەی 406 سزا بدرێ، بەڵام لە دوایین دانیشتنی دادگا، دادوەر ماددەکەی گۆڕی بۆ 411 و گوتی: بەڵگەکان بەس نین، هیچ شایەتێک نییە.. لە هیچ قانوونێکدا نەبووە پیاوێک بە بەرچاوی منداڵەکانیەوە ژنەکەی بکوژێ و تەنیا پێنج ساڵ بەند بکرێ".

بەگوێرەی ڕاپۆرتی پەیمانگەی دادپزیشکیی هەولێر کە کۆپییەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، تریفە کوژراوە. لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "بۆمان دەرکەوت تاوانلێکراو (تریفە سەردار مەولود)، لە کاتی ئاوڕدانەوەدا بووە بۆ دواوە، تاوانبار لە مەودایەکی زۆر نزیکەوە بە دەمانچەیەکی عەیار 9 ملم تەقەی لێکردووە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕووداوەکە تاوانی کوشتن بووە، نەک خۆکوشتن".

بەڵام سامی ڕۆژبەیانی، پارێزەری (س.ح) ڕەتیکردەوە تریفە کوژرابێ و دەڵێت خۆی کوشتووە. سامی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەوان بە خۆشەویستی هاوسەرگیرییان کردووە، کەسوکاری (س) ڕازی نەبوون تریفە بخوازێت، بەڵام ئەو بە قسەی ئەوانی نەکردبوو، هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ماڵی باوکی پچڕاند لەپێناوی تریفە، دواتریش ئەو داوای لە تریفە کردبوو بچن بۆ پیاسە، بۆچی بەبەرچاوی منداڵەکانییەوە دەیکوژێ؟".

گوتیشی: "(س) دەڵێت تریفە نەخۆشیی دەروونی هەبووە، ئەویش بازرگانە و بەردەوام چەکی پێبووە لە نێو ئۆتۆمبێل، تریفە بە چەکەکەی ئەو، خۆی کوشتووە، دادوەریش بەگوێرەی بەڵگە و ئیفادەکان بڕیاری داوە".

ئەگەر تریفە خۆی کوشتبێ، بۆچی هاوژینەکەی بەو ماددەیە سزادراوە. پارێزەرەکەی (س) لە وەڵامدا دەڵێت: "ئەو ماددەیەی کە ئەو پیاوەی پێ سزادراوە هیچ پەیوەندی بە کەیسەکەوە نییە، تەنیا لەبەر ئەو هۆکارە دادوەر بە مادەی 411 سزای دا چونکە چەکەکەی لەنێو ئۆتۆمبێلەکە بووە. دادوەر ئەو بڕیارەی بۆیە داوە تاوەکو هاوسەنگی لەنێوان هەردوولا ڕابگرێ، ئەگەرنا دەبوو ئەو پیاوە ئازاد بکرێ، منیش ئەو بڕیارەم پێ سەیر بوو، بۆیە داوای تەمیزمان کردووە".

بەڵام هەر پارێزەرەکەی (س) نییە کە بەو حوکمە ڕازی نییە، کەسوکاری تریفەش لەڕێی پارێزەرەکەیانەوە داوایەکیان پێشکەش کردووە بۆ پێداچوونەوەی حوکمەکە.

پارێزەرەکەی تریفە گوتی: "ئێمە واز لەو کەیسە ناهێنین و داوای دووبارە دانیشتنەوەی دادگا دەکەین تا تاوانبار بە سزای خۆی دەگات".

## هەڕەشەی کوشتن و ئابڕووبردنیان لێ دەکرێ

# بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرەوڕووی توندوتیژی دەبێتەوە



**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

ئەمساڵ زۆرترین هەڕەشە لە بەرپرس و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان کراوە. بەرپرسێکی بەڕێوەبەرایەتییەکە دەڵێت هەڕەشەکان، هەڕەشەی ئابڕووبردن و کوشتنن، هەندێکیان لەڕێگەی تەقەکردن لە بارەگاکانیان و زۆربەشیان لەڕێگەی نامەی مۆبایلەوەن، بێجگە لەو هەڕەشانەی ڕاستەوخۆ لەلایەن تاوانبارانی دەستگیرکراوەوە دەکرێن.

(ن.ه)، 32 ساڵ، کارمەندی یەکێک لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان دەڵێت تا ئێستا چوار جار هەڕەشەی ئابڕووبردنی لێکراوە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "من لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکان دەکەم و دۆسیەکان دەدەمە دادوەر، نزیکەی 10 مانگ لەمەوبەر لەڕێگەی مەسنجەرەوە نامەیەکی هەڕەشەم بۆ هات، کەسەکە نەناسراو بوو، نووسیبووی ئەگەر واز لە یەکێک لە دۆسیەکانم نەهێنم و کێشەیان بۆ دروستبکەم ئابڕووم دەبات. دواتریش دەمکوژێ".

(ن) کە خێزاندارە و دوو منداڵی هەیە، گوێی بە هەڕەشەکان نەداوە و وەڵامی نامەکەشی نەداوەتەوە، بەڵام هەڕەشەکان بەردەوام بوون: "سێ جاری دیکە لەڕێگەی چەند ژمارەیەکەوە هەڕەشەم لێکرایەوە. تەنانەت لە یەکێک لەو هەڕەشانەدا نووسراوە: ئێمە دەزانین کە هاوژینەکەت ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلەی هەیە و ژمارەکەشی ئەوەندەیە، ماڵتان لەو گەڕەکەیە و ژمارەی خانووەکەشتان ئەوەندەیە. زانیم هەڕەشەکە جدیە، بۆیە بەڕێوەبەرایەتیم لێ ئاگادار کردەوە".

هیچ
بەڕێوەبەرێکمان
نییە هەڕەشەی
کوشتنی لێ
نەکرابێ

جێگری بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان

(ن) تاکە کارمەندی بەڕێوەبەرایەتییەکە نییە کە هەڕەشەی ئابڕووبردن و کوشتنی لێکرابێت، وەکو ئەو دەڵێت: "بەشێک لە هاوڕێ کچ و کوڕەکانیشم هەمان هەڕەشەیان لێکراوە. بەدواچوونمان بۆ ژمارە مۆبایلەکان کردووە، بەڵام خاوەنەکانیان نەناسراون و ژمارەکانیش داخراون".

### تەقەیان لێدەکرێ

ئەمساڵ سێ جار تەقە لە بارەگا و ئۆتۆمبێلی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان کراوە. ئاری ڕەفیق، جێگری بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان بە (ڕووداو)ی گوت: "ساڵی 2018 زۆرترین هەڕەشەمان لێکراوە، سێ جار هێرش کراوەتە سەر بارەگا و کارمەندەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە سێ شوێنی جیاواز. نووسینگەی چەمچەماڵی بەڕێوەبەرایەتییەکە درایە بەر گوللە، مانگێک لەمەوبەریش نووسینگەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی بە ئاڕ بی جی و کلاشینکۆف هێرشی کرایە سەر. هەروەها لەکاتی گواستنەوەی کچێک لە شەڵتەرەوە بۆ دادگا ئۆتۆمبێلەکەیان لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە درایە بەر گوللە و بکەرەکانیش دەستگیر نەکراون".

بەگوتەی ئاری ڕەفیق، بەشێک لە بەڕێوەبەر و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان هەڕەشەیان لەسەرە. ئەو دەڵێت: "لەسەر ئاستی تاکیش ئەو کەسانەی بەرپرسیارێتیان لەنێو بەڕێوەبەرایەتییەکەدا هەیە، هەریەکەیان چەند جارێک و بە چەند جۆرێک ڕووبەڕووی هەڕەشە بوونەتەوە. هەڕەشەکان لەڕێگەی نامەی مۆبایل و ماسنجەر و ڤایبەرەوە دەکرێن. هیچ بەڕێوەبەرێک نییە زیاتر لە جارێک هەڕەشەی کوشتنی لێنەکرابێ".

لەبارەی جۆری هەڕەشەکانیش، ئاری ڕەفیق دەڵێت: "هەڕەشەکان سێ جۆرن. هەندێکیان بەبێ مەرج و داواکارین، تەنیا هەڕەشە دەکەن و هۆکاری هەڕەشەکەش ناڵێن. ئەمەش زیاتر لە بەڕێوەبەرەکان دەکرێت. هەڕەشەی دووەم داواکاری بووە، بۆ نموونە داوای ڕادەستکردنەوەی کچێک دەکەن کە ئێمە دەیپارێزین. هەروەها هەڕەشەی ڕووبەڕوو و ڕاستەوخۆ، بۆ نموونە لەسەر سکاڵایەک لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکەمان پیاوێک درایە دادگا، دادوەرەکە سزای داوە و لە چاکسازی گەورانی هەولێرە، ئەو کەسە ڕووبەڕوو لەودیو شیشەکانی زیندانەوە هەڕەشەی کوشتنی لە من و بەرپرسی یەکەمی بەڕێوەبەرایەتییەکە کرد".

### هەڕەشە لە 100 کەس کراوە

ئاری ڕەفیق دەڵێت تاوەکو ئێستا زیاتر لە 100 کارمەندی بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕووبەڕووی هەڕەشە بوونەتەوە "هەندێکجار هەڕەشەکەرەکان لە نامەکانیاندا ناونیشان، ژمارەی خانوو، جۆر و ژمارەی ئۆتۆمبێلی کەسی هەڕەشەلێکراو دەنووسن، بۆ ئەوەی هەڕەشەکەی بەجدی و ڕاستەقینە وەربگرێ. زۆربەی هەڕەشەکانیش لە بەڕێوەبەران و ئەو کارمەندانە دەکرێن کە لێکۆڵینەوە لە کەیسەکان دەکەن. هەورەها ئەوانەش کە کاریان گواستنەوەی کەیسەکانە لە شەڵتەرەکانەوە بۆ دادگا یان لە نووسینگەکانەوە بۆ شەڵتەرەکان".

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان کە لە 6 بەڕێوەبەرایەتی و 28 نووسینگە پێکدێت، نزیکەی 1500 کارمەندی هەیە کە لە سلکی سەربازی و مەدەنی کاردەکەن. ئاری ڕەفیق، باس لە ئاماری سکاڵا و هەڕەشەکان دەکات و دەڵێت: "لە 10 مانگی ئەمساڵدا 1115 کەس لەلای ئێمە سکاڵایان تۆمار کردووە کە لەڕێگەی مۆبایلەوە هەڕەشەی ئابڕووبردنیان بە ژمارە مۆبایلی نەناسراو لێکراوە، دڵنیام دە بەرامبەری ئەوەش هەڕەشەیان لێکراوە، بەڵام بەشێکیان نەیانزانیوە لە کوێ سکاڵا تۆمار بکەن، یان نەیانتوانیوە یان نەیانویستووە دۆسیەکەیان گەورە ببێت".

گوتیشی: "زیاتر لە 100 کارمەندی بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمەش هەڕەشەی ئابڕووبردنیان لێکراوە، کە زۆرینەیان پیاون".

ئەوانەی هەڕەشەیان لێدەکرێت کەمترینیان سکاڵا تۆمار دەکەن، ئەوان پێیانوایە سکاڵا هیچ ئەنجامێکی نییە، چونکە نازانن سکاڵا لەسەر کێ تۆمار بکەن، چونکە ژمارەکان نەناسراون، ئاری ڕەفیق دەڵێت: "بەشێکی زۆری ئەو هەڕەشانەی لە بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمە کراوە، ئێمە بە نووسراوی فەرمی ناردوومانە بۆ کۆمپانیاکانی مۆبایل، تەنیا وەڵامیان ئەوەیە کە ئەو کەسە زیاتر لە 1000 مۆبایلی بەناوە، واتە بە کۆ کڕیویەتی و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی فرۆشتوویەتی و کەس نازانێت ئەو ژمارەیە ئێستا بەدەستی کێوەیە".

ئەو جۆرە سیمکارتانە کە لە بازاڕدا بە سیمکارتی بێ دایک و باوک یان "علوج" ناسراون، گرفتی زۆریان بۆ کۆمپانیاکانی مۆبایلیش دروستکردووە. ئاری دەڵێت: "تەنیا لە یەک ساڵدا 4000 کەس چوونەتە کۆمپانیای کۆڕەک کە هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوە، ئەمە بێجگە لە کۆمپانیاکانی دیکە کە دڵنیام بەهەزاران کەسی دیکە هەڕەشەیان لێکراوە و کێشە و کارەساتی گەورەی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە".

لەنێو بازاڕی مۆبایلفرۆشانی هەولێر بە هەزاران سیمکارت بۆ فرۆشتن دانراون کە بەبێ فۆرم بە چەند هەزار دینارێک دەفرۆشرێن.

ئەحمەد عەبدوڵڵا، سیمکارتفرۆشێکی بازاڕەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "هەر کەسێک دەتوانێت بەسەدان سیمکارت لە کۆمپانیاکان بکڕێت و لێرەش بەبێ پڕکردنەوەی فۆرم بە کڕیارەکان بە چەند هەزار دینارێک دەفرۆشرێت، تەنانەت بازاڕی سیمکارتی بێ فۆرم زۆر گەرمترە لەو سیمکارتانەی کە بە فۆرم دەفرۆشرێن، هیچ چاودێرییەکیشی لەسەر نییە".

بەپێی یاسای ژمارە 6ـی ساڵی 2008 کە تایبەتە بە قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان، کۆمپانیاکان پابەندکراون بەوەی هەر سیمکارتێک کە دەیفرۆشن زانیاریی تەواو لە کڕیارەکەی وەربگرن، ئەگەر کۆمپانیاکە سەرپێچی بکات، بەپێی هەمان یاسا بە 50 بۆ 100 ملیۆن دینار سزا دەدرێت، بەڵام ئاری ڕەفیق دەڵێت: "11 ساڵە داوا دەکەین کۆمپانیاکانی مۆبایل کارەکانیان ڕێکبخەن و بەبێ وەرگرتنی ناو و ناونیشانی کڕیار سیمکارت نەفرۆشن، بەڵام وەڵاممان نادەنەوە، تا ئێستاش یەک کۆمپانیا سزا نەدراوە".



## لە ساڵی 2018دا 44 پیاو لە هەولێر کوژراون

**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، ئاماری ڕووداوەکانی ساڵی 2018ی بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن ئاشکرا کرد و رایگەیاند ئەمساڵ 44 پیاو لە سنووری پارێزگای هەولێر کوژراون.

ڕۆژی 2018/12/30 رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژ و بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵی 2018ی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن ئاشکراکرد و رایگەیاند لە ساڵی 2018دا لە هەولێر 44 پیاو کوژراون، 41 دۆسیە پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان ڕەوانەی دادگا کراوە، سێ کەیسیش پەڕاویان لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە. هەروەها ئاشکرای کرد لە ساڵی 2018دا شەش پیاو خۆیان سووتاندووە.

### خێزانەکەی نەهێشت

# برایەکی کوشت و یەکێکی بریندار کرد، خۆیشی کوژرا



محەممەد لە لایەن هەڵمەتی برایەوە کوژرا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- گەرمیان**

محەممەد بە پەلە دەگەڕایەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی باران لەوە زیاتر تەڕی نەکات، کاتێک گەیشتەوە نزیک ماڵ، گوێی لە دەنگی براکەی بوو کە هاواری دەکرد: "شەرتبێ جەرگت بسووتێنم". کاتێک دەچێتە ژوورەوە، دەبینێ هەڵمەتی برای بە چەکەوە هەڕەشە لە دایکی دەکات و دەڵێت "ئێستا دەتکوژم، پێمبڵێ ئارام لە کوێیە تا ئەویش بکوژم".

ئەم هاوار هاوار و راکێش راکێشی چەکە، لەوێ بە مەرگی محەممەد و برینداربوونی هێمن کۆتایی هات، بەڵام دوای چوار ڕۆژ مەرگی هەڵمەتیشی بەدوادا هات.

ڕووداوەکە ڕۆژی 2018/12/17 لە ماڵێکی گەڕەکی گۆران لە قەزای کەلار ڕوویدا، هێمن کە کوڕی دووەمی ئەو خێزانەیە، هەوڵی ئارامکردنەوەی براکەی دابوو، بەڵام هەڵمەت دەستڕێژی گوللەی کرد و بەو هۆیەوە محەممەدی برای کوشت، پاشان سێ گوللەشی بەخۆیەوە نا و دوای چوار ڕۆژ ئەویش لە خەستەخانە مرد.

محەممەد عەزیز، تەمەن 24 ساڵ، دوایین منداڵی خێزانەکەی بوو کە حەوت برا و دوو خوشکن. هەڵمەتیش تەمەنی 34 ساڵ بوو، بە قسەی براکانی کەسێکی "شەڕانگێز" بووە.

نەبەز کە برای محەممەد و هەڵمەتە، دەڵێت: "هەڵمەتی برامان لەگەڵ کەس نەدەگونجا، هەر جارێک بە یەکێکمانی دەگرت، لەسەر هیچ ئیشێک بەردەوام نەدەبوو، لەگەڵ زۆر کەس بەشەڕهاتبوو".

نەبەز باسی ڕۆژی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "هەڵمەت داوای پارەی لە دایکم کردبوو، پێیگوتبوو ئەگەر پارەم نەدەیتێ خۆت و ئارامی کوڕیشت دەکوژم، هەرچەندە ئەمساڵ 8500 دۆلاری دراوەتێ بۆ ئەوەی بچێتە ئەورووپا، بەڵام هەمووی خەرج کردووە. دواتر داوای 1500 دۆلاری دیکەی کردبوو گوایە چایخانە دادەنێ، بەڵام داینەنا و بە پارەکە چەکی کڕی".

نەبەز لەلایەن محەممەدی برایەوە لە ڕووداوەکە ئاگادار کراوەتەوە و پێیگوتووە فریامان بکەوە هەڵمەت خەریکە دایکم دەکوژێ. نەبەز گوتی: "هێمن کە برامانە و لەوێ بووە، ویستوویەتی نێوبژیوانییان بکات، بەڵام هەڵمەت تەقەی کردووە، ئەویشی بریندار کردووە".

ناهیدە، دایکی هەڵمەت و محەممەد، لە ماوەی چوار ڕۆژدا دووجار جەرگی سووتا، جارێک بۆ کوڕێکی کە هێندەی گلێنەی چاوەکانی خۆشیدەویست، جارێکیش بۆ کوڕێکی کە زۆر بێزاری کردبوو، بەڵام دەیگوت "ئەویش جەرگمە، مەرگی ئازارم دەدات".

چوار ڕۆژ دوای کوشتنی محەممەد، هەڵمەت لە شەوی یەڵدادا لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی مرد. هەڵمەت بە تەنیا لە نەخۆشخانە بوو، هیچ کەسێک ئامادە نەبوو سەردانی بکات.

نەبەز دەڵێت: "دایکم محەممەدی زۆر خۆشدەویست، بە تایبەتی دوای ئەوەی سێ ساڵ لەمەوبەر باوکمان مرد، محەممەد بەردەوام لەگەڵ دایکم بوو، زۆر نازی هەڵدەگرت، هەر بۆیە ئامادە نەبوو لەسەرەمەرگیشدا هەڵمەت ببینێ".

هەڵمەت ئەو ڕۆژە هەڕەشەی کوشتنی لە ئارامی براشی کردبوو، بەڵام ئارام ئەوکاتە لە دەوام بووە. ئارام دەڵێت: "من چوار ساڵ لە هەڵمەت بچووکترم، دوو ساڵ بەر لە ئێستا لەسەر ڕەفتارە نەشیاوەکانی دەمەقاڵێمان بوو، بەڵام دواتر خۆم ئاشتم کردەوە، لە ئامۆژگاری زیاتر هیچ هەڵەیەکم بەرامبەری نەکردووە، پێم سەیرە ئەو ڕۆژە کە من لە دەوام بووم، هاتووە بۆ کوشتنی من".

عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان سەبارەت بەو کەیسە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەم گەنجە کەسێکی سەر بە کێشە بووە، چەندینجار کێشەی بۆ خێزانەکەی دروستکردووە، ئەو ڕۆژەش تەقەی کردووە، برایەکی بەرکەوتووە و کوژراوە، خۆیشی سێ گوللەی بەرکەوتووە، پۆلیس لێکۆڵینەوە دەکات بۆ ئەوەی بزانێ خۆی گوللەکانی لە خۆی داوە یان هێمنی برای، هەر بۆیە پۆلیس هێمنی دەستگیرکردووە".



هەڵمەت هەڕەشەی لە دایکی کردبوو ئەگەر پارەی نەداتێ دەیکوژێ

# دۆسکی بووە قوربانیی تاوانێک کە دەستی تێدا نەبوو



دۆسکی لە شاری دهۆک لە کافتریایەکدا کوژر ا

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

دۆسکی لەگەڵ هاوڕێکانی لە کافتریایەک بوو، کەسێک لێی بەژوور کەوت و دەستڕێژی گوللەی لێکرد و کوشتی. تۆمەتبارەکە کە هەڵاتووە، دەڵێت ئەو نەیویستووە دۆسکی بکوژێ، بەڵام تووڕەی کردووە، بۆیە تەقەی لێکردووە.

شەوی 2018/12/10 پیاوێکی تەمەن 42 ساڵ بەناوی دۆسکی محەممەد، باوکی چوار منداڵ، لە نێو کافتریایەکدا لە شاری دهۆک لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (ت.س) کوژرا. تۆمەتبار دوای ڕووداوەکە بۆ شوێنێکی نادیار هەڵات.

دوای ڕووداوەکە، پۆلیس تەرمی دۆسکی گواستەوە بۆ پزیشکی دادی دهۆک. موقەدەم هێمن سلێمان، بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو)ی راگەیاند: "دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداوەکە، ناسنامەی ئەو کەسەمان بۆ ئاشکرا بوو کە تاوانەکەی کردووە، چاوەڕێین خۆی تەسلیمی پۆلیس بکات، ئەگینا بەدوایدا دەگەڕێین و دەستگیری دەکەین".

کەسوکاری دۆسکی بڕیاریان داوە پرسە بۆ کوڕەکەیان دانەنێن تا ئەو کاتەی تۆمەتبارەکە دەستگیر دەکرێ. ئازاد دۆسکی کە شایەتحاڵە، بە (ڕووداو)ی گوت :"لە دەرەوەی کافتریاکە دانیشتبووم، ئۆتۆمبێلێک رایگرت، دوو پیاوی تێدا بوو، یەکێکیان کە چەکی پێبوو دابەزی و چووە ناو کافتریاکە، لەناکاو دەنگی تەقە هات. کە چوومە ژوورەوە دۆسکی لەسەر زەوی کەوتبوو".

کوژرانی دۆسکی پەیوەندی بە تاوانێکی دیکەوە هەیە کە ساڵ و نیوێک لەمەوبەر ڕوویداوە و کەسوکارەکەی دەڵێن هیچ پەیوەندی بە دۆسکییەوە نەبووە.

ڕەعد محەممەد کە برای دۆسکییە، باسی ئەو تاوانەی کرد و گوتی: "برا گەورەکەم هاوڕێی (ع.س) بوو کە برای (ت.س) تەلەفۆنی بۆ براکەم کردبوو پێیگوتبوو ئۆتۆمبێلم پێ نییە هەتا کۆمەڵگەی ئەفرۆم ببە، لەوێ (ع) لەلایەن کرێکارێکی تورکەوە کوژرا و کرێکارەکە هەڵات".

وەک ڕەعد باسی کرد، دوای ڕووداوەکە حوسێنی برای دەستگیرکراوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نەبووە بیسەلمێنێ حوسێن دەستی لە تاوانەکەدا هەبووبێ، بۆیە پۆلیس ئازادی کردووە.

ڕەعد داوا لە هێزە ئەمنییەکان دەکات بەزووترین کات تۆمەتبار بدۆزنەوە و دەستگیری بکەن، چونکە ترسی لەوە هەیە کێشەکە ببێتە دوژمنداری کوڕەکانی دۆسکی تۆڵە لە کەسوکاری (ت) بکەنەوە و خوێنی زیاتر بڕژێ.

ڕەعد دەڵێت: "ئێمە دۆسکیمان لەدەستدا کە هیچ تاوانێکی نەبوو، بووە قوربانیی دەستی کەسێک کە ویستی تۆڵەی کوژرانی برای بکاتەوە لەکاتێکدا ئەو ڕووداوە هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نەبوو، نامانەوێت کەسێکی دیکەی بنەماڵەکەمان لە دەست بدەین و ئەو دوژمندارییە درێژە بکێشێ".

هەرچەندە هاوڕێێن و منداڵەکانی دۆسکی ویستوویانە پرسە بۆ دۆسکی دابنێن، بەڵام ڕەعد دەڵێت ئەو نەیهێشتووە پرسە بۆ براکەی دابنێن. ڕەعد گوتی :"من بەڵێنم داوە تاوەکو تاوانبار لە زیندان نەبینم، پرسە بۆ براکەم دانەنێم".

(ش.س) کە دوای ڕووداوەکە هەڵاتووە، دەڵێت 20 ساڵە ئەو خێزانە دەناسێ و هاوڕێیەتی بەهێزیشی لەگەڵ ڕەعددا هەیە، بەڵام قسەکانی پێچەوانەی قسەی ڕەعدن لە بارەی کوژرانی (ع)ی برای.

(ش) کە بە تەلەفۆن قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، گوتی: "حوسێنی برای دۆسکی، براکەمی هەڵخەڵەتاندبوو، پێیگوتبوو ماڵێکی تورک لە کۆمەڵگەی ئەفرۆن، وەرە بچین دزییان لێ بکەین، تۆ دەمانچەکە هەڵبگرە من لە دەرگا دەدەم، کە دەرگایان کردەوە دەمانچەکە لەسەر سەری خاوەن ماڵەکە دابنێ، تا من دزییەکە دەکەم".

بەڵام براکەی بۆ بە قسەی حوسێنی کردبوو؟

(ش) دەڵێت: "حوسێن براکەمی سەرخۆش کردبوو، بردبووی لە پێش ماڵەکە دایناببوو، لە دەرگای ماڵەکەی دابوو و خۆی ڕۆیشتبوو، کاتێک خاوەن ماڵەکە براکەمی بە دەمانچەوە بینیبوو، یەکسەر گوللەیەکی لێدابوو".

(ش) دەڵێت ئەو زۆر هەوڵیداوە بێ تاوانیی براکەی بسەلمێنێ، بەڵام کەسوکارەکەی نەک پشتگیرییان نەکردووە، بەڵکو لەسەر ئەمە سەرزەنشتیشیان کردووە "زۆر لە مامەکانم پاڕامەوە کە براکەم هیچ تاوانێکی نەکردووە، ئەو بووە قوربانی، بەڵام ئەوان گوێیان لێنەگرتم، بە پێچەوانەوە گوتیان ئێمە تۆ ناناسین، براکەت شەرمەزاری کردووین".

(ش) پەیوەندی بە ڕەعدەوە دەکات بۆ ئەوەی لە دۆسیەکەی براکەی یارمەتی بدات و داوا لە حوسێنی برای بکات ڕاستیی ڕووداوەکە بۆ کەسوکارەکەی ئاشکرا بکات. ڕەعدیش ژمارە تەلەفۆنی حوسێنی برای دەداتێ و قسەی لەگەڵ دەکات، بەڵام هیچ سوودی نابێ و دەڵێت پەیوەندی بە کوشتنی (ع)وە نەبووە.

سەبارەت بە کوشتنی دۆسکیش، (ش) دەڵێت :"من چووم بۆ کافتریاکە بۆ ئەوەی دۆسکی یارمەتیم بدات و قسە لەگەڵ حوسێنی برای بکات، بەڵام نەک یارمەتی نەدام، بەڵکو زۆر تووڕەی کردم، منیش تەقەم لێکرد".

# لە سویسرا گەڕاوەتەوە و لە هەولێر کەوتووەتە سەر جادە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

هێمن دەڵێت لە سویسرا بەهۆی زەبرێکەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، کە گەڕاوەتەوە کوردستانیش کەسوکارەکەی لە خۆیان نەگرتووە، بۆیە ماوەی ساڵ و نیوێکە لەسەر شەقامەکانی هەولێر دەسووڕێتەوە.

هێمن سدیق، تەمەن 32 ساڵ، ساڵی 2005 بەڕێگەی قاچاخ دەچێتە ئەورووپا و لە هەرێمی گلاڕۆس لە سویسرا نیشتەجێ دەبێت، بەڵام دوای سێ ساڵ ڕووداوێک وای لێدەکات بگەڕێتەوە هەولێر. هێمن بە (ڕووداو)ی گوت: "نزیکەی سێ ساڵ بوو لە سویسرا بووم، شەوێک دەچوومە مارکێت، چەند کەسێک ڕێگەیان لێگرتم و لێیانمدام و قاچێکیان شکاندم و بە شتێک لە پشتی سەریان دام. چوار مانگ لە نەخۆشخانە مامەوە".

هێمن کە قاچێکی پلاتینی تێدایە، بڕیار دەدات بگەڕێتەوە هەولێر، ئەو دەڵێت: "لە سویسرا چوار نەشتەرگەرییان بۆ کردم. چوار مانگ لە نەخۆشخانە بووم، دواتر پێیانگوتم دەتەوێت چی بکەی؟ منیش کە ئەوکات زۆر لەسەر خۆم نەبووم، گوتم دەچمەوە کوردستان، بۆیە هێنامیانەوە هەولێر".

هێمن کە دەگەڕێتەوە کوردستان، حەوت ساڵ لە کۆمپانیایەک کار دەکات، ساڵی 2014 هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی عەرەب دەکات و کچێکیان دەبێ، بەڵام ساڵێک لەمەوبەر کۆمپانیاکە دادەخرێ و هێمن کارەکەی لەدەست دەدات.

پاشان هەموو پشت لە هێمن دەکەن، تەنانەت هاوژینەکەشی، بە پاساوی ئەوەی هێمن تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، بەڵام ئەو دەڵێت نەخۆش نییە و تەنیا پێویستی بە پشتگیرییە.

هێمن دەڵێت: "ساڵی 2017 کارەکەم لەدەستدا، هاوژینەکەم کچەکەمی برد و گەڕایەوە سامەڕا، بنەماڵەکەشم رایاننەگرتم و گوتیان تۆ ناتوانی کاربکەی، ئێمەش ناتوانین بەخێوت

> **کوڕەکەم مەترسی لەسەر ژیانمان دروستکردووە بۆیە بەخێوی ناکەین**
>
> باوکی هێمن

بکەین، بۆیە لە 2017/3/19 وە کەوتوومەتە سەر شەقام و هەر لەسەر شەقام شەو و ڕۆژ دەکەمەوە".

هێمن دایک و باوک و چوار خوشک و برای هەیە، سدیق حەمەد باسی کوڕەکەی دەکات و دەڵێت: "هێمن قوتابی بوو، ساڵی 2005 گوتی دەچمە ئەورووپا، زەوییەکم هەبوو بۆم فرۆشت و ناردمە دەرەوە، ماوەیەک لە کارگەیەک کاری دەکرد و هیچ کێشەیەکی نەبوو، بەڵام شەوێک نازییەکان هێرشیان کردبووە سەری و لە پشتی سەریان دابوو، چەند مانگێک لە نەخۆشخانەی دەروونی مابووەوە".

باوکی هێمن ویستوویەتی کوڕەکەی لە سویسرا بمێنێتەوە و نەگەڕێتەوە کوردستان، ئەو دەڵێت: "زۆر هەوڵم لەگەڵ دا نەگەڕێتەوە، بەڵام بێسوود بوو، لە مانگی دووی 2009 چوار کەسی بیانی هێنایانەوە فڕۆکەخانەی هەولێر، وێنەی منیان گرت و هێمنیان رادەستی ئێمە کردەوە و خۆیان گەڕانەوە".

هێمن چەند مانگێک بە هێمنی دەمێنێتەوە، بەڵام وەکو کەسوکارەکەی دەڵێن، دواتر دەبێتە مەترسی بۆ سەر خێزانەکەی و دەوروبەری، سدیق حەمەد دەڵێت: "دوو مانگی سەرەتا حەبەکانی دەخوارد و زۆر باش بوو، بەڵام دواتر شێت بوو، بردمانە لای پزیشکی دەروونی، پزیشکەکە گوتی تووشی نەخۆشیی شیزۆفرینیا بووە. ژیانی لە هەموومان تاڵ کردبوو، هەڕەشە بوو لەسەر خۆی و ئێمەش، بۆیە نەماندەتوانی بەخێوی بکەین".

باوکی هێمن دان بەوەدا دەنێت کە هەڵەیەکی کردووە، ئەو گوتی: "بەهۆی ئەوەی کوڕەکەم نەخۆش بوو، پزیشکە دەروونییەکە پێیگوتم کە ژنی بۆ نەهێنین، چونکە خراپتر دەبێت، بەڵام بەگوێم نەکرد و ژنم بۆ هێنا، قسەی پزیشکەکە ڕاست دەرچوو، باروودۆخی کوڕەکەم خراپتر بوو".

هێمن دەبرێتەوە نەخۆشخانەی دەروونی، بەڵام لەوێ هەڵدێ. هێمن دەڵێت "من هیچ کێشەیەکی دەروونیم نییە، تەنیا بەهۆی ئەو زەبرەی بەر سەرم کەوتووە پێویستم بە چارەسەر و پشووە، چەند هەفتەیەک لەمەوبەر بردیانمە نەخۆشخانەی دەروونی، بەڵام ئەو شوێنە زیندان بوو نەک نەخۆشخانە، لە ژوورێکی بچووکدا بووم، وەکو زیندانێکی تاکەکەسی وابوو. شەش ساڵ بوو جگەرەم نەکێشابوو، بەڵام لەوێ فێری جگەرەکێشان بوومەوە، بۆیە بەرگەم نەگرت و لە دەلاقەی ژوورەکەوە هەڵاتم".

د.ڕەوشت ڕەشید، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی دەروونی لە هەولێر، لەبارەی نەخۆشخانەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "هەر کەسێک تەنانەت بەتەنیشت نەخۆشخانەکەشدا تێپەڕێت دەزانێت کە شوێنەکە شیاو نییە بۆ نەخۆشەکان، نەخۆشخانەیەک تەنیا 12 قەرەوێڵەی بۆ نەخۆشی ژن و پیاو تێدا بێت، دەبێت چ سوودێکی هەبێت. هەر کەسێک شەوانە لەسەر شەقامەکان بکەوێت، یەکسەر پۆلیس دەیهێنێتە لای ئێمە، کە پێشیان دەڵێین جێگەمان نییە باوەڕ ناکەن".

د.ڕەوشت گوتیشی: "نەخۆشخانەکە هیچ تایبەتمەندییەکی نەخۆشخانەی دەروونی تێدا نییە، لە بەندیخانە دەچێت نەک نەخۆشخانە، تەنانەت هی ئەوە نییە بکرێتە بەندیخانەش".

> **نەخۆش نیم، تەنیا پێویستم بە پشووە**
>
> هێمن



هێمن لە نەخۆشخانەی دەروونی نەحەوایەوە و هەڵات

## (دیداری تەمەن)

# بایەخی مێژوویی خۆی لەدەستدا


مامۆستا جەعفەر

بەلامەوە سەیرە سەلاح ڕەشید کتێبی (دیداری تەمەن)[1]ی بڵاوکردەوە! بەلاشمەوە سەیرە هێرۆخان یان بافڵ و قوباد لە دادگا داوایان لەسەر (بەناو) ئامادەکاری ئەم کتێبە تۆمار نەکردووە! ئەم کتێبە پێش نەخۆشکەوتنی مام جەلال بڵاوبکرایەتەوە کارێکی ئاسایی بوو. ئەوکاتە کێشەکە لەنێوان مام جەلال و بڵاوکەرەوەی کتێبەکەدا قەتیس دەکرا. ئەوکاتە دەگوترا: مام جەلال بۆ خۆی گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکردووە و هەرچی نووسراوە مام جەلال بەرپرسیارێتی قسەکانی خۆی دەستۆ دەگرێ، یان مام جەلال لەڕێگەی سکرتێری ڕۆژنامەوانیی خۆیەوە، ڕوونکردنەوەیەکی پێشکەش دەکرد.

بەگوێرەی پێشەکیی کتێبەکە بێت، ئەم دیدارە ساڵی 1990 ناوی خوای لێهێنراوە و پێش کۆچی دوایی مام جەلال بە دوو سێ مانگ بڵاوکراوەتەوە. سەلاح ڕەشید ماوەی [27] ساڵ چاوەڕوان بووە، ئینجا بڕیاری بڵاوکردنەوەی داوە. ئەو لە بەرایی کتێبەکەدا پەنجە لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دیدارەکە [15] ساڵی خایاندووە. گریمان ئەم قسەیە سەد لەسەد ڕاستە، وێڕای تەلبەندەکانی گومان و نیشانەی پرسیار، ئامادەکار: ماوەی (7) ساڵی بەدەستەوە بووە، دیدارەکە پێش نەخۆشکەوتنی مام جەلال بڵاوبکاتەوە!

بەڕێزیان لەپێشەکی کتێبەکەدا تێبینییەکی سێ دێڕ و نیوی نووسیوە کە گوایە: مام جەلال پرۆژەی کتێبی (دیداری تەمەن)ی نەدیوە. بەبێ ئەوەی ڕوونکردنەوەیەک بدات: بۆ نموونە: ئەم کتێبە بڵاونەکرایەوە چونکە: کتێبەکە دیزاین نەکرابوو! کەموکورتی تێدابوو، یان ماوەی حەوت ساڵ زۆر کورتە بۆ داڕشتنەوەی کتێبێکی گەورە!

((زۆر دۆست و هاوڕێ، پێیان وابوو کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم دیدارە نەهاتووە، بەڵام من ئەم دیدارە لەکاتێکدا بڵاودەکەمەوە، کە بەداخەوە مام جەلال نەخۆشە و پێشتریش دەرفەتی ئەوە نەڕەخساوە دیدارەکە ببینێ و سەرنجی نوێی لەسەر بڵێ، یان تەنانەت ڕوخسەتی بڵاوکردنەوەشی لێوەربگرم،...))

دەبوو ئەو زۆر لەوە بوێرتر بووایە ئەم دێڕانە بنووسێت! ئەو لای چەندین کەس ڕاستیەکانی درکاندووە کە ئەو قسانەی لای ئەم و ئەو کردوونی، ڕێک پێچەوانەی ئەم سێ دێڕ و نیوەی سەرەوەن.

من یەکێکم لەوانەی بەڕێزیان دەردی دڵی خۆی لەلا هەڵڕشتووە و باسی هەڵوێستی مام جەلالی کردووە لە مەسەلەی بڵاوکردنەوەی (دیداری تەمەن). لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ سەلاح ڕەشید، ناچارم ڕاستیەکان بنووسم و شایەتم بۆ قسەکانی خۆم هەیە و مەبەستم تەنیا دەرخستنی ڕاستییەکان و هەقبێژی و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانە کە نەدەبوو ئەو ئەمانەتە بەم شێوەیە بشێوێنێت و هیچ هەستیش بە قەوارە و پانایی کارەکە نەکات.

ئێوارەیەکی ــ ساڵی 2014 ــ لە ماڵی عەبدولڕەزاق فەیلی بۆ ئێوارەخوانێک بانگهێشت کرابووین. ناوی ئەم بەڕێزانەم بیرماوە (م. محسین عەلی ئەکبەر، فوئادی مەجید میسری، محەممەد سابیر، سەرکۆ عوسمان، سەلاح ڕەشید) ئەو ئێوارەیە باسی سەری هارومار کرا. سەلاح ڕەشید بە درێژی باسی بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ مام جەلالدا کرد:

ئەو گوتی: ((ساڵی 1990 مام جەلال ماوەیەک لە شوقەکەی من لە بەرلین بوو. من تەسجیلێکم دانابوو، گفتوگۆکانم تۆمار دەکرد..))

**من گوتم:** ((گفتوگۆکان زۆرن؟))

**گوتی:** ((بیست و نۆ سەعاتە!))

**گوتم:** ((ئەی بۆ بڵاویان ناکەیتەوە؟))

**سەلاح گوتی:** ((هەموو گفتوگۆکان نزیکەی (700) لاپەڕە دەبێت. من کورتم کردەوە بۆ (400) لاپەڕە و بۆ مام جەلالم برد. ئەو هەر دەنگی نەبوو. پاش چوار مانگ سەردانێکم کرد. گوتم: مام جەلال کتێبەکەت خوێندۆتەوە و تێبینیەکانت چین؟

مام جەلال بە تووڕەییەوە تا دەستی بگرێت کتێبەکەی بۆ فڕێدام و گوتی: ئەمە هیچی قسەی من نین! من کەی قسەی وام کردووە؟

**منیش گوتم:** مام جەلال من کاسێتەکانم بەدەنگی تۆ لایە و هەموو قسەی تۆن!

مام جەلال هەڵچوو، بەتووڕەییەوە وەڵامی دامەوە: من قسەی وام نەکردووە و ئەمانە قسەی من نین! بڵاوی بکەیتەوە بەیانت لەسەر دەردەکەم و لە ڕۆژنامەکان ڕوونکردنەوەیەکت لەسەر دەنووسم: کە هەرچی لە کتێبەکەدا نووسراوە، پەیوەندی بەمنەوە نییە!))

من لە برایان فوئاد مەجید میسری و موحسین عەلی ئەکبەرم پرسی: ئایا ئەو ئێوارەیە و قسەکانی سەلاح ڕەشیدیان بیردەکەوێتەوە؟

هەردووکیان گوتیان: ئێمە بەجوانی لەبیرمانە و شایەتی دەدەین کە سەلاح لەو ئێوارەیەدا چی گوتووە!

ئەمە هۆکاری ڕاستەقینەی بڵاونەکردنەوەی کتێبەکەیە پێش (2012). خۆی لای چەندین کەسی گۆڕان و یەکێتی ئەم ڕوونکردنەوەیەی داوە. سێ دێڕو نیوی پێشەکی (دیداری تەمەن) هەر زۆر لە ڕاستیەوە دوورن. مرۆڤ بۆ خۆی جوان نییە ڕەش بکاتە سپی و سپی بکاتە ڕەش!

سەلاح ماوەیەکی زۆر لە ئەوروپا ژیاوە و دەبێ ئەو ڕاستیە بزانێت: کەسێک گفتوگۆی لەگەڵدا کرا و پاش سێ چوار ڕۆژ پێش بڵاوکردنەوەی دەقەکەی بینی، دەتوانێت بڵێت: داڕشتنەکەم بەدڵ نییە! من ئەم قسەیەم نەکردووە! تکایە بڵاوی مەکەنەوە، چونکە لەڕووی سیاسییەوە یان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زیان دەگەیەنێت! ئیدی ئەوە قسەی ئەو کەسە نییە و نابێت بڵاوبکرێتەوە. ڕۆژنامەکە یان گۆڤارەکە ناچێت بە (تۆپزی) و (چاوقایمی) گفتوگۆکە بڵاوبکاتەوە.

پرۆفیسۆرێک چەند نامەیەکی بۆ نووسەرێکی عەرەبی سووری ناسیاوی ناردبوو، ئەویش لە کتێبێکدا هەر هەمووی بەجوانی بڵاوکردبووەوە. پرۆفیسۆرە عەرەبە ـ ئەڵمانە خۆ بە ئەمەریکی زانەکە پێیگوتم: "زۆرم پێناخۆش بوو نامەکانی منی بڵاوکردبووەوە، بەبێ ئەوەی من ڕێگەی پێبدەم، یان داوای ڕەزامەندی بکات. لە ئەڵمانیا ئەم جۆرە ڕەفتارە سزای قورسی دارایی لەسەرە و هەرکەس بۆ خۆی نییە.. تاد"

مەعقول نییە کەسێک سەرووی بیست ساڵ لە ئەوروپا ژیابێت و ماوەی چەند ساڵێک وەزیری مافی مرۆڤ ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ ئیدارەی سلێمانی ـ بووبێت، ئەوە نەزانێت کە نامەی خەڵک، یان گفتوگۆ بەبێ ڕەزامەندی کەسەکە بڵاوبکرێتەوە. با ئەو کەسەی گفتوگۆی لەگەڵدا کرابێت، پارەشی وەرگرتبێت، دەبێ بە نووسین و ئیمزا خۆی ڕەزامەندی لەسەر بڵاوکردنەوەی دەقەکە بدات! ئەگەرنا ئەو کارە وەکو کەتن و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ سەیر دەکرێت.

> بەلامەوە سەیرە کە هێرۆخان یان بافڵ و قوباد لە دادگا داوایان لەسەر (بەناو) ئامادەکاری ئەم کتێبە تۆمار نەکردووە




دەبوو ئامادەکار، بە ڕاشکاوانە دان بەو ڕاستیەدا بنێت کە مام جەلال کتێبەکەی پەسەند نەکردووە و کەسێک بەبێ ئەوەی کتێبەکەی خوێندبێتەوە، ڕێگەی پێداوە! هەرکەسێک گڵۆپی سەوزی بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبەکە هەڵکردبێت، دەبێ سوپاس بکرێت و ئەگەر ئەو کەسە سپۆنسەری بێت و ڕەزامەندی بنەماڵەیان ڕاستتر بنووسم: ئەندامانی خێزانەکەی وەدەستهێنابێت، دەبێ بەگەرمی دەست لەسەر دەستیان دابنرێت و بەدڵ و بەگیان ناویان بهێنرێت.

## ئایا ڕەزامەندیی یەکێتی وەرگرتووە؟

پاش بڵاوبوونەوەی (دیداری تەمەن)، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێیگوتم: "چۆن کەسێک دەتوانێت کتێبێکی وا بڵاوبکاتەوە کە ڕەزامەندی بنەماڵەی مام جەلالی لەسەر نەبێت؟". دەنگۆیەکی زۆریش بڵاوکرایەوە گوایە: (فلان باڵ دژی فلان باڵ کتێبەکەی بڵاوکردووەتەوە و ئامادەکار پاداشت کراوە... تاد)

من هەرچی دەنگۆ و نیشانەی پرسیار لەسەر کتێبەکە دانرابوون، دام بەدەم باوە! خۆم هەوڵمدا سەرەداوێک بدۆزمەوە کە پەیوەندی بە قسە و قسەڵۆکەوە نەبێت. پەیوەندیم بە مەلا بەختیارەوە کرد، ئەو بەڕاشکاوانە گوتی: "مام جەلال کتێبەکەی پێش بڵاوکردنەوە بینیوە ـ ڕەشنووسی کتێبەکە ـ ڕاست و ڕەوان بە سەلاح ڕەشیدی گوتووە، لە بڵاوکردنەوەی ڕازی نیم و بەهێرۆخان و کوڕەکانیشی گوتووە، نابێ ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بدەن.. نە (م.س) و نە (سەرکردایەتی) ئاگایان لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکە نەبووە و کەس پشتیوانی لێ نەکردووە.."

بە تێلیفۆن پەیوەندیم لەگەڵ ستران عەبدوڵلادا کرد و سەبارەت بە (دیداری تەمەن) سێ چوار پرسیارم لێکرد، ئەو گوتی:

"ساڵی 2002 سەلاح ڕەشید ڕەشنووسی کتێبەکەی بۆ هێنام و منیش پێداچوومەوە، هەڵە و کەموکورتیەکی هێجگار زۆری تێدابوو. من پێمگوت: ئەم کتێبە کێشە و سەرئێشەیەکی زۆرمان بۆ دەنێتەوە.."

من ئەم پرسیارەشم لێکرد: "ئایا سەلاح ڕەشنووسەکەی ڕادەستی مام جەلال کردووە و ئەو دەقەکەی خوێندووەتەوە؟"

ستران گوتی: "بەڵێ! مام جەلال دەقەکەی خوێندووەتەوە و ڕەزامەندی لەسەر بڵاوکردنەوەی دەرنەبڕیوە، پێیگوتووە: نابێ ئەم گفتوگۆیە بڵاوبکرێتەوە، ئەگینا لەسەرت دەنووسم.."

دوا پرسیارم ئەوە بوو: "لە کەسوکاری مام جەلال کێ پشتیوانی لێکردووە و قسەی مام جەلالی شکاندووە؟"

ستران گوتی: "سەلاح ڕەشید چووە بۆ لای هێرۆخان و داوای لێکردووە، کتێبەکەی بۆ چاپ بکات. ئەویش داوای لە من و کاک محەممەد سابیر کرد چاوێک بە کتێبەکەدا بگێڕین. ئێمە کۆمەڵێک هەڵە و پەڵەمان دەستنیشان کرد. سەلاح بەشێک لە هەڵەکانی چاککردەوە و ئامادە نەبوو دەستکاری هەندێک بڕگە و ڕستە بکات! ئیدی هێرۆخان ئامادە نەبوو کتێبەکە چاپ بکات و ڕەزامەندیشی لەسەر بڵاوکردنەوەی دەرنەبڕی.."

> مەعقول نییە کەسێک سەرووی بیست ساڵ لە ئەوروپا ژیابێت و ماوەی چەند ساڵێک وەزیری مافی مرۆڤ بووبێت، نەزانێت کە نامەی خەڵک، یان گفتوگۆ بەبێ ڕەزامەندی کەسەکە بڵاوناکرێتەوە

## مام جەلال ئەم جۆرە هەڵەیە ناکات

ئامادەکاری کتێبەکە هەڵەی ئەوتۆی کردووە کە مایەی سەرسوڕمانە! یەکێک مام جەلال بەباشی نەناسێت و هەر لەدوورەوە سەلاح ڕەشید بناسێت، ڕەنگە تەمومژی گومان بەرچاوی بگرێت:

1. هەموو مرۆڤێکی ئاسایی ناوی خۆی و باوک و باپیری بەباشی دەزانێت. من ژمارەیەکی زۆر لە تاڵەبانییەکان دەناسم. زۆربەیان (شەجەرە)ی بنەماڵەکەیان بەوردی لەبەرە و یەکتر دەناسن و ئاستی خزمایەتی لەگەڵ یەکتریدا دەزانن و لەکوێ و کوێوە بە یەکتر دەگەنەوە.

ئایا مەعقولە من ناوی حەوت پشتی مام جەلال بزانم، کەچی ئەو ناوی باپیری خۆی نەزانێت؟

بە قسەی بەڕێزیان بێت، دەبێ مام جەلال گوتبێتی:

(ناوم، جەلال کوڕی شێخ حوسامەدینی کوڕی شێخ نووری کوڕی شێخ غەفووری تاڵەبانیم)

ڕاستییەکەی: (شێخ حسامەدین کوڕی شێخ نورەڵڵا، کوڕی شێخ نووریـ یە..)

من بڕواناکەم مام جەلال نەیزانیبێت نورەڵڵا باپیریەتی و ئەویش کوڕی شێخ نووری شێخ غەفوورە..

2. کەسێک عەرەبی نەزانێت کارەسات نییە، دەتوانێت داوای یارمەتی لە هاوڕێیەکی بکات، عەیبە ئەوەیە عەرەبی نەزانێت و سواری ملی ڕستەیەکی عەرەبی بێت و بیپسێنێت: گوایە مام جەلال ئەم ڕستەیەی بەعەرەبی بۆ ئامادەکار گێڕاوەتەوە:

3. (موحسین ئیبراهیم گوێی لێبوو گوتی: ((جلال یسمعنی ینتم مسیرکم یبادە،..) ل 331

بەلامەوە سەیرە کەسێک پۆلی شەشی سەرەتایی تەواو کردبێت و (مصیر) و (مسیر) لەیەک جیا نەکاتەوە!

لاپەڕە (370) ئایەتێکی قورئانی بەم شێوەیە داناوە:

(اذا جاءکم فاسق بنبأ فتبینوا أن تسیبوا قوما (بجهالە) فتسبحوا علی ما فعلتم نادمین)

پۆلی شەشی سەرەتایی جاران دەیانزانی جیاوازی نێوان ئەم وشانەی خوارەوە چەندە:

(تصیبوا) و (تسیبوا)

(تصبحوا) و (تسبحوا)

مام جەلال هەر چاوی بەم دوو ڕستەیە کەوتبێت، دڵنیابووە ئامادەکار 90%ی کارەکەی بە لنگەو قووچ کردووە! هەر بۆیە گفتوگۆکەی بە قسەی خۆی دانەناوە و مرۆڤ بەهەڵە قسەی کەسێک بگوازێتەوە، ئەو کەسە مافی خۆیەتی بڵێت: (من قسەی وام نەکردووە!)

## ڕووداوی بۆ بڵاوکردنەوە نەگونجاو

مام جەلال کەسایەتییەک بوو، دەیزانی کام بابەت بۆ بڵاوکردنەوە گونجاوە یان نەگونجاوە. مرۆڤێک سەرکردە بێت و ماوەیەک لەبواری ڕۆژنامەوانی کاری کردبێت و قانوونی بێت، بێگومان دەبێ بزانێت کام بابەت لەڕووی قانوونییەوە ڕێگە پێدراوە یان ڕێگە پێنەدراوە؟

هەرچی مام جەلال لەناو ماڵ یان لەناو هاوڕێکانیدا گوتبێتی مەرج نییە هەر هەمووی شایانی بڵاوکردنەوە بێت. من ڕەنگە (300) نامەی مام جەلال لابێت، بەڵام دەکرێت سبەی هەر هەمووی بڵاوبکەمەوە، بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدەم، ئەم نامانە سوود، یان زیان بە بەرژەوەندی گەلی کوردستان دەگەیەنن؟! ڕەنگە لای ئەندامانی ئێستا و پێشووی (م.س) و سەرکردایەتی و ئەرشیفی پارتی و گۆڕان و ... سەدان دۆکیۆمێنت هەبێت و بڵاوکردنەوەیان زیانی بۆ کەس نەبێت. بۆ ئەو لایەنانە بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتەکانی بەردەستیان بڵاوناکەنەوە؟

سەرکردە سیاسی و نووسەرە گەورەکانی جیهان پاش ماڵئاوایی، حزبەکەیان یان بنەماڵەکەیان لیژنەیەکی پسپۆڕ دروست دەکەن و ئەو لیژنەیە سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی بیرەوەری، نامە، وێنەکان دەکات. بنەماڵەی (زیگمۆند فرۆید ـ 1856ــ 1939) سەرەتای پەنجاکانی سەدەی پێشوو، لەکۆی (20.000) نامە و نووسراو تەنیا بەشێکیان لە نامەکانی بڵاوکردەوە. ساڵی 1950 لیژنەیەک بە بەشداری ماری بۆناپارت (2) و ئەننا فرۆید (3) و ئێرنست کرز دروستکرا، دوای سێ ساڵ شەنوکەوکردن و گوڵبژێری نامەکانی فرۆید بۆ ڤیلهەلم فلیس، لەکۆی (287) نامە تەنیا (153) نامەیان بڵاوکردەوە، بەهەندێ سرینەوەو بڕگە قرتاندن و مشتوماڵکردنەوە. بەشێکی زۆری نامەکان لەسەر وەسیەتی فرۆید خۆی لە ساڵی 2215 ڕێگەی بڵاوکردنەوەیان دەدرێت.

زۆر کەس هەیە، دەقێکی نووسی، ڕێگە نادات یان پێی خۆش نییە کەسێکی تر دەقەکە ببینێت و دەستکاری بکات. مام جەلال لەو کەسانە نەبوو، نووسین و داڕشتنی خۆی ئەوەندە لەبەر دڵی خۆی پەسەند بێت و سەرنج و تێبینی کەسانی نزیکی خۆی بەهەند وەرنەگرێت. ئەو هەر زۆر پێی باش بوو کەسانی تر کە نزیک و شارەزا و جێگەی بڕوای بوون، دەستکاری نووسینەکانی بکەن.

من ماوەیەک لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بووم، ڕۆژانە لەگەڵ مام جەلالدا لە پەیوەندی و بیروڕا گۆڕینەوەدا بووین. زۆرجار بەیانێک یان نووسینێکی بۆ دەناردین، ئەگەر بڕیاری مەکتەبی سیاسیش بووایە کە هەندێ جار لە کۆبوونەوەکاندا نەبووم، سەردانی مام جەلالم دەکرد و سەرنج و تێبینی خۆمم لەسەر بڕیارەکە دەخستەڕوو، ئەویش دەیگوت: (بەڕاستی هەر زۆر باشت کردووە، بەیانەکەت بڵاونەکردووەتەوە..) سالار عەزیز، عومەر عەبدوڵڵا، مامۆستا موحسین عەلی ئەکبەر گەواهی ئەوە دەدەن و ئاگاداری یەکێک لەو بڕیارانەن کە لە کۆبوونەوەی (م.س) درابوو، دەبوو لە ڕادیۆ بخوێنرێتەوەو بە تایپکراوی بڵاوبکرێتەوە. بەیانەکە نەخوێندرایەوە و پاش گفتوگۆ بڕیارێکی جیاواز دراو پلانێکی بەسوودمان جێبەجێ کرد! کە من پاش نزیکەی چل ساڵیش ڕێگە بەخۆم نادەم لەسەر ڕووداوەکە بنووسم.

مام جەلال تیرۆرکردنی (نووری حەمە عەلی و عەبدولی سۆران و..) لە (هاوینی 1981) هەر زۆر کاری تێکرد و بەتوندی ئیدانەی کارەکەی کرد. بەیانێکی نووسی و بۆ ئێمەی نارد (هەڤاڵ کوێستانی و ئومێدی سەعید گەوهەر ئاگاداری ڕووداوەکەن). من بەیانەکەم سەرلەنوێ داڕشتەوە و هەردوو دەقەکەم ڕەوانەی مام جەلال کرد. ئەو وێڕای دەستخۆشی، داڕشتنەکەی منی بە باشتر دانا و پێی باش بوو داڕشتنەکەی من بڵاوبکرێتەوە، نەک هەر لەسەر داڕشتنەکەی خۆی سووربێت..

زۆرجار، دەقێکی دەنووسی و لەسەری دەنووسی:

(مامۆستا جەعفەر گیان! بە کوردیە جوانەکەی خۆت، سەرلەنوێ دایڕێژەرەوە..) هەڤاڵ کوێستانی کۆپلەیەک یان ڕستەیەکی لە نووسینەکەی مام جەلال بەدڵ نەبووایە، بەشێوەیەکی ئەدەبی زۆر جوان ڕستەکانی دەگۆڕی.

بیرمە تا ساڵی 1979 مام جەلال لەبری (گفیلی)ی عەرەبی دەینووسی (زەرووبابەت) هەر بۆ نموونە دەینووسی (بۆرژوازی زەرووبابەت). هەڤاڵ کوێستانی لەهەر کوێ وشەی (زەرووبابەت)ی بەرچاو بکەوتایە، وشەی (مشەخۆر)ی لەجێگەی دادەنا و لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ، لەئەدەبی سیاسی کوردیدا (مشەخۆر) جێگەی خۆی کردەوە.

کەسی گفتوگۆ لەگەڵ کراو، ئەگەر تێبینی لەسەر هەر کۆپلەیەک هەبوو، یان دەبێ بڵاونەکرێتەوە یان بڕگەکە بە پەراوێزێکەوە بڵاوبکرێتەوە: هۆی بڵاوکردنەوە و سوودەکەی ڕوون بکرێتەوە بۆ ئەوەی خوێنەر تووشی سەرسوڕمان نەبێت. ئەرکی ئامادەکار ئەوەیە پەراوێز و هەندێ تێبینی بنووسێت بۆ ئەم بڕگەیەی بەبێ دەستکاری دانراوە: (ئینجا ئەو ڕووداوەت بۆ دەگێڕمەوە، ڕەنگە بۆ نەشرکردن گونجاو نەبێت..) ل 313، ڕوونە تێبینییەکەی مام جەلال هەر بۆ ئەوە بووە دانیشتنەکە گەرم بکات، نەک دەقەکە بەبێ مشتوماڵ بڵاوبکرێتەوە.

## دوا وشە

ئەم کتێبە بۆ مەبەستێکی سیاسی نووسراوە، نەک بۆ مەبەستێکی زانستی و ئەکادیمی و خزمەتی مێژووی گەلی کورد. دیارە ئەو بەهاندانی چەند کەسێک لە برا گەورەکانی لە تەڤگەری گۆڕان ئەم کارەی بڵاوکردووەتەوە. دیارە چەند بەشێکی گفتوگۆکە کە بە زەرەری بەشێک لە سەرانی تەڤگەری گۆڕان بووە، سڕاوەتەوە. بەهۆی ئەم نووسینەوە دەیان سەرکردە و کادری پێشکەوتووی (ی.ن.ک) هەست بەدڵشکان و کەرامەت ڕووشاندن دەکەن. مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) هەر زۆر نیگەران بوون. شاڵاوی عەلی عەسکەری بەنووسین هاتە دەنگ. هەق نەبوو بەرامبەر شەهید عەلی عەسکەری و هەڤاڵەکانی ئەو ڕستانە بنووسرێت.

ژمارەیەکی کەم لە گۆڕانخوازەکان پێیانوایە ئەگەر بەزمانی مام جەلالەوە ستایشی هەندێ سمبۆلی ئەوان کرا، ئیدی ناوی ئەو کەسە بەدرەوشاوەیی لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو دەنووسرێت. ئەمە بە هەڵە تێگەیشتنە لە مێژوو! کەسانێک وڵاتیان ئاوەدان کردبێتەوە، داکۆکییان لە مافی هەژار و لێقەوماوان کردبێت و فیداکارییان بۆ گەلەکەیان کردبێت و سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتییان، لە دواکەوتنەوە بە دیموکراسی گۆڕیبێ و یاسایان سەروەر کردبێ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییان چەسپاندبێ، ئەوانە بەرامبەر دادگای مێژوو کەسایەتییان دەدرەوشێتەوە.

بەستایشی سەرکردەیەکی سیاسی لاپەڕەکانی مێژوو گۆڕانی بەسەردا نایەت، بە ڕق و شکاندنی بەرامبەر بە زەبری هێز و دەسەڵات، ڕاستەیەکان سەبارەت بە کەسایەتی و لایەنەکان ناگۆڕێت. نە کەسانی بوودەڵە دەبنە قارەمان، نە قارەمانەکان دەبنە بوودەڵە. سەرکردەی سیاسی بەگوێرەی بەرژەوەندی حزبەکەی ڕەش دەکاتە سپی و سپی دەکاتە ڕەش! هەمان سیاسی چەند مانگێک پاش قسەکانی پێشووی دوور نییە بە پێچەوانەی قسەکانی چوار مانگ پێشتری نەدوێت. چونکە بەرژەوەندی خۆی و حزبەکەی لەوەدایە، بەگوێرەی گۆڕانکاری ڕۆژ، شیکاری بکات و ڕیزبەندی بگۆڕێت.

ئامادەکاری (دیداری تەمەن) هەلومەرجی مانەوەی مام جەلالی لە بەرلین قۆستەوە. ئەوکاتە مام جەلال بەدۆخێکی سیاسی زۆر سەخت و تاڵدا تێپەڕیوە. مام جەلالی ساڵی 1990 هەمان مام جەلالی ساڵی 2005 نییە.

مام جەلال بیرەوەری نەنووسیوە. بەشێک لە یادەوەرییەکانی لە ڕوانگەی ساڵی 1990 بۆ ئامادەکار گێڕاوەتەوە. ئەویش سوودی لێوەرگرتووە بۆ زڕاندنی ناوی مام جەلال و لێدانی یەکێتی و قوڵکردنەوەی ناکۆکی نێوان باڵەکان. ئەمەش بۆ مەبەستێکی سیاسی ڕوون کراوە و هیچ مەرج و ڕێبازی ئەکادیمی و زانستی ڕەچاو نەکراوە و سەرەڕای هەرەوەزی هەڵەبڕی، سەدان هەڵە لە کتێبەکەدا بەرچاو دەکەون!

### سەرنج و سەرچاوە:

1. سەلاح ڕەشید: دیداری تەمەن، چاپی یەکەم، ب1 و ب2، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی 2017
2. ماری بۆناپارت (1882 ـ Marie Bonapoarte ـــ 1962) کچی نەوەیەکی لویسیانی برای ناپۆلیۆن بۆناپارتە: لە تەمەنی (23) ساڵیدا بە یەکێک لە میرەکانی یۆنان شوو دەکات. تووشی نەخۆشییەکی دەروونی دەبێت و ساڵی 1925 سەردانی زیگمۆند فرۆید دەکات و دۆستایەتیەکی قووڵ لەنێوان هەردووکیاندا دروست دەبێت. ماری دەبێتە یەکێک لە قوتابییەکانی فرۆید. ژمارەیەک کتێبی لەسەر شیکاری دەروونی بڵاوکردووەتەوە. بەشێک لە کتێبەکانی فرۆید بۆ فەرەنسی وەردەگێڕێت.
3. ئەننا فرۆید (1895 ــ Anna Freud ـــ 1982) دوا منداڵی فرۆیدەو ماوەیەک دەبێتە سکرتێری باوکی. دەبێتە پسپۆر لەبواری شیکاری دەروونی زارۆکان. چەندین کتێبی بە ئەڵمانی دەربارەی دەروونناسیی منداڵان بڵاوکردووەتەوە.
4. Kollbrunner. Jürg:
Der Kranke Freud. Klett — Cotta. Stuttgart. 2001 S. 57.

# بە دڵۆپێک خوێن جگەرگۆشەکەت ڕزگار بکە

ئاراس برادۆستی
ڕووداو- دهۆک

پشکنینی منداڵانی تازە لەدایکبوو، پرسێکی گرنگ و هەستیارە، لەکۆتایی ئەم بابەتەدا دەبێت بۆتان ڕوون ببێتەوە بۆچی پێویستە پشکنینی پزیشکی و تاقیگەیی بۆ جگەرگۆشەکانتان بکەن.

عامر عەبدوڵڵا، پسپۆڕی تاقیگەی کلینیکییە لە دهۆک، پشکنینی منداڵی ساوا بە پێویست دەزانێت و دەڵێت "پشکنینی منداڵی ساوا بابەتێک نییە بڵێین بیکەین باشە، نەیکەین قەیناکا، نەخێر هیچ بیانوویەک بۆ نەکردنی نییە". د.عامر سەرپەرشتی تاقیگەیەکی گەورەی دهۆک دەکات، ئەو یەکەم کەسە کە تەواوی پێداویستییەکانی ئەو پشکنینەی دابینکردووە و داوا دەکات بکرێتە پرۆژەیەکی گەورەی نیشتیمانی.

چوومە نەخۆشخانەی هێڤی یا زارۆکان ل دهۆکێ، بەشی منداڵە ناکامەکان بە سیستمێکی نوێ ڕێکخراوە، کارمەندە تەندروستییەکان و پزیشکان چاویان لە تەندروستبوونی منداڵەکانی ئەوێیە و کاری بۆ دەکەن.

خەنسا پەرستاری زانکۆیە، لە دایک و باوکی منداڵەکان نزیکتر بوو لێیانەوە، زۆر سەرقاڵ بوو بە منداڵەکانەوە، ئەو پێیوابوو کە منداڵەکان ئەمانەتن لایان و پێویستە بە جوانترین شێوە خزمەتیان بکەن.

پشکنینی منداڵی ساوا گرنگە بۆ ئەوەی ئەگەر نەخۆشییەکی زکماکیان هەبێت، بەخێرایی دەستنیشان بکرێت و چارەسەر بکرێت.

د.نزار بەکر، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هێڤی، نیگەران بوو لەوەی ڕۆژانە سەدان منداڵ لەدایک دەبن، بەڵام کەمیان پشکنینی دوای لەدایکبوونیان بۆ دەکرێت، پسپۆڕەکەی منداڵان پشتگوێخستنی پشکنین دوای لەدایکبوون بە مەترسی بۆ سەر داهاتووی منداڵەکە دەزانێت.

کەس نازانێت، ڕەنگە هۆکاری تووشبوونی هەندێک کەس بە نەخۆشییە دەروونییەکان، یان هەندێک لە نەخۆشییە جەستەییەکان، نەخۆشییەکی زکماکی بێت کە دەکرا بە پشکنین و شیکارییەکانی دوای لەدایکبوون بە ئاسانی دەستنیشان بکرێت.

چوومە نەخۆشخانەی لەدایکبوون لە دهۆک، چەندین منداڵی دیکەش لەوێ بوون کە ڕۆژانە چارەسەر وەردەگرن، کارمەندەکانی ئەوێ ڕاهێنراون لەسەر ئەوەی گونجاوترین مامەڵە لەگەڵ منداڵی ساوا بکەن، ئامێرەکان نوێ و پێشکەوتوون، ڕۆژانە نزیکەی 30 منداڵ لە پاشهاتەکانی زوو لەدایکبوون دەپارێزرێن.

پەرژین عەبدوڵڵا، پەرستارێکی بەشی منداڵە ناکامەکانە لە نەخۆشخانەی لەدایکبوونی دهۆک، دەڵێت: "ئێمە وەک دایکی منداڵەکانین لێرە". پەرژین خۆی بە پەرژینی منداڵەکان دەزانێت و دەڵێت ڕێگە نادەن منداڵەکان تووشی نەخۆشییەک ببن کە ژیانیان بخاتە مەترسییەوە.

پزیشکێکی پسپۆڕی منداڵانی تازەلەدایکبوو، سەرپەرشتی کارەکانی بەشی منداڵە ناکامەکانی لە نەخۆشخانەکە دەکرد. د.ئاوات شوکری پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵانی ساوا، دەزانێت پشکنینی منداڵ چەند گرنگە، داوا دەکات بۆ هەموو منداڵان بکرێ.

د.ئاوات دەڵێت ڕەنگە منداڵی ساوا تووشبووی نەخۆشییەک بێت، بەڵام سەرەتا لێی دەرنەکەوێت. ئەو پێی باشە پشکنینی منداڵی ساوا بکرێتە ناچاری "چونکە منداڵان مافی خۆیانە دوای لەدایکبوون ئەم پشکنینەیان بۆ بکرێ".

چەند خێزانێک لە تاقیگەکەی د.عامر بوون، هاتبوون لە تەندروستبوونی منداڵە تازەلەدایکبووەکانیان دڵنیاببنەوە، منداڵەکانیان نیشانەی هیچ نەخۆشییەکیان لەسەر دەرنەکەوتبوو، بەڵام ئەوان پشکنینەکە بە پێویست دەزانن.

خانمێک منداڵێکی لە باوەش بوو، چوومە لای و لە هۆکاری هاتنیم پرسی، دەرکەوت برازاکەی هێناوە پشکنینی تازەلەدایکبووانی بۆ بکات بێ ئەوەی منداڵەکە هیچ کێشەیەکی هەبێت.

د. عامر کە خۆی سەرپەرشتی پرۆسەکەی دەکرد، گوتی: " بۆ منداڵانی تازەلەدایکبوو پشکنین بۆ حەوت جۆر نەخۆشی دەکەین".

ئەو دەڵێت: "بە وەرگرتنی دڵۆپە خوێنێک لەپێی منداڵەکە، ژیانی ڕزگار دەکەین".

بەپێویستیشی دەزانێت دایکان و باوکان لە بایەخی ئەو پشکنینانە ئاگادار بکرێنەوە.

پشکنینی منداڵی تازەلەدایکبوو پرۆسەیەکی چەند هەنگاویی ورد و زانستییە، زنجیرەیەک ئامێر بەدوای یەکدا کارەکە دەکەن.

ڕەنا سەعدی، سەرپەرشتیاری بەشی بۆماوەیی لە تاقیگەکە، دەڵێت: "پشکنینە پزیشکییەکانی منداڵی ساوا، کلینیکی و شیکاریی تاقیگەیین، لە ڕێگەیانەوە چەند نەخۆشییەکی زکماکی دەستنیشان دەکرێن".

بەدەم بینینی ئەوانەی بۆ وەرگرتنەوەی ئەنجامی پشکنینەکانی منداڵەکانیان دەهاتنە ئەوێ، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئاسان نییە بە پشکنین بۆت دەربکەوێت، ئەوەی لە گیانت زیاتر خۆشدەوێت، تووشبووی نەخۆشییەکی زکماکی بێت، بەڵام جەرگبڕە ئەگەر پشکنینەکە نەکەیت و داهاتووی جگەرگۆشەکەت بڕووخێنی بەهۆی پاشهاتەکانی نەخۆشییەکی دەستنیشاننەکراوی چارەسەرنەکراو.

د.عامر عەبدوڵڵا پشتگوێخستنی پشکنین بۆ منداڵی تازەلەدایکبوو، بە هەڵەیەکی کوشندە دەزانێت، چونکە "دەستنیشانکردنی خێرای نەخۆشییەکانی منداڵی تازەلەدایکبوو، چارەسەر ئاسانتر دەکات"، ئەو هاوڕایە لەگەڵ د.نزار بەکری پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان کە دەڵێت: "هەندێک نەخۆشی هەن ئەگەر دەستنیشان نەکرێن، منداڵەکە دەمرێت"، بۆیە تکای لێکردم کاری جددی لەسەر ئەو بابەتە بکەم.

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی دهۆک لە ئۆفیسەکەی خۆی سەرقاڵی کار بوو، لەڕاستیدا لە کاتی قەیراندا تەندروستیی دهۆک نەک نەوەستا، بەڵکو لە نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەکان و بنیاتنانی نەخۆشخانە و سەنتەری نوێ بەردەوام بوو، بەڵام من دەمەویست بزانم بۆ منداڵانی تازەلەدایکبوو چییان هەیە.

د.نزار عیسمەت، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی دهۆک پێیگوتم، لە شەش مانگی داهاتوودا پشکنینی منداڵانی تازەلەدایکبوو دەکەینە فەرمی لە دهۆک، بەڵێنیشی دا کە پرۆگرامەکە بگشتێنن بەسەر کوردستاندا.

خوێنەری بەڕێز

ئەگەر منداڵت هەیە، چاوەڕێی دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشی مەکە لەسەری، چونکە ئەوکاتە کار لە کار دەترازێت، خێرابە پشکنینی بۆ بکە، تاوەکو لە داهاتوودا بە بەرچاوی تۆوە بەدەست نەخۆشییەکەوە نەناڵێنێ کە دەکرا ڕێگری لێبکرێت.



# شەش هەنگاو بۆ پلانی ساڵی نوێ

ڕووداو- هەولێر

زانکۆ، سەنتەر و نێوەندە تەندروستی و پزیشکییە جیهانییەکان کەوتوونەتە خۆ بۆ بڵاوکردنەوەی گرنگترین ئەو خاڵانەی کە دەبێت هەر تاکێک لە هەموو جیهاندا بۆ ساڵی نوێ جێبەجێیان بکات لەڕووی تەندروستییەوە، دێسکی تەندروستی (ڕووداو) گرنگترین شەش خاڵ بە کورتی دادەڕێژێتەوە، ئەم شەش خاڵە جێبەجێ بکە و ساڵی نوێ جیاواز لە ساڵی ڕابردوو بژی.

## یەکەم: خۆراکی تەندروستانە زیاتر بخۆ

د.لوران سلایتن، پسپۆڕی خۆراکە و دانیشتووی نیویۆرکە، داوا لە ئەمریکییەکان دەکات خۆراکی تەندروستانە بکەنە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەیان لە ساڵی داهاتوودا، بەڕای سلایتن خۆراکی تەندروستانە ڕاگرتنی هاوسەنگییە لەنێوان پێکهاتە پێویستەکانیدا. "زیادکردنی زەڵاتە و خۆراکە ڕیشاڵییەکان، کەمکردنەوەی خۆراکە خێراکان" لە دیارترین داواکارییەکانی سلایتنە بۆ ئەوەی بخرێتە نێو پلانی ساڵی نوێ.

د.لوران کە خۆی پسپۆڕی خۆراکە، داوا دەکات لە ساڵی نوێدا هەموو کەسێک پزیشکێکی پسپۆڕی خۆراک بۆ خۆی دیاری بکات و بەردەوام سەردانی بکات، تاوەکو خۆراکی بۆ ڕێکبخات.

## دووەم: 15 خولەک زیاتر بنوو

ڕۆشینی ڕاژ، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە نەخۆشییەکانی هەناو و خاوەنی کۆمپانیای "تولا" بۆ جوانکاریی پێست، دەڵێت خەوتنی هەشت کاژێر لە ماوەی 24 کاژێردا بەس نییە بۆ ئەوەی بڵێین خەوتنێکی تەندروستانەت هەیە، ڕاستییەکەی زوو خەوتن و ڕێکخەوتن بە قەد هەشت کاژێرەکە گرنگن.

ڕاژ دەڵێت هەموو شەوێک 15 خولەک زووتر بڕۆ سەر جێگای خەوتنەکەت، ئەمە وات لێدەکات بگەیتە کاتێکی دیاریکراوی دروست، ئەوکاتە دەزانی تامی خەوی دروست چییە و تا چ ڕاددەیەک کاریگەری بەسەر جەستە و دەروونتەوە دەبێت.

## سێیەم: ڕۆژانە مێشکت پاکبکەوە

پسپۆڕێکی دەروونناسی لە زانکۆی باشووری کالیفۆرنیا دەڵێت ئەوانەی ڕۆژانە گوشارێکی دەروونی زۆریان لەسەرە، ناتوانن ژیانێکی خۆش بەسەر ببەن ئەگەر مێشک و دەروونیان پاک نەکەنەوە.

شێری بلەیر ئەنجامی توێژینەوەیەک بە بەڵگە بۆ گوتەکانی دەهێنێتەوە و دەڵێت هەموو کەسێک ڕۆژانە پێویستی بە 30 خولەک هەیە لەگەڵ خۆی بێت، دەروون و مێشکی پاک بکاتەوە، ئەمە بە یۆگا دەکات یان هەر سرووستێکی ئایینی، گرنگ ئەوەیە بیکات و ڕۆح و دەروونی تێر بکات.

## چوارەم: کێشت ڕێک بخە

شانۆن فەیبڵ، سەرپەرشتیاری سەنتەری "ئەنی تایم فیتنێس" لە واشنتن دەڵێت تاوەکو کێشت ڕێک نەخەی ناتوانی بڵێی تەندروستم، بۆیە داوا دەکات پلانی ساڵی داهاتوو لەشڕێکی بێت.

شانۆن دەڵێت کەی توانیت وەرزش بکەیتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەت و خۆراکیشت ڕێکبخەی، بزانە دەتوانی لەوە دڵنیابی کە بۆڕییەکانی خوێنت خاوێنن، ئەگەرنا دڵ و کۆئەندامی دەمارت لە مەترسییەکی گەورەدان.

## پێنجەم: واز لە جگەرەکێشان بهێنە

دەتەوێت هەموو هەفتەیەک 20- 50 دۆلار بە دیاری وەربگریت؟ لیانا وێن، پسپۆڕی فریاکەوتن لە زانکۆی جۆرج واشنتن دەڵێت واز لە جگەرەکێشان بهێنە و ئەو پارەیە بە دیاری لەخۆت وەربگرە.

پسپۆڕەکەی فریاکەوتن دەڵێت ئەو سوودانەی بە وازهێنان لە جگەرەکێشان چنگیان دەخەی خەیاڵین و بە پارە ناخەمڵێنرێن، دەنا ئەو بڕە پارەیە تەنیا نرخی جگەرەکانتە لە هەفتەیەکدا.

لیانا وێڵ دەڵێت ئەو بڕە پارەیەی لە مانگێکدا بە نەکڕینی جگەرە پاشەکەوتی دەکەی، لە کۆتایی مانگەکەدا بیدە بە جلی نوێ و پۆشتەتر دەربکەوە، دڵنیاش بە لوولە خوێنەکانت و ناوپۆشی سییەکانیشت پۆشتەترن.

## شەشەم: بەخششەکانت تۆمار بکە

ڕۆژانە، بەیانیان دوای هەڵسان لە خەو یان شەوانە بەر لە خەوتن، ئەو شتە بنووسە کە ئەمڕۆ دڵخۆش بووی بە ڕوودان یان دەستکەوتنی، هەڵیگرە و بیپارێزە، لە کۆتایی مانگدا 30 بەخششی تۆمارکراوت هەن کە هی تۆن و دڵت پێیانخۆشە، بەو هەموو بەخششەوە بڕۆرە مانگی داهاتوو، ئەمە پێشنیازی "ناردینی لویسە"، کە ڕاهێنەری توانا مرۆییەکانە لە سانديێگۆی ئەمریکا، ناردینی دەڵێت "بەمە بەختەوەرتر دەبیت، خەو و خۆراکیشت باشتر دەبن".



# چۆن دڵت دەپارێزی؟



ڕووداو- هەولێر

دڵ ماندوونەناسترین ماسولکەی جەستەیە و بۆ کەسێک کە سەد ساڵ دەژی، سێ ملیار جار لێدەدات. تاوەکو بە یەکجاری لە لێدان دەکەوێ پشوودان و نووستن نازانێ و بەردەوام لە خەمی ئەوەدایە خۆراک و ئۆکسجین بگەیەنێتە هەموو ئەندامانی جەستە، ئەمە ڕووی گەشی چیرۆکەکەیە، ڕووە تاریکەکەش ئەوەیە کە هەر دڵ یەکەمین هۆکاری مردنە لەسەر ئاستی جیهان.

کاتێک لەبارەی ئەوە دەخوێنیتەوە کە چۆن دڵت بپارێزی، زۆر ئاسان دەبینی: وەرزش بکە، تەندروستانە بخۆ، گوشاری دەروونی کەم بکەوە، ئاگات لە کێشت بێ و جگەرە مەکێشە. بەڵام وەرگێڕانی ئەو تێکستانە بۆ هەنگاوی کردەیی، بەو جۆرەش ئاسان نییە و بڕیاری گەورە و گۆڕینی شێوازی ژیانی دەوێ.

لەگەڵ ئەوەش ڕەنگە ئەم ڕێنماییانە بەسوود بن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گەورەکە کە پاراستنی دڵە.

**1- کاتی وەرزش دیاری بکە:**

کەسێکی پێگەیشتووی ئاسایی پێویستی بە ڕۆژانە نیو کاژێر وەرزش هەیە لە پێنج ڕۆژی هەفتەدا. دەکرێ ئەو وەرزشە بکەیتە هۆکارێکی خۆشبەسەربردن، بۆ نموونە تۆپی پێ لەگەڵ منداڵەکانت، پیاسەیەکی گورجوگۆڵانەی نێو پارک، باسکەیەک لەگەڵ هاوڕێیان، یان بازاڕکردنێکی پڕ جووڵە و هەر چالاکییەک کە دڵخوازە و تەنیا لە کۆڵکردنەوە نییە.

**2- با خوانەکەت ڕەنگاوڕەنگ بێ.**

سەوزە و میوەی ڕەنگاوڕەنگ، دانەوێڵە و پاقلەمەنیی جۆراوجۆر، ماسیی چەور و گۆشتی کەم چەوری. بەگشتی دیارییەکانی سروشت وەربگرە و لە ژەهرە سپییەکان بەدوور بە.

**3- لەبیرت بێت تۆ هەر جەستە نیت:**

دەروون و هزر پێویستیان بە ئاوڕدانەوەیە. ئەگەر لەگەڵیان بەخشندە بی ژیانت پڕ دەکەن لە خەندە و ئارامی، خۆ ئەگەر بێبەشیان بکەی، ژیانت دەکەنە دۆزەخ. ئەوەی ئەوان لە تۆیان دەوێ هیچی ئەوتۆی تێناچێ و بە زۆربەمان دەکرێ، بەسەرکردنەوەی هاوڕێ و دۆستان، نووستن و پشوودان، یۆگا و سرووتی ڕۆحی.

**4- بەژنت جوان و جوانتر بکە:**

قەڵەوی دوژمنی بێ چەند و چۆنی جوانییە، متمانە بەخۆکردنت کەم دەکاتەوە، واتە کاتێک کێشت ڕێکدەخەی و دڵت دەپارێزی، هەمان کات جوانی و متمانەبەخۆبوونت پتەو دەکەی.

**5- بە ڕێگەی دڵخوازی خۆت واز لە جگەرەکێشان بهێنە:**

بڕیاری واز هێنانت لە جگەرە وەک گەورەترین بڕیاری ژیانت ببینە و بۆ سەرکەوتنیشی هەموو ڕێگاکان بەکاربهێنە، لە دەرمانەوە تاوەکو ڕاوێژی دەروونی.

**6- پێوەرە تەندروستییەکانیش گرنگن:**

کاتێک پێوانی گوشاری خوێن، شەکری خوێن و چەوریی خوێنت پشتگوێ دەخەی، وا نەزانی ئەوان تۆیان پشتگوێ خستووە، نەخێر ئەوان هەرگیز کەمتەرخەمی نانوێنن و ئەگەر تەندروست ڕایاننەگری، هەموو هەنگاوەکانی دیکەت دەخەنە مەترسییەوە، خۆ ئەگەر پشتگوێیان نەخەی و گرنگییان پێبدەی، دەبنە هاوکار و پشتیوانی هەموو هەنگاوە بوێرەکانی پێشووت لەبارەی دڵەوە.

# کاریگەرییە جەستەییەکانی جیابوونەوەی ژن و مێرد

ڕووداو- هەولێر

گۆڤاری سکەندناڤی بۆ تەندروستیی گشتی ئەنجامی توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە لەبارەی کاریگەرییە جەستەییەکانی جیابوونەوەی ژن و مێرد یان ئەڤینداران لە یەکدی.

توێژینەوەکە لە زانکۆی جایڤاسکایلای فینلەندا کراوە، بۆ ماوەی چوار ساڵ چاودێریی وردی چالاکییەکانی ئەو کەسانەی کردووە کە لەیەکدی جیابوونەتەوە، ئەنجامەکە ئەوە دەردەخات کە چالاکییەکانیان تا ئاستێکی بەرچاو لە هەردوو ڕەگەزەکەدا دوای جیابوونەوە لەیەکدی ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە، بەتایبەتی چالاکییە جەستەییەکان.

کاسپەر سالین، توێژەر لە فاکەڵتی وەرزش و زانستە تەندروستییەکانی زانکۆ فینلەندییەکە دەڵێت جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکە هەیە لەڕووی کەمبوونەوەی چالاکییە جەستەییەکانەوە، ئەو دەڵێت خانمان زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەرییە دەروونییەکانی جیابوونەوە، ئەمەش وادەکات چالاکییەکانیان بەڕێژەیەکی زیاتر بەراورد بە پیاوان کەم ببنەوە "وا دیارە پیاوان کەمتر دەکەونە ژێر ئەو کاریگەرییە". سالین لە پێشەکی پوختەی ئەنجامی توێژینەوەکە وای نووسیوە و دوو نیشانەی سەرسوڕمانی لە دوای ئەو ڕستەیە داناوە.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێت 60%ی خەڵکی جیهان جووڵەی پێویستیان نییە، جووڵەی بەردەوامی ڕۆژانە زۆر پێویستە بۆ بنیاتنانی جەستەیەکی دروست و دەروونێکی سەقامگیر، لەڕاستیدا جموجۆڵی بەردەوام کێشی جەستە ڕێکدەخات و توانای جەستە بۆ بەکارهێنانی دروستی هۆرمۆنی ئینسۆلین باشتر دەکات.

تەندروستیی جیهانی دەڵێت جووڵەی بەردەوام تەندروستیی دڵ دەپارێزێت، چونکە گوشاری خوێن و ڕێژەی شەکر لە خوێندا ڕێکدەخات، لوولە خوێنەکانیش بە دروستی دەهێڵێتەوە.

سەنتەری کۆنترۆڵ و پێشگیری لە نەخۆشییەکان لە ئەمریکا "CDC" داوا دەکات کەسێک هەفتانە بە لانیکەم 150 خولەک وەرزش بکات، وەرزشی تایبەتی بەهێزکردنی ماسولکەکانیش هەفتانە چوار جار بە پێویست دەزانێت.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ئەگەرەکانی رێککەوتن و تەگەرەکانی بەردەمی

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، سەرباری کۆمەڵێک تێبینی و تانەی چاودێران و ناڕەزایەتی بەشێک لە هێزە سیاسییەکان لە شێوازی بەڕێوەچوونی و ئەنجامەکانی، بەڵام بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی رابردووی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پرۆسەیەکی سەرکەوتوو بوو. بۆیە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و دامەزراوە دادوەرییەکان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەنجامەکانیان سەلماند. لە دوای ئەوەش هیچ گرفتێکی یاسایی یان پێشهاتێکی سیاسی ئەوتۆ دروست نەبووە کە بووبێتە رێگر لەبەردەم دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی نوێی حکومەت. بەڵام وا سێ مانگ تێپەڕی و لەسەر ئەرزی واقیع هیچ هەنگاوێکی کرداریی یاسایی نەنراوە بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کێشەیەکی گەورە لە کوردستان.

لە رابردوودا دوای بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن، سەرۆکی هەرێم کاندیدی لیستی براوەی رادەسپارد بۆ پێکهێنانی کابینە و ماوەیەکی یاسایی دیاریکراو هەبوو بۆ ئەوەی کەسی راسپێردراو لەو ماوەیەدا کابینە وزارییەکەی بەرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ وەرگرتنی متمانە، بەڵام ئێستا بە حوکمی ئەوەی سەرۆکی هەرێمان نییە، دەسەڵاتەکانی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم دابەشکراون بەسەر حکومەت و دامەزراوە تەشریعی و دادوەرییەکاندا، ئێستا رێکارەکە بەو جۆرەیە کە دوای پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەرلەمان کاندیدی لیستی یەکەم پەسەند دەکات و ئەنجوومەنی دادوەری رایدەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت. ئێمە هێشتا هەنگاوی یەکەممان نەناوە کە پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە. کەواتە تا سەرۆکایەتی پەرلەمان دیاری نەکرێت، لەرووی یاساییەوە ناتوانرێت کەس بۆ پێکهێنانی کابینەش رابسپێردرێت.

بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردن، پارتی دیموکراتی کوردستان کە لیستی براوەی یەکەمە، سەرۆکی حکومەتی بەردەکەوێت و یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیش وەک هێزی دووەم، چاوی لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانە. تا ئەندازەیەک هەموو لایەنەکانی بەشدار لە پرۆسەی هەڵبژاردن ئەوەیان پەسەند کردووە، بەڵام کە هەنگاوە کردارییەکان دەستپێناکەن، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە جگە لەم ئستیحقاقەی هەڵبژاردن، کوردستان پێویستی بەجۆرێک لە رێککەوتنی سیاسی هەیە وەک چەترێکی فراوانتر بۆ رێککەوتن لەسەر حکومەت. بەڵام لە واقیعدا هەلومەرجی ئەو رێککەوتنە نەڕەخساوە لە نێوان پارتی و یەکێتی و ژینگەی سیاسی یارمەتیدەر نییە بۆ رەخساندنی کەشێکی وا کە زەمینەی ئەو رێککەوتنە خۆش بکات. تا ئەم دوو هێزەش رێکنەکەون، ناتوانرێت حکومەتێکی نوێ لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێ. هەردوولاش درک بە پێویستیی رێککەوتن دەکەن، بەڵام لەلایەک بێمتمانەیی نێوانیان کۆسپێکی گەورەیە و لەلایەکی تریشەوە جیاوازیی تێڕوانینیان بۆ جۆری رێککەوتنەکە بووە بە لەمپەر. 16ی ئۆکتۆبەر و لێکەوتەکانی ئەو رووداوە وای لە پارتی کرد متمانەی بە دۆستایەتی و رێککەوتن لەگەڵ یەکێتی نەمێنێ، بەڵام لە هەڵبژاردنی 12ی مایس بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و دروستبوونی بەرەیەکی ناڕازی لەنێوان چوار هێزی سیاسی هەرێم دژ بە یەکێتی و پارتی، واقیعێکی دروستکرد کە پارتی و یەکێتی لێک نزیک کردەوە. خەریک بوو جارێکی تر متمانە بەیەکتر بکەنەوە و بەرەو رێککەوتنێکی تری سیاسی بڕۆن، لیژنەی هاوبەشیان پێکهێنا بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی رێگەی چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکانیان لەسەر کەرکووک. بەڵام پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق و ئەو ململانێ و ناکۆکیانەی لەسەر ئەو پۆستە دروست بوون، خۆیی کرد بە برینی 16ی ئۆکتۆبەردا و بێمتمانەییەکەی زیاتر قووڵکردەوە و بۆ ئێستا یەکێک لە کۆسپە گەورەکانی بەردەم ئەم دوو هێزەیە بۆ رێککەوتنەوەیان.

ئەنجامی هەڵبژاردن و ئەو واقیعە فەرزکراوەی کە کوردستان بێ هاوبەشی پارتی و یەکێتی لە حوکمڕانی بەڕێوەناچێت، ئێستا دۆخێکی دروستکردووە کە ئەم دوو هێزە سەرباری کێشە و ناکۆکییان پێویستیان بە رێککەوتنێکی تازە هەیە. هەردوولا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە، بەڵام ئەوەی هێشتا رێگرە لە بەردەمیان تێکەڵکردنی کێشەکانی بەغدا و کەرکووک و بەستنەوەیانە بە پرسی پێکهێنانی حکومەت لە هەرێمی کوردستان. هەرچەندە ئەم سێ پرسە (هەرێم و کەرکووک و بەغدا) وابەستەی یەکترن، بەڵام هەریەکەیان کێشەکەی جیاوازە لەوی تریان و پێویستی بە ریوشوێنی جیاوازیشە بۆ چارەسەر. خۆ ئەگەر بتوانن پێکەوە چارەی هەرسێکیان بکەن، بۆ پارتی و یەکێتی و بۆ کوردستانیش گرنگە. بەڵام ئەگەر مەرجی پێکەوە چارەکردنیان ببێتە گرفت لەبەردەم چارەی هەریەکێکی تریان، ئەوا باشترە بەشێنەیی و بەجیا چارەسەر بۆ هەر یەکیان بدۆزرێتەوە.

پارتی مەیلی ئەوەی هەیە کە رێککەوتنێک لەگەڵ یەکێتی ببەستێ بۆ چوار ساڵی داهاتووی کابینەی حکومەت و تایبەت بێت بە کێشەکانی هەرێمی کوردستان. یەکێتیش دەیەوێ رێککەوتنێک بێت جیا لە حکومەتی هەرێم، کێشەی کەرکووک و بەغداش بگرێتەوە. دەکرێت ئەم دوو هێزە هەردوولا شتێک لە خواستەکانیان بێنە خوارەوە. ئەگەر بڕیار بێت یەکێتی لە نێوان پێویستیی چارەسەری ناکۆکییەکانی لەگەڵ پارتی لەسەر کەرکووک و بەغدا یەکیان هەڵبژێرێت، بێشک دەبێ دەستبەرداری مەرجەکەی بەغدا بێت، پێگەی سەرکۆمار گرنگییەکی ئەوتۆی نییە تا یەکێتی بیکاتە گرفت بۆ کوردستان، پارتی لەگەڵ سەرکۆمار ناکۆک بێ یان پشتیوانیشی بکات، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە پۆستێکی تەشریفاتیە.

"ئەگەر بڕیار بێت یەکێتی لە نێوان پێویستیی چارەسەری ناکۆکییەکانی لەگەڵ پارتی لەسەر کەرکووک و بەغدا یەکیان هەڵبژێرێت، بێشک دەبێ دەستبەرداری مەرجەکەی بەغدا بێت"

هەقە یەکێتی دەستبەرداری ئەو مەرجەی بێت و پارتیش رازی بێت مەسەلەی پارێزگاری کەرکووک لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات. چونکە کەرکووک بایەخی بۆ هەرێم سەتانجار لە بەغدا گرنگترە. ئێستا یەکێتی بۆ بەشداری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت نابێ پشکی ئێمە بە ژمارەی کورسی بێت، نازانم پارتی بۆ ناڕازییە بەوەی کێشەی پارێزگاری کەرکووکیش ببەستێتە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمەوە، لەکاتێکدا ئەگەر لە هەرێم ئەوە بۆ یەکێتی پەسەند بێ کە نابێ کورسی پەرلەمان بکرێتە پێوەر، ئەوە لە کەرکووکیش ئەمە بۆ پارتی وایە، کەواتە دەکرێت بۆ هەردووکی بیر لە سازان بکەنەوە کە هەردوولا لە هەرێم و لە کەرکووکیش هاوبەش بن.

چونکە لە واقیعیشدا ناکرێ ئەم دوو هێزە بیانەوێ لە هەرێمی کوردستان شەریک بن، بەڵام لە کەرکووک ناکۆکییان بەو جۆرە بێت کە نەتوانرێت پارێزگارێکی کورد لەو شارە دابنرێت. هەرچەندە دانانی پارێزگارێکی کورد بێ هەڵگرتنی سیمای داگیرکاری لە شارەکە شتێکی ئەوتۆ ناگۆڕێت، بەڵام ئەگەر پارتی و یەکێتی پێکەوەبن و بیانەوێ ئەو دۆخەی کەرکووک بگۆڕن، ئاسانتر دەتوانن وەک لەوەی هەرلایەکیان بەجیا بیەوێ. ئەوە ساڵێک و دوو مانگە یەکێتی بەتەنیا دەیەوێ پۆستی پارێزگار بۆ خۆی وەرگرێتەوە، بەو هۆیەوە کە هەموو رێگەچارەیەکی تر رەتدەکاتەوە بۆ دانانی پارێزگارێکی کورد، بەتەنیا هەوڵ دەدات و سوورە لەسەر ئەوەی پارێزگارەکە یەکێتی بێت، نە توانیویەتی ئەو خواستە بەدی بهێنێ و نە ئامادەی ئەوەش بووە کوردێکی تر لە دەرەوەی یەکێتی قبوڵ بکات، بۆیە عەرەبێکی شۆڤێنی حوکمی کەرکووک دەکات. هەروەها لەبەرئەوەی پارتی بە تەنها دژی ئەو دۆخە سەپێندراوەی سەر کەرکووکە و بەتەنها دەیەوێ رێگەچارەیەک بدۆزێتەوە، ئەوە ساڵێک و دوو مانگە بارەگاکانی بە داگیرکراوی ماونەتەوە و کادرێکیشی ناتوانێ بچێتەوە کەرکووک. هەردوولا بەجیا خۆیان تاقیکردووەتەوە و سەرنەکەوتوون، ئەوەی ماوەتەوە بیگرنەوەبەر پێکەوەییانە، کە بەدڵنیاییەوە بە توانای هەردوولایان واقیعی کەرکووک دەگۆڕن و هەرێمیش بەهێزتر دەبێت.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# کوردستانی چاخی پۆست- دێموکراسی

دوای زیاتر لە نیوسەدە لە دامەزراندنی ئەنواعی ئەحزابی "دیموکرات" و "سۆشیال دیموکرات" و "سۆشیالیستی دێمۆکرات" و تاد، حیزبەکانی کوردستان ماوەیەکە هەروا یەک یەک، بە براوە و دۆڕاوەوە، خەریکن دەمامکەکان لادەخەن و بەڕاشکاوی باسی ئەوە دەکەن کە وڵاتی ئێمە لەڕێی دێموکراسییەوە بەڕێوەناچێ! کۆدی ئەم دەربڕینەشیان "واقعبینی"یە. باس لە واقیعی کوردستان دەکەن، وەک چوارچێوەیەکی گەمەی سیاسی کە ئەوان ناچارن لەبەرچاوی بگرن (وەک تۆ بڵێی ئەم چوارچێوە سیاسییە شتێک بێ جیاواز لە کۆی ئیرادەی هاوبەشی ئەم حیزبانە!). هەڵبەت زەحمەتە ناوێکی لە دەرەوەی دەستەواژەکانی پێوەندیدار بە دێموکراسی، لەم دیاردەیە بنێین، چونکە ئەو حیزبانە ئەگەر دەمامکی دێموکراسیش لادەخەن، بەڵام هەروا دەمامکەکەیان بەدەستەوەیە و نایانەوێ بەتەواوی دەستبەرداری بن. وشەی دێموکراسی هێشتاش لە دار و دیوار دەبارێ: لە (ناوی گەورە و شاری وێران)ی حیزبەکان و دروشمەکانیانەوە بگرە، تا بەڕێوەبردنی پرتێچووی هەڵبژاردنە یەک لەدوای یەکەکان و پەلکێشکردنی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان و؛ دواجاریش بەکارخستنەوەی پەرلەمانێک کە سەلماندنی بوون و نەبوونی لە ژیانی سیاسیی کوردستاندا بەیەک ڕادە ئەستەمە!

کوردستان لە قۆناغێکی (پۆست-دێمۆکراسی)دایە. ئەوەی ئێمە لەگەڵی بەرەوڕووین دێمۆکراسییەکی ناکامڵ و پێنەگەیشتوو نییە. ئێمە لەگەڵ فەریکە دێمۆکراسییەک بەرەوڕووین کە هەر بە نەگەیشتوویی بەرەو کرمۆڵبوون بردراوە. ئەگەر ئێمە بە رابردوودا بچینەوە، ڕەنگە سەرەتای ئەم دیاردەیە بگەڕێتەوە بۆ سەروەختی یەکەمین هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992. لەو هەڵبژاردنەدا خەڵکی کوردستان بە سۆز و سەودایەکی مێژووییەوە بەشدارییان لە دەنگداندا کرد، کەچی دوو پارتە بەهێزەکەی ئەوسا، بێ گوێدانە دەنگ و ئیرادەی خەڵک، دەسەڵاتیان بە دڵ و لێکدانەوەی خۆیان، لەنێوانیاندا دووبەش کرد. ئەودەم کەسی وا بیری بۆ پاشهاتە مەترسیدارەکانی ئەو پشتگوێخستنەی دەنگ و ئیرادەی خەڵک — واتە جەوهەری دێمۆکراسی — نەدەچوو، بەڵام لە کۆنەوە گوتراوە؛ ماڵ کە لە خشتی یەکەمەوە بەخواری دانرا، تاسەر هەر بە خواری هەڵدەکشێ. داری گەورەی ئەو دیاردەیە لە شەڕی ناوخۆدا بوو کە بەر ڕۆحی کوردستان کەوت. دێمۆکراسییەکەی کوردستان بووە چەکدارسالاری. کێ چەکی هەبووایە دەسەڵاتیشی هەبوو. کێ چەکی زۆرتر با، دەسەڵاتیشی زۆرتر بوو.

لەو ناوەدا دیاردەیەک بووە هۆی بەدرەنگکەوتنی پەردەلادان لەسەر قۆناغی پۆست- دێمۆکراسیی کوردستان، ئەو دیاردەیەش دەرکەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆن بوو. لەبەرئەوەی هێزی ئۆپۆزسیۆن لە بەرنامەیدا بوو بچێتە شەڕێکی ناچەکدارییەوە لەگەڵ هێزە چەکدارە باڵادەستەکانی کوردستان، بۆیە دواجار دێمۆکراسی ڕۆڵێکی ستراتیژیکی لە ئەجندای ئۆپۆزسیۆندا پەیدا کردەوە: لەکاتێکدا هێزە باڵادەستەکان تەواوی توانای خۆیان بۆ بەحیزبیکردن، واتە پاوانکردنی حیزبییانەی بوار بە بواری ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان تەرخان کردبوو، ئۆپۆزسیۆن بڕیاری دابوو بەزەبری چەکی "دەنگی گەل"، هاوسەنگیی سیاسی بشێوێنێ و، تواناییە چەکداری و ئابوورییەکانی هێزە باڵادەستەکان رکێف بکات. هەڵبەت دواجار سەری ئۆپۆزسیۆنیش لەبەرد درا و دەرکەوت کە دێمۆکراسی لە گەمەی سیاسیی کوردستاندا پەیڕەوی لە ڕێسایەکی نەنووسراوی بەبڕشت دەکات، ئەویش ئەوەی کە؛ دێمۆکراسی لە کوردستاندا بریتییە لە ڕێوشوێنێک بۆ زاخاودانەوەی مەشروعیەتی هێزە حاکمەکان، بەگوێرەی هاوکێشە هەنووکەییەکان، نەک تێکدانی ئەو هاوکێشانە و دەستاودەستی دەسەڵات. هێزە باڵادەستەکانی کوردستان ئەگەر توانیبێتیان تاکە یەک شت لەماوەی چارەکە سەدەی ڕابردوودا بەجوانی بسەلمێنن، ئەو ڕاستییە بووە کە هەوڵدان بۆ دەستاودەستی دەسەڵات لەڕێی دەنگی جەماوەرەوە شوێن کڵاوی بابردوو کەوتنە.

بەم شێوەیە "دێمۆکراسی" بوو بەو مەخلووقە سەیروسەمەرەی نە کەس خۆی لێ بێبەری دەکا و نە کەسیش حیسابێکی بۆ دەکا؛ نەک هەر هێزە دۆڕاوەکان، بەڵکو هێزە براوەکانیش پێیانوایە دەبێ لایەنەکان بەپێی "سەنگی واقعییان" نرخیان پێ بدرێ! وای لێ هاتووە تەنانەت هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی وەک "گۆڕان"یش، لەسەر زاری یەکێک لە سەرکردە دیارەکانییەوە بڵێ "مەرج نییە ژمارەی کورسی و دەنگەکان گوزارشت لە قورسایی لایەنە سیاسییەکان بکات". ئیتر واز لە هێزێکی وەک "یەکێتی نیشتمانی" بێنە کە هەر پێش هەڵبژاردنەکان، وتەبێژێکی گوتبووی "ئێمە لەگەڵ مەبدەئی هەڵبژاردنین... بەڵام یەکێتی بە دە کورسیشەوە هەر یەکێتییە!". واتە، بەلامانەوە گرینگە کە خەڵک دەنگمان پێ بدا، بەڵام ئەگەر دەنگیشمان پێ نەدرێ، ئێمە مل بۆ لۆژیکی دەستاودەستکردنی دەسەڵات ڕاناکێشین. لەمەشدا حیزبی وەک پارتی و یەکێتی پشتیان بە سێ شت گەرمە: یەکەم چەک و چەکدار، دووەم، قۆرخکردنی سامانە نیشتمانییەکان، سێیەم یادەوەرییەکی مێژوویی پێکهاتوو لە خەباتی شاخ و شەهید و تاد. وەک سەرچاوەی حاکمیەتێکی هەتاهەتایی! ئەگەر لەم حیزبانەی کوردستان بپرسیت: باشە ئەی چۆنە حیزبێکی وەک پارتی سۆسیال دێمۆکراتی سوێد کە ئەندازیاری جوانترین سیستمی چاکژینی (welfare state) ی سکاندیناڤیا و خاوەن مێژینەی سەدساڵەی حیزبی حاکمە، بە یەک دۆڕاندنی هەڵبژاردن، دەستی لە هەنگێزەی دەسەڵات دەبێتەوە، ئەم حیزبانەی ئێمە ڕەنگە هیچ وەڵامێکیان نەبێ جگە لەوەی کە "ئێمە دەبێ واقعبین بین، ئێرە کوردستانە!".

هەڵبەت با واقعبین بین و یەک ڕاستیی تاڵ بیری هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بهێنینەوە: ئەگەر پێوانەی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی گەلی کوردستان بێت، لە دوا هەڵبژاردنی کوردستاندا تێکڕای هێزەکان، بە پارتی دێمۆکراتیشەوە، تامساری شکستێکی قورسی مێژوویان کرد، جا گریمان سەرخۆیانی نەهێنن! لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیی کوردستانەوە تا ئێستا، جارلە دوای جار ڕێژەی بەشداریی دەنگدەران کەم و کەمتر دەبێتەوە. هەڵبەت ئەوەی لە ساڵی 2018 دا تۆمار کرا، ژمارەیەکی پێوانەیی بوو: ڕێژەی بەشداری 44.52%ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، ئەویش سەرەڕای هەموو ساختەکاری و لێزیادکردنێکی دەنگەکان! ئەمەش بێگومان تەنیا ئاماژە بە قەیرانی دێمۆکراسی نییە، بەڵکو هێمایەکی زەقی قەیرانی مەشروعیەتی حیزبەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسیی ئێمەیە. هەڵبەت ئەوە ڕاستە کە زۆربەی دێمۆکراسییە ڕۆژاواییەکانیش لەگەڵ ئەزمەی دێمۆکراسی، واتە نزمیی ڕێژەی دەنگدەران بەرەوڕوون، بەڵام ناشێ سروشتی ئەم قەیرانە لە کوردستان و وڵاتانی ڕۆژاوایی بەتەواوی تێکەڵ بەیەکتری بکەین. لەوێ باس لە تاکگەرایی و ئەزمەی حەکایەتە گەورەکان و ناکارایی پارتە کلاسیکەکانە بۆ وەڵامدانەوە بە پرسە ئاڵۆزەکانی مرۆڤی ئاتۆمیزەبووی ڕۆژاوایی، ئەوە لە کاتێکدا لای ئێمە نە باسێک لە تاکگەراییە و نە باس لە ڕەوینەوەی حەکایەتە گەورەکان، بەپێچەوانەوە هێشتا کۆمەڵگە گیرۆدەی سەرەتاییترین پرسە بەکۆمەڵەکانیەتی. لە دۆخێکی ئەوتۆدا، پارتەکانی ئێمە سادەترین و "شۆڕشگێڕانەترین" ڕێگایان بۆ تێپەڕین لە قەیرانی دێمۆکراسی دۆزیوەتەوە: بازدان بەسەر خودی دێمۆکراسیدا، ئەویش قەڵەمبازێک بەرەو دواوە!

"ئەگەر پێوانەی سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا دەنگی خەڵک بێت، ئەوە لە دوا هەڵبژاردنی کوردستاندا تێکڕای هێزەکان، بە پارتیشەوە، تامساری شکستێکی قورسی مێژوویان کرد"

هەڵبەت دیاردەی پۆست- دێمۆکراسی لە کوردستانی ئەمڕۆدا دەبێ لە دوو هێڵی پێچەوانەدا بخوێنرێتەوە: لەلایەکەوە لەگەڵ ئەو واقیعە ڕووڵەپاشەی سەرەوە بەرەوڕووین کە تێیدا، سیاسەتی کوردی و ئەکتەرەکانی، چ کەمینەی چ زۆرینەی، هیچ حیسابێک بۆ دەنگ و ئیرادەی خەڵک ناکەن و، لە ژێرناوی واقعبینیدا خەریکی بەرهەمهێنانەوەی کارەکتەرەکانی چاخی پێش- دێمۆکراسی و، لە باشترین حاڵەتدا، خەریکی مۆدێرنیزەکردنەوەی نەریتی پێکهاتنی عەشایەرین. لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ ئەو ڕاستییە بەرەوڕووین کە "مسکین" و "ڕەعیەتە" هاوچەرخەکانی کوردەواری، واتە 55.48% ی ڕێژەی بایکۆتکارانی هەڵبژاردنەکان، کە دەکاتە زیاتر لە نیوەی هاووڵاتیان، دەستیان لەو دێمۆکراسییە بێ ناوەڕۆکە شووشتووە. باس لە دیاردەی پۆست- دێمۆکراسی لە کوردستاندا بێ باس لەم زۆرینە حیساب بۆ نەکراوە — ئەویش لە چاخی سۆشیالمیدیادا! — باسێکی پڕ کەمایەسی دەبێ. ئەم زۆرینەیە دەستی لە چارەنووسی خۆی دانەشتووە؛ دەستی لە سیاسەتکردنیش هەڵنەگرتووە. بایکۆتی بەرینی هەڵبژاردنەکان لەم ڕوانگەیەوە، ژێرپرسیارخستنێکی وشیارانەی مەشروعیەتی ئەو حیزبانەیە کە دەنگی خەڵکیان دەوێ، بەبێ ئەوەی حیساب بۆ ئیرادەی خەڵک بکەن. لێرەوە سیاسەت پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە. لە قۆناغی پۆست- دێمۆکراسیدا ئێمە پێویستیمان بە ڕێکخستنەوەیەکی نوێی هێزە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، بە دەرفەتسازیی نوێ بۆ بەشداریی سیاسی، ئەویش لە دەرەوەی بازنەی داخراوی ئەو سیستمە ناکارایەی ئێستا. ئەم وتارە بینکورتە جێی کردنەوەی ئەم باسە نییە، لێرەدا بەسەرداخراوی تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە کوردستان پێویستی بە سیاسەتێکی ئەڵتەرناتیڤە، ئەمەش شتێک نییە ئەندازیارانی ئەو سیستمەی ئێستا و، ئۆپۆزسیۆنێک کە لە هەناوی ئەو سیستمەوە هاتووەتەدەر، بتوانن لێی بەخاوەن دەرکەون..



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# خەمی پارتیتان نەبێ

1

دوای ئەو جێگۆڕکێیەی کە لەناو پارتیدا بۆ پۆستەکانی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کرا، هەندێک لایەن ئەگەرچی بە ڕەسمی پێشوازییان لێکرد، بەڵام لە ژێرەوە خەریکی لێدانەوەی قەوانە کۆنەکانن. ئەو جێگۆڕکێیە وا وێنا دەکرێت کە گوایە نێچیرڤان بارزانی لەلایەن سەرۆک بارزانی مامی (کە بە حوکمی ئەوەی خەزووریەتی دەبێتە باوکیشی) و لەلایەن مەسروور بارزانیی ئامۆزای (کە بەهۆی خەزووریەوە دەبێتە برای)، کودەتایەکی سپی بەسەردا کراوە! تەنانەت دەیانەوێ ڕەگی ئەو گۆڕانکارییانەی ئێستا بە سەردەمی دروستبوونی قیادەی موەقەت و قۆناغی دوای نسکۆشەوە ببەستنەوە لە سەرکردایەتیکردنی پارتیدا!

ئەوەی ڕوویداوە نە کودەتایە و نە ئەوەشە کە پارتییەکان پێی نیگەران بن. گومان لەوەدا نییە کە مەسروور بارزانی و نێچیرڤان بارزانی خاوەنی ڕوانگای جیاوازی سیاسی و میتۆدی کارکردنن، دوو باڵی بەهێزی ناو پارتین، بەڵام هەردووکیان لەژێر ڕابەرایەتیی سەرۆک بارزانیدا کار دەکەن. ئەگەر سەرۆک بارزانی فەرق و جیاوازییەکی لە نێوان ئەو دوو کوڕەی خۆیدا کردبایە، دەبوو ئەمڕۆ نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی نەبووایە! ئەگەر ئەوە کودەتا بووایە، نەدەبوو ئەمڕۆ نێچیرڤان بارزانی جێگەی سەرۆک بارزانی لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا بگرێتەوە! ئەوانەی ئەو سیناریۆیانە دروست دەکەن، زۆر لەوە بێئاگان کە ئەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات، هەر هەمووی بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن بووە، نەک بە موئامەرە و پیلانگێڕی. چونکە لەوە ڕوونتر نییە کە سەرۆک بارزانی دوو کوڕی دیکەی خۆی بۆ سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی و، حوکمڕانیی کوردستان دێنێتە پێشەوە، هەمان ئەو کارەی کە بارزانیی باوک کردی.

بۆ پارتی لە دەرەوەی پێوەرە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هیچ شتێک ئەمری موستەحیلی نییە، ئەمڕۆ دوو بەربژێری بۆ دوو پۆست ڕاگەیاندووە، خۆ ئەگەر نەتوانێ بەو ئاراستەیەی کە خۆی دەیەوێ، سەرۆکایەتیی هەرێم کارا بکاتەوە و حکومەت پێکبێنێت و، نەتوانێت زۆرینەیەکی ڕەها بۆ هەردوو ئامانجەکەی دەستەبەر بکات، ئەوا توانای ئەوەی هەیە سەدوهەشتا پلە بابداتەوە. پارتی دەتوانێ، جارێ وەکو پێشوو سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان وەکو خۆی بەجێبێڵێت و بەربژێریشی بگۆڕێت، ئەو کاتەیە کە هەموو ڕیسەکان دەکاتەوە بە خوری.

## لاهوور، ئەسپی تەڕوادە!

2

ڕەنگبێ کەس بەقەدەر لاهوور و ماڵباتی تاڵەبانی لەو جێگۆڕکێیەی ناو پارتی نیگەران نەبن. لاهوور نیگەرانە چونکە سەرباری ئەوەی کە لە بەرەی پشتیوانانی مەسروور بارزانییە، نەک هیچ پۆستێکی بەرناکەوێت، بگرە لەوەش دەبێ کە هەیەتی. دوو باڵەکەی ناو یەکێتی (کۆسرەت ڕەسوڵ، بەرهەم ساڵح و لاهوور لە لایەک و لە لایەکەی دیکە ماڵباتی تاڵەبانی)، خاوەنی ڕوانگای خۆیانن بەرامبەر ئەو جێگۆڕکێیەی ناو پارتی. باڵی کۆسرەت ڕەسوڵ خۆشحاڵن کە کەسێک دەبێتە سەرۆکوەزیران ڕقی لە ماڵباتی تاڵەبانییە و موجامەلەیان ناکات، هەوڵ دەدەن وەک تاکە مەرجەعی بڕیاری ناو یەکێتی لە دانوستاندنەکاندا بەشدار بن. لە بەرامبەر ئەوەشدا، ماڵی تاڵەبانی بۆ ڕاگرتنی بەلانس و کرێدیتی خۆیان لای ماڵباتی بارزانی، مەلا بەختیاریان هێنایەوە ناو جەبهەبەندیی سیاسی تا بتوانێ پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ماڵباتی تاڵەبانی بێت، چونکە لاهوور پشتی تێکردن.

مەلا بەختیار لە ڕابردوودا سەلماندی کە کەس بەقەدەر ئەو ناتوانێ بەرەنگاری هەژموونی ناوەندی بڕیاری یەکێتی ببێتەوە (بە تایبەت لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ماڵباتی تاڵەبانی) و کەسیش لەو زیاتر لە پارتی نزیک نییە، تەنانەت کاتێک منداڵەکانی تاڵەبانی (کەتنێک) دەکەن، ئەو لای ماڵی بارزانی شەفاعەتیان بۆ دەکات.

پارتی بە هاتنەوەی مەلا بەختیار دڵخۆشە (تەنانەت داواکاریی پارتی بووە لە ماڵباتی تاڵەبانی) و پێیوایە دەتوانێ لەو ڕێگەیەوە سنوورێک بۆ داواکارییەکانی یەکێتی (باڵی کۆسرەت ڕەسوڵ) دابنێت. ئەوەی لەو بەینەدا وەرەقەی سووتاوە، لاهوورە کە بەو پێکهاتەیەی حوکمڕانی لە هەردوو دین دەبێ.

## بێدەنگکردنی گۆڕان

3

گۆڕان ئەمجارەش لە وەزارەتە (سیادییەکان!) داوای وەزارەتی دارایی و سێ وەزارەتی خزمەتگوزاری دەکات. هاوکات داوای یەکێک لە جێگرانی سەرۆکی حکومەت یان سەرۆکی هەرێمیش دەکات. لە ئێستاوەڕا کاندیدای گۆڕان بۆ وەزارەتی دارایی مەعلومە و ڕەنگبێ پارتیش لاریی لەسەر نەبێت. بەڵام ڕەنگبێ گۆڕان هەر دوو وەزارەتی خەدەمی وەربگرێت و لەو دووەش گرنگە گۆڕان داوای ئەو وەزارەتە بکات کە پەیوەستە بە ڕێکخستنی کاروباری هەرێم لەگەڵ بەغدا. ئەگەرچی ئەو وەزارەتە تازەیە پێویستی بە دەرچواندنی یاسا هەیە، بەڵام وەرگرتنی کەیسی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، لە کەرکووکەوە تا نەوت و بودجە، پێویستی بەوە هەیە کە لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوە ببردرێن لە دەرەوەی پارتی و یەکێتی بن.

ئەو دوو کەیسە، دارایی و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بە بەردەوام دەستمایەی کاری سیاسیی گۆڕان بوونە لە هەرێم. لە کابینەی ڕابردوودا ئەگەر دەرفەتێکی بچووک هەبووبێ بۆ هێنانەدی دروشمەکانی گۆڕان، ئەمجارەیان گۆڕان دەتوانێ زیاتر لە جاران ئەسپی خۆی تاو بدات. شکستی گۆڕان لە چارەسەرکردنی ئەو کەیسانە مانای بەتاڵبوونەوەی سیحری بزووتنەوەکەیە بە گشتی و، سەرکەوتنیشی لەو بوارانەدا دەتوانێ ببێ بە داینەمۆی بەردەوامیی بزووتنەوەکە و هەستانەوەی.



سەلاحەدین کۆبان*

# لۆبیی کورد بۆچی لە ئەڵمانیا هێندە لاوازە

زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان کە لەگەڵ هاوکارە کوردەکانمدا گفتوگۆ دەکەم، تێبینی ئەوە دەکەم کە دیاسپۆرای کورد و بە تایبەتی لۆبیی کورد چەندە لاوازە. فۆکەسی ڕێکخراو و کلۆبە کوردییەکان لە ڕادەبەدەر لەسەر ناوچەکانی خۆیانە، بۆ نموونە ئانادۆڵی ڕۆژهەڵات، فیدراسیۆنی باکووری سووریا و حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەو ڕێکخراوانە سیاسەتی نێوخۆی ئەڵمانیایان پشتگوێ خستووە، کەچی چاوەڕێی ئەوەش دەکەن وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگای ئەڵمان بەجدی گوێیان بۆ بگیرێ.

کاتێک بابەتی سیاسەتی ئەڵمانیا دەخرێتە بەرباس، لۆبیستە کوردەکان خۆیان بە پرسی هەناردەی چەکی ئەڵمانیاوە هەڵدەواسن. ئەم جەختکردنەوەیە هیچ بایەخێکی سیاسی نییە. ئەگەر بڕیار بێ ئەڵمانیا سبەینێ ناردنی چەک ڕابگرێ، ئەوە وڵاتانی دیکە هەن دەتوانن ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە بەهۆی پاشەکشێی ئەڵمانیاوە دروست دەبێ.

لۆبیی کورد خۆی وەکو قوربانییەک دەبینێ، کاتێکیش ئەمە ڕوانگەیان بێ، چیدی ناتوانێ وەکو هاوبەشێکی خاوەن پێگەی یەکسان لە گفتوگۆکاندا بەشدار بێ. دەربڕینی وەک "جیهان ڕووی لێ وەرگێڕاوین" هیچ نییە جگە لە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ئێمە قوربانین. ئەو میتۆدانەش کە بۆ ڕاکێشانی سەرنج بۆ لای کۆمەڵگای کوردستان بەکاردەهێنرێن تەواو بێکەڵکن.

وادیارە لای لۆبیی کورد ئەوە گرنگ نەبێ پشتگیری لە چ دۆزێک دەکەن، چونکە ئەوان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو قەیرانێک پشت بە هەمان میتۆد دەبەستن کە خۆی لەم سێ شێوازەدا دەبینێتەوە: خۆپیشاندان، مان لە خواردن، کۆکردنەوەی واژۆ.

ئەم سێ ڕێگەچارە سیاسییە تەواو بێکەڵکن، چونکە لە ئەڵمانیا هیچ هەنگاوێک یان کێشەیەکی سیاسیی نییە کە بە خۆپیشاندان، مانگرتن یان کۆکردنەوەی واژۆ گۆڕانی بەسەردا هاتبێ. لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گەورەترین خۆپیشاندان لە دژی ڕێککەوتنی جووت ڕێچکەیی ئەڵمانیا سازدرا، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو ڕێککەوتنە هەر جێبەجێ کرا، هەرچەندە خۆپیشاندانەکانی کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات (یانیش ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات) لە ساڵی 1989 نموونەیەکی تایبەتن و خاڵێکی وەرچەرخان بوون لە مێژووی ئەڵمانیادا.

ڕاستە ئەمە شتێکی نوێ نییە، بەڵام کورد هەمیشە تەرکیزی لەسەر ژمارەیە: بۆ نموونە چەند خەڵک بەشداری خۆپیشاندانەکە بوون؟ کام ئاڵا بەرزکرابووەوە؟ بەڵام هیچکام لەمانە نامانگەیەنن بە هیچ. سیاسەت شتێک نییە لەسەر شەقامەکان بکرێ، بەڵکو سیاسەت لە ژوورە داخراوەکاندا دەکرێ، بۆیەش کۆمەڵێک گفتوگۆ و مشتومڕ لە باکگراوندی (کۆمەڵگا و سیاسەتی ئەڵمانیادا) بەس نییە، بەڵکو دەبێ پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتکارەکانی دیکەدا دروست بکەن و تەنانەت دەبێ ئامادە بن دەستی یارمەتی ئەوان ڕەتنەکەنەوە.

ساڵی 2015 دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ ئەوەی ئەمەی تێدا بکرێ، کاتێک گەورەترین شەپۆلی کۆچبەران لە مێژوودا ڕوویان لەم وڵاتە کرد. ئەو کات لۆبیستە کوردەکان، کلوبەکان و ڕێکخراوەکان دەیانتوانی زۆر خاڵی پەیوەندی بۆ کۆچبەرە کوردەکان دروست بکەن، یانیش دەیانتوانی جۆرە چوارچێوەیەک بۆ یارمەتیدانی دەمودەستی کۆچبەرە تازە گەیشتووەکان دروست بکەن، بۆ نموونە دەیانتوانی لە بواری وەک ڕاوێژکاری بۆ کۆچبەرە تازە گەیشتووەکان و دابینکردنی وەرگێڕ هاریکار بن، وەک چۆن خاوەن بزنسە کوردەکانیش دەکرا هەلی کاریان پێبدەن. کارسازە کوردەکان دەیانتوانی کۆڕبەند یان کۆمەڵەیەک دروست بکەن و لەگەڵ نوێنەرانی بازرگانی هەموو پارتەکانی ئەڵمانیا پەیوەندی دروست بکەن.

بەڵام زۆر لە ڕێکخراوە و نوێنەرایەتییەکانی کورد لە ئەڵمانیا گیریان بەوە داوە وەک خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ و پارتە کوردییەکانیش پڕوپاگەندە بەمەوە دەکەن. لای ئەوان کۆمەڵە وێنەیەک لەگەڵ سیاسەتکارەکانی حکومەتی ئەڵمانیا زۆر گرنگترە لە لۆبیکردنێکی ڕاست و دروست.

پێویستە گۆڕانکارییەک لە بیرکردنەوەی ئەو ناوەندانەدا ڕووبدات، بۆ ئەوەی ئەم کلوب و ڕێکخراوە و لۆبیستانە بتوانن تێکەڵاوییەکی باشتر لەگەڵ کۆمەڵگای ئەڵمانیا و پەیوەندییەکی نزیکتر لەگەڵ سیاسەتی نێوخۆی ئەڵمانیا دروست بکەن.

وەک نموونەیەک، پێدانی خەڵات بە سێ باشترین خوێندکاری ئەڵمانی - کورد لە کۆتایی ساڵی خوێندندا دەکرێ دەستپێکێکی باش بێ، یانیش ڕێکخستنی سیمیناری جۆراوجۆر و کۆرسی ئاخاوتن، سازدانی ئێوارە کۆڕی ئاڵوگۆڕی زانیاریی سیاسی، هاندانی گەنجان بۆ ئەوەی پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن و هاندانی خوێندکاران بۆ ئەوەی بەشدارییەکی کارایان لە پارتە سیاسییەکانی ئەڵمانیادا هەبێ.

پێویستە لە ڕێگەی پڕۆژەی هاوبەشەوە هانی تێکەڵاوبوونی کوردەکانی ئەڵمانیا بدرێ، لە هەمانکاتدا دەبێ بەرپرسیارێتییەکی سیاسی زیاتریش بگرینە ئەستۆ و تەرکیزمان لەسەر ئەوە بێ لەگەڵیان ڕێککەوتن بکەین. جیا لەمە، لە ڕوانگەیەکی درێژخایەنیشەوە، شتێکی بە سوود دەبێ ئەگەر پشتگیری لە کاندیداکانی هەڵبژاردنی هەرێمی و فیدراڵی بکەین. ئێمە پێویستمان بەوەیە ژمارەیەکی زیاتری نوێنەری کوردمان هەبێ و ئامانجی دوورمەوداشمان دەبێ پێکهێنانی گروپی پەرلەمانیی کوردەکانی ئەڵمانیا بێ.

ئەوە خاڵێکی گرنگە کە لۆبیی کوردی واز لەوە بێنێ هەموو جارێک باسی وڵاتانی دیکە بکات. ئەمە شتێکی ناپرۆفیشناڵە و لەڕووی سیاسیشەوە بەرهەمی نەخوازراوی دەبێ. ئەوان پێویستە تەرکیزیان لەسەر کارەکانی خۆیان بێ.

لۆبیی کورد دەبێ فێری ئەوە بێ کە ئەوان پێویستە پابەندی یاسای ئەڵمانیا بن. پڕوپاگەندەی بێمانا لەدژی دەوڵەتی ئەڵمانیا تەنیا کات بەفیڕۆدانە. لۆبیی کورد دەبێ بزانێ کێ نوێنەری کۆمەڵگاکەی ئەوانە و واز لەوە بێنێ لە ڕوانگەی ڕەش یان سپییەوە باسی سیاسەتی دەرەوە بکات. تەنیا بەم ڕێگەیە دەتوانن بناغەی لۆبییەکی کوردیی بەهێز لە ئەڵمانیا دابنێن.

*سەلاحەدین کۆبان، ئەندامی پارتی یەکێتیی دیموکراتیکی مەسیحییەکانە.. یەکەم کورد بوو کە لە هەڵبژاردنە فیدراڵییەکانی ئەڵمانیا لە 2017 کاندید بێ و ئەندامی گروپێکی ئەڵمانی - ئیسرائیلی و کۆمارییەکانی دەرەوەی وڵاتە لە ئەڵمانیا. بواری سەرەکیی کارکردنی سیاسەتی دەرەوەیە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# کەرکووک ناگەڕێتەوە؟

وەڵامێکی کورتت دەوێ؟ بەو شێوەیەی یەکێتی مامەڵە لەگەڵ دۆسێکەدا دەکات، کەرکووک ڕۆژ بە ڕۆژ دوورتر دەکەوێتەوە لە گەڕانەوە. بۆیە قسەکەی کاکە حەمە کە بۆ پشتیوانی لە ڕێبوار تاڵەبانی کردبووی و گوتبووی بە هێزەوە دەیبەینەوە کەرکووک، هەر وەک قسەی خۆش وەربگرە و هیوای لەسەر هەڵمەچنە.

ساڵێک دەبێت دۆخی کەرکووک بۆ کورد و تەنانەت پێکهاتەکانی دیکەشی لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەڕوات. دەکرا ئەمە ڕێگریی لێبکرێت، بەمەرجێک یەکێتی ئەو مامەڵە هەڵەیەی بە دۆسیەی دانانی پارێزگارێکی نوێوە نەکردبایە. لە دوایین کۆبوونەوەی شاندی باڵایاندا، پارتی جارێکی دیکە بە یەکێتیی گوتووەتەوە دەبێ پەلە بکرێت لە دانانی پارێزگارێکی بێلایەن بۆ کەرکووک کە نوێنەری هەموو کورد بێت، بەڵام یەکێتی وەک جارانی پێشوو ئەو بیرۆکەیەی پێ باش نەبووە و دەیەوێت هەر حیزبی بێت. کێشەکەش ئەوەیە لەنێو یەکێتیشدا هەر ئاراستەیەک دەیەوێ پارێزگارێکی یەکێتیی بەدڵی ئەوان بێت کە بەرژەوەندییە نەوتییەکانیان بپارێزێ. وەک باس دەکەن، وای لێهاتووە بەرهەم ساڵحیش هەوڵ بۆ دانانی پارێزگارێکی نزیک لەخۆی دەدات.

هەموو لایەنە کوردییەکانی کەرکووک بە دانانی پارێزگارێکی بێلایەن ڕازین، تەنیا یەکێتی نەبێت. ئەمەش هەنگاوی دەستپێکردن دەبێ بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و وەدیهاتنی قسە خۆشەکەی کاکە حەمە و مەتڵەبی پارتی کە بریتییە لە گەڕانەوەی سەربەرزانەی پێشمەرگە بۆ کەرکووک. ئەمەش واتە گێڕانەوەی حوکمی مەدەنی و کۆتاییهاتنی حوکمی عەسکەری، کە بەداخەوە بەهۆی خیانەتی شازدەی ئۆکتۆبەرەوە ساڵێک زیاترە سێبەرێکی تاریکی بەسەر شارەکەدا کێشاوە.

ئەو دەستی دەستیکردنە بە دۆسیەی پارێزگاری کەرکووک کاریگەری لەسەر ژیانی بەرپرسانی یەکێتی و حیزبەکانی دیکەش نەکردووە، چونکە زۆرینەیان ماڵەکانیان لە سلێمانی و هەولێرە، بەڵام خەڵکی کەرکووک ڕۆژانە باجەکەی دەدەن. چونکە ئەوەی بەعس بە ساڵان و بە پلان بۆ تەعریبکردنی کەرکووک دەیکرد، ئێستا ڕاکانی پارێزگاری سەپێنراو بە سورعەتی بەرق درێژەی پێدەدات و ئەنجامەکەی ئەوەیە کە خەریکە گوندێکی کوردی نامێنێتەوە. هەموو ڕۆژێک لە گەڕەکێکی کەرکووکەوە هاوار لە ماڵێکی کورد هەڵدەستێ کە هێزە عێراقییەکان بە بیانووی پشکنین بۆ چەک بەسەریاندادون و سووکایەتییان پێدەکەن. کەرکووک هێندە گەندەڵ بووە، پارێزگارێکی سەپێندراو حوکمی دەکات کە خۆی دادگا بەدوایەوەیە و تۆمەتی گەندەڵیی لەسەرە.

ڕاستییەکەی لەو دۆخە نوێیەی لە کەرکووک دروستبووە، جگە لە شیعەکان (بە عەرەب و تورکمانەوە) و بەشێکی کەمی عەرەبی سوننەش، کەسی دیکە ڕازی و دڵخۆش نییە. بەتایبەتیش تورکمانی سوننە کە ساڵانی درێژ ئازایەتییان لەوەدا دەبینییەوە دژایەتیی پارێزگاری کورد و دەسەڵاتی کورد لە کەرکووک بکەن، پاش شازدەی ئۆکتۆبەریش بە ئاڵاکانیانەوە ڕژانە سەرشەقام و شادبوون، ئێستا دەست لە هەرامە درێژتر لە یارییەکە دەرچوون و دڵخۆشییان ئەوەیە باڵیۆزی تورکیا لە بەغداوە بچێ سەرێکیان لێبدات و دوو قسەی خۆشیان بۆ بکات.

کاتی خۆی عەبدولرەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکووک بوو. هەرچەندە لەسەر یەکێتی حیساب بوو، بەڵام وەک پارێزگارێکی بێلایەن ناسرابوو، کۆدەنگییەکی کوردی و عێراقی و هاوپەیمانانیشی لەسەر بوو. ئەو تێبینیی ئەوەی لەسەر بوو کە بۆ سەلماندنی دەستپاکیی خۆی ساڵانە بەشێکی بودجەی کەرکووکی دەناردەوە بەغدا و بە دڵێکی پاکەوە لەجیاتی ئەوەی پڕۆژەی دیکەی لەنێو کەرکووک پێبکات، شانازیی بەوەوە دەکرد بە بەغدا بڵێت: حەیاتم، کەرکووکی دەستبڵاو نین! بەڵام هەرواش بۆ ئەو قۆناخەی کەرکووکی تێدابوو بژارەیەکی باش بوو. بۆ ئەم قۆناخەش و لەپێناوی هێشتنەوەی ئەوەی لەدەست نەچووە، گرنگە یەکێتی لە کەلی شەیتان بێتە خوارەوە و وێنە گەورەکە ببینێت نەک چەند تەنکەرێکی نەوت. بەتایبەتیش گرنگە لەو دۆسییەدا کۆسرەت ڕەسووڵ، کە پار ژمارەیەک پێشمەرگەی لەسەر کەرکووک شەهیدبوون، قسەیەکی یەکلاکەرەوە بکات و نەهێڵێ تەماعی هەندێک سەرکردەی حیزبەکەی بەنرختر بکرێت لە خوێنی پێشمەرگە شەهیدەکانی و دانانی پارێزگارێکی بێلایەن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

RÛDAW



# نەرمین
## حەزی لە کەبابی هەولێرە

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی Tel: 0750 488 56 96 – 0750 486 34 12 | rudaw@rudaw.net

# لە کوردستان چایخانە بەرەو نەمان دەچێ

**ڕووداو- هەولێر**

چایخانەکان لە هەرێمی کوردستان تەنیا شوێنی خواردنەوەی چای نین، بەڵکو هەواڵ و پێشهاتەکان و بیروبۆچوونیان تێدا دەگۆڕدرێتەوە. هەندێکجاریش دابەشبوونە سیاسی، ئابووری و پیشەییەکان لەو چایخانانەدا دەردەکەون. چایخانەکان لەدوای مزگەوت، گەورەترین شوێنی گشتیی خەڵکن و بوون بە بەشێک لە کولتووری کورد. پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ڕاپۆرتێکیدا وای نیشان دەدات کە پەرەسەندنی شارە گەورەکان و پەیدابوونی شوێنی گشتیی نوێ، خەریکە دەبنە هەڕەشە لەسەر مانەوەی چایخانەکان بەم شێوە تەقلیدییەی تا ئێستا باو بووە.

چایخانە یەکێک لەو شوێنانەیە کە بە درێژایی مێژووی نوێ سیمای هاوبەشی ناوچە شاری و گوندییەکانی کوردستان بووە، یەکێک لەو شوێنە گشتییانەشە کە تێیدا یادەوەری خەڵک لەبارەی چەوسانەوە، شۆڕش و سەرکەوتنەکان زیندوو رادەگرێ.

لۆلان مستەفا، بەڕێوەبەری مۆزەخانەی رستن و چنینی هەولێر، بە ناوەندە ئەمریکییەکە دەڵێت: "هەموو گەڕەکێکی هەولێر چایخانەی خۆی هەبوو، بۆ نموونە لە گەڕەکی جوولەکان چایخانەکان بە درێژایی ساڵ چاییان هەبوو، تەنانەت لە ڕەمەزانیش. قەسابەکان چایخانەیان هەبوو، کەوفرۆشەکان چایخانەی خۆیان هەبوو. لە ساڵانی حەفتاکانیشدا چایخانەیەک بۆ چەپەکان و چایخانەیەک بۆ ناسیۆنالیستەکان هەبوو".

چایخانەی مەچکۆ بەناوبانگترین چایخانەی هەولێرە کە تەمەنی نزیک هەشتا ساڵە و لە ساڵانی سەرەتای دامەزراندنیدا شوێنی حەیرانبێژ و گۆرانیبێژەکانی هەولێر بوو. دیوارەکانی چایخانەکەش بە وێنەی ئەو سیاسەتوان و ڕۆشنبیرە کوردانە رازێنراوەتەوە کە سەردانی چایخانەکەیان کردووە.

حەمە، گەنجێکی کوردە، پێی باشترە سەردانی چایخانەی مەچکۆ بکات لەوەی بچێتە کافێ نوێیەکانی شار: "چونکە دانیشتن لێرە سەردەمی زێڕینی کەلەپووری کوردیم بیردەخاتەوە".

بەڵام شەوکەوت ئەمین، دەرهێنەری فیلمی بیرەوەرییەکانی سەر بەرد، بۆچوونێکی دیکەی هەیە و پێیوایە کارگێڕیی مەچکۆ چایخانەکەیان لە ڕێچکەی خۆی لاداوە و لەبری ئەوەی بایەخ بە لایەنە کولتووری و نەریتییەکەی چایخانەکە بدەن، پەرە بە دیوە بازرگانییەکەی دەدەن. شەوکەت بە ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە دەڵێ: "جاران دەمتوانی لە مەچکۆ سیناریۆ بنووسم، بەڵام ئێستا ناتوانم. مەچکۆی ئێستا ڕواڵەتێکە و بەس". کە زیاتر ئامانجی ڕاکێشانی گەشتیارە نەک هونەرمەندان.

چایخانەی شەعب هاوتای چایخانەی مەچکۆیە لە سلێمانی کە تێیدا تەقەی دۆمینە، زرینگەی کەوچک و پیاڵەی چایی و دەنگی مشتومڕی توندی خەڵک، سیمای سەرەکیی چایخانەکەیە. چایخانەی شەعب لە ساڵی 1950 دامەزراوە. بەکر شەریف، کوڕی دامەزرێنەری چایخانەکە دەڵێت: "لێرە ڕۆژانە چاوت بە خەڵکی شار دەکەوێ، لەوانەش سیاسییەکان، ڕۆشنبیرەکان، هونەرمەندان، کرێکاران، کەسانی ئاینی و خەڵکی ئاسایی".

بە گوتەی بەکر، لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، ئیستیخبارات دەیانزانی چایخانەی شەعب: "شوێنی کۆبوونەوە سیاسییە نهێنییەکانە، لە دوای 1975 یش، یەکێتی نیشتمانی چایخانەی شەعبی بە بارەگایەکی نافەرمی خۆی دەزانی".

عومەری برای بەکریش هیچکات ئەو ڕۆژەی بیر ناچێ کە "مولازم موحسین و پیاوەکانی هاتنە ناو چایخانەکەوە و بەدەم هاوارکردنەوە کۆمەڵێک کەسیان لە چایخانەکە بردە دەرەوە و ڕەوانەی ئەمنە سوورەکەیان کردن".

لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق، چایخانەی شەعب بازنەی پەیوەندیی نێوان پێشمەرگە و خەڵکی سلێمانی بووە. عومەر دەڵێت "شەوان پێشمەرگە دەهاتنە ناو شار و مەلزەمەکانیان لێرە دادەنا". لە قۆناغی کۆتایی شەڕەکەشدا شوێنی خۆشاردنەوەی "فیرار"ەکان بووە. بەکر نهۆمی دووەمی چایخانەکەی بۆ ئەوان تەرخان کردبوو.

بەڵام حەشاردانی فیرارەکان بۆ بەکر و براکەی کارێکی ئاسان نەبووە، وەک بەکر باسی دەکات جارێکیان بەعسییەکان هاتبوونە ناو چایخانەکە، داوایان کردبوو بچنە نهۆمی سەرەوە، بەڵام بەکر هەوڵی دابوو ساردیان بکاتەوە: "پێمگوتن سەرەوە پڕە لە زبڵ و کەلوپەل. ئەوەندەم قسە بۆ کردن هەتا ڕۆیشتن".

لەو کاتەدا حەمە عومەر عوسمانی شاعیر ناسراو بە "ژەنەراڵی پاییز" لە نهۆمی سەرەوە خۆی شاردبووەوە. ژەنەراڵی پاییز بە یەکێک لە شاعیرە کاریگەرەکانی ئەدەبیاتی نوێی کوردی دادەنرێ.

عومەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مام جەلال تاڵەبانی، لە ساڵی 2004 پارەی نۆژەنکردنەوەی چایخانەکەی داوە، شێرکۆ بێکەسی شاعیریش هەتا ئەو کاتەی لە 2013 کۆچی دوایی کرد، لە سووچێکی چایخانەکە خەریکی نووسین دەبوو.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، چایخانەکان وەکو زۆربەی شوێنە گشتییە نەریتییەکانی دیکەی کوردستان شوێنی ئافرەتان نین بەو ڕێژەیەی پیاوان ڕوویان تێدەکەن، هەرچەند لە چەند ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاریی بچووک لەو بوارە ڕوویداوە، لە کاتێکدا پێکهاتە سیاسی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگای کوردستان پێشوازی لە بەشدارییەکی بەرفراوانتری ئافرەتان لە کۆمەڵگادا دەکەن.

بەڵام ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی لە ژیانی کوردستاندا ڕوودەدات گۆڕانکاری گەورەش لە پێکهاتەی کولتووری کۆمەڵگادا دروستدەکەن، شەوکەت ئەمین پێیوایە "مۆدێرنیزم خەریکە هەموو شوێنە مێژووییەکان تێکدەدات، تەنانەت مەچکۆش لەبەردەم ئەو تەوژمەدا پارێزراو نییە". لە کاتێکدا زۆربەی خەڵکانی نەوەی نوێی کوردستان کافێ بریقەدارەکان و گازینۆکانی نێرگەلەکێشانیان لە چایخانەکان پێ خۆشترە.



**دەرهێنەرێکی کورد:**
**چیدی مەچکۆ ئیلهامی نووسینی سیناریۆم پێ نابەخشێ**





# مام فارس کۆڵ نادات



**ڕووداو- هەولێر**

مام فارس کە بە بردنەوەی سکاڵایەک لە وەزارەتی بازرگانیی عێراق و کۆمپانیای دانەوێڵەی عێراق بوو بە پاڵەوانی سۆشیاڵمیدیا، دەڵێت ئەگەر حکومەتی عێراق شایستە داراییەکانی جووتیارانی کوردستان نەدات، ئەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان سکاڵا تۆمار دەکات.

فارس حوسێن کە جووتیارێکی کوردە و 19 ملیۆن دیناری لەلای وەزارەتی بازرگانیی عێراقە، نۆ مانگ لەمەوبەر بە هاوکاری و پاڵپشتیی دوو پارێزەری خۆبەخش، سکاڵای لەسەر وەزارەتی بازرگانیی عێراق و کۆمپانیای دانەوێڵەی عێراق تۆمار کرد، دوای 15 دانیشتن، دادگای ڕەسافە لە بەغدا لە بەرژەوەندیی مام فارس بڕیاری دا و وەزارەتی بازرگانی پابەند کرد کە شایستە داراییەکانی مام فارس و سێ جووتیاری دیکەی کورد بدات.

ئەگەر وەزارەتی بازرگانی و حکومەتی عێراق پارەی جووتیارانی هەرێمی کوردستان نەدەن، مام فارس و پارێزەرەکانی ڕێگای دیکە دەگرنەبەر، مام فارس دەڵێت: "ئەوکات وەکالەتی هەموو جووتیارانی هەرێمی کوردستان وەردەگرین و بەخۆبەخشی کاریان بۆ دەکەین، لە دادگای فیدراڵی، ڕێکخراوی فاوی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکانیش سکاڵا لەسەر حکومەتی عێراق و وەزارەتی بازرگانی و کۆمپانیای گەنمی عێراق تۆمار دەکەین".

کەناڵەکانی یەکێتی بڵاویان کردووە کە لەسەر داوای بەرهەم ساڵح، سەرۆک کۆماری عێراق، وەزارەتی بازرگانیی عێراق بڕیاری داوە پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان بدات، بەڵام مام فارس دەڵێت: "چوار ساڵە چاوەڕێی دەسەڵاتدارانین مافی جووتیاران لە حکومەتی عێراق وەربگرنەوە، بەڵام نەیانتوانی. ئێمە ناوی جووتیاری هەرێمی کوردستانمان بەرزکردەوە و حکومەتی عێراقمان ناچار کرد پابەند بێت بە پێدانی مافەکانیان، نەک بەرهەم ساڵح".

4

# کوردێک فێڵبازەکانی سوێد ئاشکرا دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

پزیشکێکی کورد لە سوێد، توانی فێڵێکی گەورەی گۆشتفرۆشەکانی سوێد ئاشکرا بکات و بەو هۆیەشەوە ناسناوی باشترین پزیشکی ڤێترنەری لە سوێد پێدرا.

دکتۆر شوان کەریم کە پزیشکی ڤێترنەرییە و نیشتەجێی شاری ستۆکهۆڵمی سوێدە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کۆتایی هەموو ساڵێک خاوەن پیشەکانی سوید کە باشترین کاریان لەو ساڵەدا کردووە و شوێندەستیان دیار بووە، خەڵات دەکرێن و بۆ ئەمساڵیش من ناوم چووە نێو ئەو لیستەوە، بەوپەڕی شانازییەوە توانیم ناسناوی باشترین پزیشکی ڤێترنەری وەربگرم بۆ ساڵی 2018".



دکتۆر شوان باس لەو کارە دەکات کە بەو هۆیەوە ناسناوەکەی وەرگرتووە و دەڵێت: "لە ساڵی 2016 وە لێکۆڵینەوەم لە دوو کۆمپانیای گەورەی گۆشت کرد، بۆم دەرکەوت فێڵێکی زۆر گەورە لە گۆشتدا دەکەن و گۆشت لە هۆڵەنداوە دەهێنن بۆ سوید، لە هۆڵەنداش کۆمپانیایەکی دیکە لە وڵاتەکانی دیکەی ئەورووپاوە دەیهێنێ، پاشان ئەوان لە سوید بە گۆشتی دەرەجە یەک دەیفرۆشنەوە. بەپێی یاساش ئەو کارە سزای لەسەرە، بەڵام سزاکەی هێندە توند نەبوو کە ڕێگری لە کۆمپانیاکان بکات. دوای لێکۆڵینەوەکەی من، وەزیری کشتوکاڵ هاتە دەنگ، حکومەت پرۆژە یاسایەکی نارد بۆ پەرلەمان و دەنگی لەسەر درا".

شوان کەریم، دەرچووی کۆلێژی پزیشکیی ڤێترنەری زانکۆی سلێمانییە، ساڵی 2003 چووەتە سوێد و لە ساڵی 2007 ـەوە وەک پزیشکی دەوڵەت لە بەشی ئاسایشی خۆراک لە سوید کاردەکات.

# مشکەکانی هیندستان مەشروبخۆرن

**ڕووداو – هەولێر**

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا کە ڕۆژی 2019/12/29 سازی کرد، بەڕێوەبەری پۆلیسی شاری باریلی کە دەکەوێتە بەشی باکووری هەرێمی ئابهیناندان لە هیندستان، ونبوونی هەزار لیتر مەیی دەستبەسەرداگیراوی لە عەمبارەکانیاندا ڕاگەیاند و گوتی کە مشکەکان ئەو بڕە مەیە بە قاچاخ دروستکراوەیان خواردووەتەوە.

لە ئۆپەراسیۆنێکدا، هێزەکانی پۆلیسی شاری باریلی لە ماوەی هەفتەیەکدا دەستیان بەسەر هەزار لیتر مەیدا گرت کە بە قاچاخ لە چەند کارگەیەکی بچووکدا دروستکرابوون. سەرجەمیان لە عەمباردا و لەنێو جلیکانی پلاستیکیدا کۆکردبووەوە، بەڵام لە ماوەی تەنیا دوو ڕۆژدا بەتەواوەتی دیارنەمان.

بەڕێوەبەری پۆلیس بەتەنزەوە گوتی: "عەمبارەکان هیچ ئاویان تێدا نەبووە، مشکەکانیش تینوویان بووە و بەو هۆیەوە هەموو مەیەکەیان خواردووەتەوە".

گوتیشی: "بەدڵنیاییەوە هەڵمەتێکی فراوان لە دژی گرووپی چەتەی مشکەکان دەکەین، سەردەستەکانیان دەستگیر دەکەین و ڕەوانەی دادگایان دەکەین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ڕووداوی هاوشێوە ڕوونەدات".

دیاردەی دروستکردنی مەی بە قاچاخ لە هەرێمی ئابهیناندان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. بەو هۆیەوە چەندین حاڵەتی ژەهراویبوون ڕوویداوە و دوو کەسیش مردوون. لەو هەرێمە مشک زۆرن و لە هەموو شوێنێکدا دەبینرێن.

